ڕۆمان

شەوانی ئێریڤان

کەمال سەعدی

رۆمان

شەوانی ئێریڤان

کەمال سەعدی

هەرێمی کوردستان
٢٠٢٣

١٤ ×٢١ سم
سەعدی، کەمال سەعدی
رۆمانی شەوانی ئێریڤان / کەمال سەعدی/ پێداچوونەوەو رێنووس:
سابیر رەشید / چ١، تاران، (چاپخانەی تاران)، ٢٠٢٣.
١٨٤ لاپەڕە.

ناوی کتێب: شەوانی ئێریڤان
بابەت: رۆمان
دانەر: کەمال سەعدی
دیزاینی ناوەرۆك و بەرگ: سەرباز
پیتچنین: نووسەر خۆی
رێنووس و هەڵەچنی: سابیر رەشید
چاپخانە: تاران
چاپ: چاپی یەکەم، تاران ٢٠٢٣
تیراژ: ٥٠٠ دانە
نرخ: (٤٠٠٠) دینار

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان
ژمارەی سپاردنی (٢٦٦) ساڵی (٢٠٢٣)ی پێدراوە

مافی لەچاپدانەوەی بۆ نووسەر پارێزراوە.

ناوەرۆک

بابەت	لاپەڕە
باغی شار	٦
بەرێکەوتین	٩
بەرەو شارۆچکەی خودا ئافەرین	١٨
ناتاشا	٢٧
Energy Club	٣٣
دەریاچەی سیڤان	٥٠
دلیجان	٥٧
شەوێکی سوور	٦٦
هانرا پتوتیان هوراپیراك	٨١
گۆڕەپانی ئازادی	١٠١
شەوێکی پەمەیی	١١٤
رادیۆی ئێریڤان	١١٩
یانەی شەوانی دیڤا	١٢٥
گەڕاینەوە	١٣٣
بیمارستانی میلاد	١٤٩
کوچەی پلیتەن	١٥٢
مەزاری حەسەن زیرەك	١٧٦
سیڤی نووسەر	١٨٤

باغی شار

ئێــواره بــوو، لەگەڵ ئەمــجەد مەنــدیل لە نــاو بــاخچەکە دانیشتبووم، فەرهاد کە منی بینی، شوێنی خۆی گواستەوە و هاتە لامان دانیشت: ئەو هەرچەندە تەمەنی لە سەرووی حەفتا ساڵیدا بــوو، بەڵام لەگەڵ ئەمەش دا کەسێکی بە زەوق و رۆمانسی ـ بــوو، بەڵام لە بەر ئەوەی لە خانەوادەیەکی دەوڵەمەند بوو، بۆیە ناوە ناوە لە بەر چاو ون دەبوو و گەشتی بۆ دەرەوەی وڵات دەکرد. گوێی لەوە نەبوو ئەو وڵاتەی کە بۆی دەچێت، پێشتر بینیویەتی، یاخود نا، بەلایەوە گرنگ ئەوەیە شوێنی رابواردنی خۆشی لێبێت و پڕبێت لە ژنی جوان. هەرچەند گەشتیاران زیاتر لە وەرزی هاویندا گەشت دەکەن، بەڵام ئەو پێچەوانەی گەشتیاران، کاتێکی دیاریکراوی بۆ گەشتکردن نەبوو. هەر کاتێك ئارەزووی بکردبا گەشتی دەکرد، بە تایبەتی لە مانگی رەمەزاندا گەشتی دەکرد و دەیوت (ئەو شوێنانەی بۆیان دەچم خەڵکەکەی موسڵمان نین و نازانن رۆژوو گرتن چیە، لەوێ ئازاد دەبم).

زەرفێکی بە دەستەوە بوو، بەرزی کردەوە و رووی لە من کرد و وتی: دەزانی ئەم زەرفە چی تێدایە؟

وتم: نازانم چی تێدایە.

دەستی خستە ناو زەرفەکە و هەندێك بازن و ئەنگوستیلە و ملوانکەی لە ناو دەهێنا، دایە دەستم و وتی: ئەو شتانەم کڕیوە، لەگەڵ خۆم دەیانبەم بۆ ئەرمینیان بە دیاری دەیدەمە هاوڕێ ژنەکانم.

زەرفەکەم لێ وەرگرت و سەیری نرخی شتەکانم کردن کە لە سەر پارچە کاغەزێکی بچووك لە سەریان نووسرابوون نرخەکانیان بە یۆرۆ بـــوو، زۆر گـــران بـــوو، پـــێم وت: چـــۆن دڵـــت دێ ئەو دیـــارییە گرانبەهایانەیان بۆ ببەیت؟

بە پێکەنینەوە وتی: وا نیە کە تێی دەگەی.

وتم: ئەدی چۆنە؟

وتی: هـــــاورێیەکم هەیە، لەنــــگەی ئەورووپی دەفرۆشــــێت، هەرجارێك لە ئەورووپا باری بۆ دێت، پێم وتووە ئەم جۆرە شتانەم بۆ دابنێت. بە نـرخێکی زۆر کەم لێی دەکـڕم، لەگەڵ نـرخی شتەکانی سەر عەرەبانەکانی شێخەڵا جیاوازیێکی ئەوتۆی نیە.

منیش وتم: دیارە بە نیازی بەم زوانە گەشت بکەیت؟

وتی: دوێـنێ پاسـپۆرتەکەم دایە کۆمپانیـای پانـدا، بـۆ وەرگـرتنی ڤیزەی ئەرمینیاو دوو بارەی ئێران.

منیش وتم: ڤیزەی ئێران بۆ؟

وتی: ئەمجارە لە ئێرانەوە بە ڕێگای وشکانی دەڕۆمە ئەرمینیا.

وتم: بێزار نابیت ڕێگای دوو وڵات ببڕیت تا دەگەیتە ئەرمینیا؟

وتی: زانیاریم لە سـەر کۆکردۆتەوە، لە مەرزی حـاجی ئۆمەرانەوە تا شاری ئێریڤان دوانزە بۆ سیانزە کاتژمێر دەبێ، حەزدەکەم شارەکانی ئێرانیش ببینم.

ئـێمە لەو قسـانەدا بـووین، نەوزاد دۆخـین و عـیزەدین چـاو حـیز هـــاتن و لامـــان دانیشـــتن. نەوزاد دۆخـــین کە چـــاوی بە بـــازن و

ئەنگوستیلەکان کەوت، رووی لە فەرهاد کرد و پێی وت: دەڵێی بە نیازی گەشتکردنی بۆیە ئەم دیاریانەت کڕیوە؟

فەرهادیش وتی: داوای ڤیزەی ئێران و ئەرمینیام کردووە، بگەڕێتەوە دەڕۆم.

نەوزاد دۆخین کە ئەمەی گوێ لێ بوون رووی لە من کرد و وتی: بۆچی ئێمەش نەچین؟

منیش وتم: دوو مانگ نابێت لە ئەرمینیا گەڕاومەتەوە، بەڵام لە بەر دڵی تۆ دێم.

ئاماژەی بۆ عیزەدین چاو حیز کرد و وتی: عیزەدین چاو حیزیش لەگەڵمان دێت.

منیش وتم: لە ئەرمینیا ئەوم بینی، لەگەڵ هاوڕێیەکی هاتبوو، زۆربەی ئێواران لە مەیدانی کۆماری یەکتریمان دەبینی. پێم خۆشە لەگەڵمان بێت.کە وام وت، عیزەدین چاو حیز وتی: شەرەف مەندم لەگەڵ ئێوە گەشت بکەم.

ئەمجەد مەندیل کە زانی هەر سێکمان گەشت دەکەین و ئەو ماوەیە بە تەنیا دەمێنێتەوە وتی: منیش لەگەڵتان دێم.

ئیتر ئەوەبوو رۆژی دواتر هەر چوارمان چوینە کۆمپانیای پاندا و پاسپۆرتەکانمان دانێ بۆ ئەوەی ڤیزەی ئەرمینیاو دووبارەی ئێرانمان بۆ وەربگرن.

بەڕێکەوتین

دوای ئەوەی ڤـیزەی ئـێرانی بـۆ چـوون و هـاتنەوە و ڤـیزەی ئەرمینیامـان وەرگـرت، بـۆ رۆژی دوایی پـێش رۆژهەڵات چـووینە تەرمینـاڵ و بە پـاسی کۆمپانیـای لاوان چـووینە مەرزی حـاجی ئۆمەران.

هەندێك خواردنی وشك و پێداویستی ترمان لەگەڵ خۆمان برد، تا لەوێ خۆمان خواردن ئامادە بکەین.

پێش ئەوەی بەڕێ بکەوین، تەلەفۆنم بۆ محەمەد کۆسە کرد و پێم وت کە پێش نیوەڕۆ لە مەرز ئامادەبێت. محەمەد کۆسە خەڵکی شـاری خـانێ بـوو، ئۆتـۆمبێلێکی بیجـۆی سـاڵۆنی هەبـوو، لە مەرزی تەمەرچینی ئێرانی ئیشی دەکرد. گەشتیارانی لە مەرز هەڵدەگرت و بۆ شـارەکانی تـری ئـێرانی دەبـردن. لە بەر ناشـیرینییەکەی و بێ مـوویەکەی، شـوفێرەکانی مەرز پێیـان دەوت مـحەمەد کۆسـە، هەندێکیشـیان بە مەیمـون بانگیـان دەکـرد. بەڵام وێـڕای ئەو ناشیرینییەشی کەسێکی ئێسك سووك و خوێن شیرین بوو، بە قسە خۆشەکانی زوو دەچووە ناو دڵان.

کـاتژمێر دەی بەیـانی گەیشـتینە مەرزی حـاجی ئـۆمەران، تـا پاسـپۆرتەکانمان مـۆرکرد و جانتاکانیـان پشـکنین و هەردوو مەرزی حاجی ئۆمەران و مەرزی تەمرچینمان بڕی، کاتژمێر یانزەی لادا.

کە لە هەولێر بەڕێ کەوتبووین، نانی بەیانیمان نەخواردبوو، بە محەمەد کۆسەم وت: کە گەیشتینە شاری ورمێ، لابدە ریستورانتێك، نانی نیوەڕۆ لەوێ دەخۆین.

ئەویش وتی: تا دەگەینە شاری خانێ زۆری نامینێ بۆ نیوەڕۆ، لەوێ لادەدەینە ریستورانتێك، تکەی مریشك و کەبابی باشی هەیە، نانی نیوەڕۆ لەوێ دەخۆین، چونکە تا دەگەینە شاری ورمێ نزیکەی سێ کاتژمێرمان پێ دەچێت.

نەوزاد دۆخینیش بیرۆکەکەی پێ باش بوو، وتی محەمەد راست دەکات، تا دەگەینە ورمێ خۆمان پێ راناگیرێت. باشترە لە خانێ نانەکەمان بخۆین، ئینجا بە ئیسراحەت بۆ سنووری ئەرمینیا بەڕێ بکەوین.

لە محەمەد کۆسەی شوفێرم پرسی وتم: لەگەڵ خۆپیشاندان لە دژی رژێمی ئێران لەچیدان؟

وتی: لەو رۆژەوەی ژینا ئەمینی دانیشتووی شارۆچکەی سەقز لە رێکەوتی ٢٠٢٢/٩/١٣ لە تاران بە بیانووی نەگونجاوی حیجابەکەی لە لایەن پۆلیسی- ئادابی حکومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران دەستبەسەرکرا و بە هۆی ئەشکەنجەو لێدان کەوتە نەخۆشخانە و دوای سێ رۆژ لە رێکەوتی ٢٠٢٢/٩/١٦ لە نەخۆشخانەی کەسرا لە تاران گیانی لە دەستدا، بەو هۆیەوە خەڵکی لە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی ئێران، رژاونەتە سەر شەقام و دروشمی (ژن، ژیان، ئازادی) یان لە دژی رژێم بەرز کردۆتەوە . لەو رۆژەوە تا ئێستا خۆپیشاندانەکان بەردەوامن و پیاوەکانی رژێمیش بە تایبەتی هێزی پاسداران کەوتوونەتە گیانی ئەو خەڵکە و بریندار و کوژراویش هەیە.

منـیش وتـم: ئێـوە چی دەکەن، لە پەرچە کـرداری پیـاوانی رژێـم ناترسێن؟

وتی: من بەش بە حاڵی خۆم لە ترسی شەرەف و نامووسی خۆم، هاوسـەرەکەم و مناڵەکـانم بـردۆتەوە مـاڵی خەزورم و هەموومـان لەوێ کـۆدەبینەوە. ئەگەر رووداوێـکی نەخـوازراویش رووبـدات، بە هەموومان روو بە رووی دەبینەوە.

ئەوەبـوو، بە دەم قسـەکردنەوە گەیشـتینە شـارۆچکەی خـانێ، دوکان و شـوێنە بازرگانییەکان کراوە بوون و نـاو بازاڕ لە قەڵەباڵغیان جمەی دەهات.

بە محەمەد کۆسەی شوفێرم وت: بەر لەوەی بەڕێ بکەوین، لە هەولێر پێیان وتین (چونتان بۆ ئەرمینیا بە ناو خاکی ئێران لەم کات و سـاتەدا شـتێکی بـاش نیـیە، گشـت کەناڵەکـانی راگەیانـدن بـاسی خۆپیشاندانی جەماوەری دەکەن و دەڵێن بارودۆخی ئەمنی ئێران لەو پەڕی خراپیـدایە و لە هەر چرکەیەکـدا دەتەقێـتەوە). کەچی ئەوەی ئێمە دەیبینین، لێرە ژیان ئاساییە و هەر کەسێك خەریکی ئیشوکاری خۆیەتی.

ئەویـش وتی: میـدیاکان هەنـدێك زێـدەڕۆییان تیـا کـردووە، بـارودۆخی ئەمـنی بەو رادەیە خـراپ نـیە، کە ئەوان بـاسی دەکەن، سـەرەتا بە رۆژیـش خۆپیشـاندان دەکرا، بەڵام ئێسـتا تەنهـا بە شـەو خۆپیشاندان دەکرێت.

بەم شێوەیە گەیشـتینە سـەنتەری بازاڕی خـانێ، محەمەد کۆسـە ئۆتـــۆمبێلەکەی لە بەردەم ریســـتورانتێك راگـــرت و وتی: ئەم ریسـتورانتە خـواردنی خـۆشی هەیە، بە تـایبەتی تـکە و کەبـابەکەی وەکو تکەو کەبابی هەولێرە، نانی نیوەڕۆ لێرە دەخۆین و دواتر بەڕێ دەکەوین.

منیش وتم: لێرە بۆ سەر سنووری ئەرمینیا چەند کاتژمێرمان پێ دەچێت؟

وتی: ئەگەر رووداوێکی نەخوازراو نەیەتە پێشمان، دوای شەش کاتژمێری تر دەگەینە جێ.

نانی نیوەڕۆمان خوارد و بەڕێکەوتین. کە گەیشتینە شاری ورمێ، نەچووە ناو شار، بە ناوچەیەکدا رۆیشت، بە گەورەیی لێی نووسرابوو (بلو). نەوزاد دۆخین کە چاوی بە تابلۆی نووسینەکە کەوت، رووی لە محەمەدی شوفێر کرد و پێی وت: چما بە شەقامی بەردەم بلووەوە دەچینە ئەرمینیا؟

ئەویش وتی: دیارە پێشتر هاتوویت بۆ ئێرە؟

وتی: هاوڕێیەکم خانوێکی لێرە هەیە، چەند جارێك منی داوەت کردووە، ئەم شوێنە ژنی چێژ فرۆشی لێیە، جارێك بە تەنیا هاتم، هاوڕێیەکەم لێرە نەبوو، ژوورێکم گرت، خاوەن ماڵەکە لە نهۆمی خوارەوە بوو، ژوورێکی لە نهۆمی سەرەوە پێدام. چەند ژنێکی لە بەر دەست بوو، پێی وتم (ئەقلت کامەیان دەگرێت، بیبە ژووری خۆت و سێکسی لەگەڵ بکە).

منیش وتم: ئەوەی تۆ باسی دەکەیت، لە ئەورووپاش نییە، تەنانەت لە یانەکانی شەوانیشدا ژنە چێژفرۆشەکان لە شوێنی کارکردنیان کاری لەشفرۆشی ناکەن.

ئەویش وتی: تا نەچیت بڕوا ناکەیت، منیش یەکەم جار کە چوومە ئەوێ، سەرم سوڕما، بەڵام دوایی بۆم دەرکەوت ئەو شوێنە رێك وەکو گوندی لوبنانی لای خۆمانە، زۆرێك لە ژنانی ئەو شوێنە خەریکی کاری لەشفرۆشین.

دووری نێوان شاری ورمێ و (سەلماس) حەفتاو پێنج کیلۆ مەتر بوو، بە دەم قسەکردن و گاڵتەو گەپەوە، نەمانزانی ئەو ماوەیە چۆن تەواو بوو، دوای ئەوێ گەیشتینە شارۆچکەی (خوی) ئەو شارۆچکەیەش سی و پێنج کیلۆمەتر لە شاری سەلماسەوە دوور بوو. کە گەیشتینە ئەوێ، شوفێرەکەمان هەناسەیەکی درێژی هەڵکێشاو وتی: نزیکەی دوو ساڵ لەم شارۆچکەیە سەرباز بووم.

منیش وتم: لە شەڕی عێراق و ئێران؟

وتی: من لە تەمەنی ئێوە نیم، کە شەڕی ئێران و عێراق روییدا مێرد منداڵ بووم.

منیش وتم: کە ناوی سەربازیت هات ژنت هێنابوو؟

وتی: چاك بوو ژنم نەبوو، دەنا بۆم زۆر زەحمەت دەبوو.

دوای ئەوە گەیشتینە شارۆچکەی (جلفا) کە چل و دوو کیلۆمەتر لە شارۆچکەی (خوی) دوور بوو. تا گەیشتینە ئەوێ، لە بەر تەسکی شوێنەکە، قاچەکانم رەق ببوون، بە محمەدی شوفێرم وت: ئەگەر دەزانی زۆرمان ماوە بگەینە مەرزەکە، لە شوێنێك رابگرە، هیچ نەبێ ئاوێکی سارد و چایەك بخۆینەوە.

ئەویش وتی: شەست و پێنج کیلۆمەترمان ماوە تا بگەینە مەرزی ئێرانی (خود ئافرین).

نەوزاد دۆخینیش وتی: تا چایەك دەخۆینەوە و پشوێکی کورت دەدەین، بۆ نوێژی عیشا دەگەینە جێ.

محەمەدی شوفێریش وتی: تا دەگەنە شاری (ئێریڤان) کاتژمێر دوانزەی شەو رەت دەبێت.

نەوزاد دۆخینیش رووی لە من کرد و وتی: دەترسم تا دەگەینە (ئێریڤان) شوێنی حەوانەوەمان دەست نەکەوێت.

منیش وتم: شتی وا چۆن دەبێ.

وتی: گوێت لێ نەبوو، کە لەگەڵ جۆرج قسەمان کرد، وتی لە بەر هاتنی بە لێشاوی هاوڵاتیانی رووسی بۆ ئەرمینیا، نرخی شوێنەکانی حەوانەوە گران بووە و بە زەحمەتیش دەست دەکەوێ.

منیش وتم: تۆ بڵێی لە ترسی سەربازی و شەڕی ئۆکرانیا رووسەکان رایان کردبێت؟

وتی: بۆ نا، ئەی لە بیرتە سەربازە کوردەکان لە کاتی شەڕی عێراق و ئێراندا لە سەربازی رایان دەکرد، زۆر کەسیش عێراقیان بەجێ هێشت و لە رێگای ئێران و تورکیاوە چوونە ئەوروپا.

وتم: وایە، ئەو کاتە من سەرباز بووم، کاتێك مەشقمان تەواو کرد و یەکەی سەربازییەکەمان گواسترایەوە بۆ بەرەکانی جەنگ، لە شاری ئەهواز، رامکرد، خۆم و هاوسەرەکەم ویستمان لەگەڵ قاچاغچییەکان بە رێگای تورکیا بچینە ئەوروپا، بەڵام لە نیوەی رێگا پەشیمان بوومەوە و ماوەیەکی زۆر لە گوندەکانی کوردستان مامەوە.

نەوزاد دۆخینیش وتی: ئەوکات من عەریف فەسیل بووم و شوێنم باش بوو، بۆیە بیرم لە راکردن نەدەکردەوە.

من لە تەنیشت شوفێر دانیشتبووم، عیزەدین چاو حیز و ئەمجەد مەندیلم لێ دیار نەبوو، ئاوڕم لە پشتەوەی خۆم دایەوەو وتم: عیزەدین چاو حیز تۆ و ئەمجەد مەندیل بۆ قسەیەك ناکەن؟

هەردووکیان ورتەیان لێوە نەهات.

قسەکەم دووبارە کردەوە، نەوزاد دۆخین وتی: عیزەدین چاو حیز و ئەمجەد مەندیل لە حەوت باری خەودان، ئاگایان لە هیچ نییە.

محەمەدی شوفێریش وتی: بە ئاگایان بێنە، تۆزێکی تر لە جلفا لادەدەینە ریستورانتێك ، پشوێکی کورت دەدین و دەستیش بە ئاو دەگەیەنین.

نەوزاد دۆخینیش بە دەنگی بەرز وتی: لە خەو هەستن پشوو دەدەین.

عیزەدین چاو حیزیش وتی: تەنها چاوەکانم لە سەر یەك دانابوون، خەوم لێ نەکەوتبوو، ئاگام لێ بوو باسی شەڕی عێراق و ئێرانتان دەکرد.

منیش وتم: ئەی بۆ پێت نەوتین ئەوکات تۆ چیت دەکرد؟

وتی: خۆزگەم بەوکاتی، گەنج بووم، لە شاری بەغداد شوفێری تایبەتی موستەشارێکی فەوجی خەفیفە بووم، کۆشکێکی گەورەی لە گەڕەکی زەیوونە هەبوو، زۆربەی کات لەوێ ژیانی بە سەر دەبرد و جاروباریش دەگەڕایەوە گوندەکەی.

منیش وتم: ئەوە یەك گوێم لێ بێت یەکێك خۆزگە بە کاتی شەڕی عێراق و ئێران بخوازێت. شتی وا چۆن دەبێت، خەڵکی بە هۆی ئەو شەڕە نەگریسەماڵیان وێران بوو، هەزاران سەرباز لەو شەڕەدا گیانیان لە دەست دا و کوژران.

بە پێکەنینەوە وتی: وەکو وتم لە گەڕەکی زەیوونە لە ماڵی موستەشارەکەم بووم، پیاوانی ئەو گەڕەکە زۆربەیان ئەفسەر و پلەداری سەربازی بوون، درەنگ دەگەڕانەوە، هەندێکیان ژنەکانیان تەواو نەبوون، چاویان دەگێڕا. منیش ئەوکاتە کوڕێکی قۆز بووم،

وەکو ئێستا دەموچاوم چرچ و لۆچاوی نەبوو، ژنیشم نەهێنابوو، رۆژ نەبوو لەگەڵ ژنێك لەو ژنانە نەخەوم.

منیش وتم: ئەوە لۆیە بەو تەمەنەش داناکەسێیت و هەر خەریکی مێ بازیت.

عیزەدین چاو حیزیش هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا و وتی: خۆزگەم بەو کاتی، وەکو ئێستا نەبووم، بەبێ حەب کێرم هەڵدەستا، جاری وا هەبوو بە رەپێك سێ گانم دەکرد و تەقەی سەرم دەهات.

ئەمجەد مەندیلیش وتی: وەی لەو درۆیەی، ئاژەڵ بە ئاژەڵێتی خۆی کە گانێکی کرد، کێری دەنیشێتەوە و گانی تری پێ ناکرێ. درۆیەك بکە رێی تێ بچێت!

ئەویش وتی: تۆ هەقتە بڕوا نەکەیت، چونکە نەخۆشی شەکرەت هەیە و کێرت لە دەبڵ کوژاوەتەوە.

ئەمجەد مەندیل قسەکانی عیزەدین چاو حیزی پێ خۆش نەبوو، رووی لە من کرد و وتی: ئەگەر لە بەر تۆ نەبا لەگەڵ ئەم عیزەدین چاو حیزە نەدەهاتم.

نەوزاد دۆخینیش وتی: ناوی خوا بێنن، سەڵەوات لێبدەن، ئێمە هاتووین جەوێکی خۆش بگۆڕین خۆ بۆ شەڕ نەهاتووین.

ئەمەی وت و رووی لە محەمەدی شوفێر کرد و پێی وت: تۆ باسی خۆت بۆ نەکردین، ئەوکات چیت دەکرد؟

ئەویش وتی: ئەوکات ناوی سەربازیم نەهاتبوو، شوفێری تراکتۆر بووم، لەو گوندانەی رۆژهەڵات زەویم بۆ خەڵك دەکێڵا و لەگەڵ کیژۆڵان رێکخەم دەکرد.

منیش وتم: ڕێکخە چیە؟

وتی: ماڵتە، چۆن نازانی ڕێکخە چیە؟

نەوزاد دۆخینیش وتی: منیش نازانم.

مـحەمەد کۆسـەش وتی: مەبەسـتم لێخشـاندنە. ئەم دەخسـتە ناوی تەنها بۆم لێدەخشاندن و خۆم پێ ڕەحەت دەکردن.

عیزەدین چاو حیزیش بە پێکەنینەوە وتی: وەزعی من لە تۆ باشتر بوو، من تابنیم بۆ پاڵ دەدان، ئاوەکەشم بۆ تێ دەکردن.

منـیش وتـم: ماڵتـان بە قـوڕ نەگـیرێ، ئێـوە چیتـان کـردووە، ژن و کچتان نەهێشتووە و عەدمتان کردوون.

ئەمەم وت و مـــحەمەدی شـــوفێر ئۆتـــۆمبێلەکەی لە بەردەم ریستورانتێك ڕاگرت و وتی: فەرموون دابەزن، چایەك دەخۆینەوە و دوای پشـوێکی کـورت بەڕێ دەکەویـن. ئەگەر خـودا هـیچ قەزاو بەڵایەکمان بە سەر نەهێنێ، کاتژمێر حەوتی شەو دەگەینە جێ.

بەرەو شارۆچکەی خودا ئافەرین

شــارۆچکەی خــودا ئــافەرین شەســت و پێــنج کیلــۆمەتر لە شارۆچکەی جلفا دوورە و کەوتۆتە سەر سنووری ئەرمینیا.

دوای کاتژمێرێــك گەیشــتینەجێ و چــوینە مەرزی (نــوردوز) ی ئێرانی، چوینە شوێنی پشکنینی جانتاو نیشانکردنی پاسپۆرتەکانمان. لە هەولێرەوە هەندێك زەخیرە و گۆشت و پەنیری قوتوومان لەگەڵ خۆمان هێنابوو، لە شوێنی پشکنینی جانتاکان، کارمەندی پشکنین کە چاوی بە کیسەی برنجەکە کەوت، وتی: نازانن هێنانی زەخیرە قەدەغەیە؟

منیش وتم: تەنها پێنج کیلۆ برنج و دوو کیلۆ ساوارمان بۆ پێداویستی خۆمان لە هەولێرەوە لەگەڵ خۆمان هێناوە.

کیسە برنجەکەی برد و وتی: ئێستا دەتوانن بڕۆن.

عیزەدین چاو حیز زۆر هەوڵی لەگەڵدا کە رازی بکات، بەڵام بێ سوود بوو.

نەوزاد دۆخینیش وتی: ئەو برنجەمان لە هەرێمی کوردستانەوە هێناوە، لە ئێران نەمانکڕیوە، بۆچی لێمان دەگێڕنەوە؟

کارمەندی مەرز زۆر بێباك بوو، هەر وەڵامیشی نەدایەوە.

ئەمــجەد مەنــدیلیش وتی: خۆتــانی لەگەڵ مانــدوو مەکەن، نایداتەوە، چاوی لێیە بۆ خۆی بیبات، پارەیان زۆر بێ نرخ بووە، ژیانیـان قـورس بـووە، ئەوکیسـە بـرنجە بـۆ ئەوان پـارەیەکی زۆر دەکات، بۆیە بردی، دەنا ساواریش ئازووقەیە، چونکە هەرزانە، بەلایەوە نەچوو.

بەم شـێوەیە جانتاکانمـان هەڵگـرت و بەرەو مەرزی ئەرمینیـا بەڕێکەوتین.

لە مەرزی ئەرمینیـــا لە کـــاتی پشـــکنین و نیشـــانکردنی پاســـپۆرتەکانمان، کاتێـك ئەفســـەرەکە چـــاوی بە ڤـــیزەی وڵاتی ئازربایجان کەوت لە ناو پاسپۆرتی عیزەدین چاو حیز، بە توڕەییەوە وتی: بۆچی چوویتە ئازربایجان؟

ئەویش وتی: بۆ گەشتیاری چوومە ئەوێ.

ئەفسـەرەکە گومـانی هەبـوو، بـۆیە سـین و جـیمی لەگەڵ کـرد و بەڕێی نەدەکرد.

کە زانیم خەریکە کێشەمان بۆ دروست بێت، چوومە پێشەوە و پاسپۆرتەکەی خۆمم دایە دەستی و پێم وت: ئێمە هاوڕێی یەکین، بە یەکەوە بـۆ ئازربایجـان رۆیشـتووین، ئـێمە هەقمـان بە سـەر سیاسـەت و نـاکۆکی نێـوان ئێـوە و وڵاتی ئازبایجـان نیـیە، چۆن بـۆ گەشتیاری چووینە ئەوێ، وەهاش بۆ وڵاتی ئێوە هاتووین.

کە وام پـێ وت، قەنـاعەنی بە قسـەکانم هـات و پاسـپۆرتەکانی ئێمەی نیشانکرد و وتی: بەخێربێن بۆ وڵاتەکەمان.

کە چـووینە دەرەوە، عـیزەدین چـاو حـیز پـێی وتـم: بـۆچی پێیـان ناخۆشە بۆ ئازربایجان ڕۆیشتووین؟

وتم: هەردوو وڵاتی ئەرمینیا و ئازربایجـان ماوەیەکی زۆرە شـەڕ و ناکۆکییـان لە سـەر نـاوچەی (نـاگۆرنی قەرەبـاغ) هەیە، هەردوو لا داوای موڵکـدارێتیی دەکەن. ئەرمینیـا بە پاسـاوی ئەوە کە زۆربـوی دانیشتووانەکەی ئەرمەنین، دەیەوێ بیگەڕێنێتەوە سەر وڵاتەکەی، ئازربایجـــانیش بە پاســـاوی ئەوە کە خـــاکەکەی بەشـــێکە لە ئازربایجان، بۆیە داوا دەکات بگەڕێتەوە سەر خاکەکەی.

بەم شـێوەیە، تـاکو ئێسـتا ئەم نـاکۆکیە لە نێـوان هەردوو وڵات کۆتـایی پـێ نەهـاتووە و چەنـدین جـار هـێزی سـەربازییان لە دژی یەکتری جوڵانـدووە و سـەدان سـەربازی یەکترییان کوشـتووە و بەو هۆیەشـــەوە خەڵکـــانێکی زۆری نـــاوچەکە شـــوێنی خۆیـــان بەجێ هێشتووە و هەندێکیان بۆ ئازربایجان کۆچییان کردووە، هەندێکیش بۆ ئەرمینیا.

عیزەدین چاو حیزیش وتی: ئەم دوو وڵاتە کامیان لە سەر هەقن؟

وتـم: ئەوەی مـن بـیزانم، ئەم نـاوچەیە، دەکەوێـتە نـاو خـاکی ئازربایجـــان، زۆریـــنەی دانیشـــتوانی ئەرمەنـــین، بـــۆیە ئەرمینیـــا پشتگیرییان دەکات.ئەویش وتی: ناوەکەی لە چیەوە هاتووە، بۆچی پێی دەڵێن ناگۆڕنی قەرەباغ؟

وتـم: وشـەی نـاگۆڕنی لە زمـانی ڕووسی بە مانـای بەرزاییەکـان دێت، وشەی قەرەباغیش لە زمانی ئازەریدا بە مانای باخچەی ڕەش دێت. بەڵام ئەرمەنیەکان تەفزیلی ناوە ئەرمەنیە کۆنەکەی دەکەن و پێی دەڵێن (ئەرتساخ).

ئەویش وتی: ئەی وشەی ئەرتساخ لە چیەوە هاتووە؟

وتـم: ئەم وشــەیە لە نـاوی یەکەمـین پاشــای ئەرمەنییەکـان (ئەرتاکسـیاس) ی یەکەم سـەرچاوەی گرتـووە، کە لە سـاڵی ١٩٠-١٥٩ پێش زایین، پاشای ئەرمەنیەکان و دامەزرێنەری مەملەکەتی ئەرمینیای گەورەیە.

عیزەدین چاو حیزیش وتی: لە کەیەوە ئەوانە شەڕو ململانێیان لە سەر ئەو ناوچەیە دەست پێ کردووە؟

وتـم: لە سـاڵی ١٩٨٨ پـێش هەڵوەشـانەوەی یەکێـتی سـۆڤێت ئازربایجانیەکان و ئەرمەنییەکان لە سـەر موڵکـدارێتی ئەو نـاوچەیە بەگـژ یەکـدا چـوون و دوای شـەڕو پێکـدادانێکی خوێنـاوی لە سـاڵی ١٩٩٤ ئاگربەسـتیان راگەیانـد، بەڵام تـاکو ئێسـتا نەگەیشـتوونەتە رێککەوتنـێکی کۆتـایی، بـۆیە نـاوە نـاوە بەگـژ یەکـدا دەچـنەوە و هـێز بەرامــبەر یەکــدی دەجــوڵێنن. رەگ و ریشــەی ئەم نــاکۆکییە دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە سەدەیەك، کاتێك ناوچەی ناگۆرنی قەرەباغ مەیدانی کێبڕکێ بوو بۆ سەپاندنی هەژموون لە نێوان ئەرمەنیەکان و ئازەرییە تورکەکان.

کە وام وت، عیزەدین چاو حیز وتی: ئەوە لۆیە کە لە ئازربایجان بووم، خاوەنی شوقەکەمان وتی: (نەکەن سەردانی ناگۆرنی قەرەباغ بـکەن، ئەو نـاوچەیە پـڕە لە مافیـا و چەتە و رێگـر، تـووشی کێشـە دەبن).

منـیش وتـم: کاتێـك گەشـتم بـۆ ئازربایجـان کـرد، لە مەرزی (ئەســتارە) ی ئـێرانەوە بە ئۆتۆمبێـل چــووینە بـاکۆی پـایتەختی ئازربایجان، شوفێرەکەمان پیاوێکی ئەرمەنی بە تەمەنی چەپڕەو بوو، وتی: لـێرەش کـورد هەیەن لە نـاوچەی نـاگۆرنی قەرەبـاغ دەژیـن و زۆربەیــان مافیــاو چەتەن، حکــومەتی ئازربایجــان دەســەڵاتی بە سەریانەوە نییە، وەکو هەرێمەکەی ئێوە خۆیان حوکمڕانی دەکەن)،

منـیش پـێم وت: (ئـێمە لەگەڵ ئەوانـدا جیاوازیمـان هەیە لەگەڵ ئەوان، بە پێی دەستوور مافمان پێ دراوە، ناوچەکەمان هەرێمێکی فیدرالیە لە چوارچێوەی عێراقی فیدراڵدا).

عیزەدین چاو حیزیش وتی: چاك بوو منت لەگەڵ نەبووم، دەنا دەمــو ددانییــان دەشــکاند، چــۆن نامــاقولی دەکــات و دەڵێ ئەو کوردانەی ئەوێ چەتەو مافیان.

کە لە مەرز چـــووینە دەرەوە، لە بەر دەرگــا جۆرجمـــان بیـــنی، چاوەڕوانی ئێمەی دەکرد. من جۆرجم لە گەشتی پێشووم بۆ ئەرمینیا ناسی، پیاوێکی ئەرمەنی بوو، بە رەچەڵەك سووری بوو، خەڵکی شاری عفـرین بـوو، لە دوای شـەڕی نـاوخۆی سـوریا هـاتبوو بـۆ ئەرمینیـا و لەوێ دەژیا.

لەگەڵ جۆرج قسەمان کرد، وتی: بە چل درام کە دەکاتە پەنجا دۆلاری ئەمریکی دەتانبەم بۆ شاری ئێریڤان.

ئەوەبـوو لەگەڵی بەڕێ کەوتـین، لە سـەر زنجـیرە چیـای ئـارارات هـاتینە خـوارەوە، تـا گەیشـتینە شـاری (ئێریڤـان) پـێچە و بەرزی و نزمیمان تـووش هـات. جـۆرج ئاماژەی بە چیای ئارارات کـرد و وتی: ئەم زنجیرە چیایە لە ناو خاکی تورکیاوە دەست پێ دەکات و بە خاکی ئـێران و ئەرمینیـا و ئازربایجانـدا تێـدەپەڕێت. لە تورکیـا بە چیـای (ئاگرێ) نـاوزەد کـراوە، بەرزتـرین لـووتکەی لە نـاو خـاکی تورکیـایە و دەگاتە (٥١٦٥) مەتـر، لە نـاو خـاکی ئەرمینیـاش بەرزیەکەی دەگاتە (٥١٣٧) مەتـر. ئەم زنجیرە چیایە بەوە ناسراوە کە چیایەکی گرکانیی خەولێکەوتـووە و بەفـر دایپۆشـیوە، کەوتۆتە نـاوجەرگەی رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ لە پارێزگای (ئاگرێ) بە دووری شانزە کیلۆمەتر لە سنووری ئێرانەوە و سی و دوو کیلۆمەتریش لە سنووری ئەرمینیاوە.

جۆرج بەردەوام بوو لە باسکردنی چیای ئارارات و وتی: چیای ئارارات پەیوەستە بە چەند ئایینێکەوە، کە بە پێی کتێبی سەرەتای ژیان، کەشتیەکەی نوح لە سەر لووتکەی ئەم چیایە وەستاوە. هەروەها لە نێو ئەرمەنیەکاندا پێگەیەکی بەرزی هەیە، بەو پێیەی لە پێش جەژنی کریسمسەوە پەیوەندی بە نەتەوەی ئەرمەنیەوە هەیەو لە ناو کتێبی پیرۆز ناوی هاتووە. ئەم چیایە هێمای سەرەکی نەتەوەیی ئەرمینیایە و ئەرمەنیەکان بە چیایەکی پیرۆزی دەزانن. لە ئەدەب و هونەری ئەرمەنیدا بە شێوەیەکی بەرچاو دەردەکەوێت. هەروەها ئایکۆنی بیرۆکەی گەورەی ئەرمەنیە لەگەڵ کەشتی نوح کە لە سەر ئاڵای ئەرمەنستان وێنا کراوە.

زنجیرە چیایەکی زۆر بە سام بوو، لە هەندێك شوێن بە ناو هەوردا دەڕۆیشتین، لە بەر تەمومژ هیچ شوێنێکمان لێ دیار نەبوو، دڵمان لەناو دەستمان دابوو، لەوە دەترساین شتێکمان لێ بێت، لە دڵی خۆمدا دەموت (ئەگەر ئەمجارە نەمرین قەت نامرین)، شوفێرەکەمان شارەزاییکی زۆری لە سەر ئەو ڕێگایە هەبوو، بۆیە بە وریاییەوە ئۆتۆمبێلەکەی لێدەخوڕی و شڵەژانی پێوە دیار نەبوو. نزیکەی چوار کاتژمێر بە ناو تەمومژدا تێپەڕین، لە ترسان موچڕکم پێدا دەهات. دوایی تەمومژەکە نەما و وردە وردە ئاسمان ڕۆن بۆوە و بەرچاومان روونالك بوو، دیمەنە جوان و دڵڕفێنەکانی قەدپاڵی زنجیرە چیاکانی ئاراراتمان لێ بە دیار کەوت.

تا گەیشتینە شاری ئێریڤان کاتژمێر دووی سەر لە بەیانی رەتی دا. بەو کاتە درەنگە ئۆتۆمبێل لە شەقامەکاندا دەهاتن و دەچوون، تەنانەت سوپەر مارکێتە گەورەکان و یانەکانی شاوان و کۆفێکانیش ئاوەدان بوون.

بە شوفێرەکەمان وت: ئێمە تەنها دۆلارمان هەڵگرتووە، دەتوانی لە شوێنێك هەندێکمان بە دراوی خۆتان بۆ بگۆڕیتەوە؟

وتی: زۆربەی سـوپەر مارکێتەکـان شـوێنی گـۆڕینەوەی دراویـان تیایە، ئێستا دەتانبەم بۆ سوپەر مارکێتێك و چەندی دەتانەوێ بۆتان دەگۆڕمەوە.

ئەوەبـوو لە سـەر رێگای خـۆی لایـدایە سـوپەرمارکێتێکی گەورە و وتی: لەگەڵم وەرن، لێرە پارەکانتان بگۆڕنەوە.

نەوزاد دۆخینـــیش وتی: حەوت کـــاتژمێر شـــتێك کەمە لەنـــاو ئۆتـۆمبێلین، وەکـو بـت و سـەنەممان لێ هـاتووە، دەڵـێی لە قالـب دراوین، با هەندێك بە ناو سوپەر مارکێتەکەدا بسوڕێینەوە و سەیری کەلوپەلەکان بکەین و هەندێك پێداویستیش بکڕین.

ئەوەبوو دابەزین و لەگەڵ جۆرج چوینە سوپەر مارکێتەکە و هەر یەکێ سێسەد دۆلارمان گۆڕیەوە.

کاتێك پارەکەمان وەرگرتەوە، جۆرجی شـوفێر وتی: پێش ئەوەی رووسیا هێرش بکاتە سەر ئۆکرانیا، سەد دۆلاری ئەمریکی بە پەنجاو سێ درام بـوو، بەڵام لەوەتی هێزەکـانی رووسـیا چـونەتە نـاو خـاکی ئۆکرانیا، نرخی دۆلار دابەزیوە و تەنها چل و یەك درام دەکات.

چاومـان بە شـتومەکەکانی نـاو سـوپەر مـارکێتەکەدا خشـاند، نرخەکانیان زۆر گران بوو، لە چاو شتومەکی لای خۆمان، چـوار تـا پێنج بەرامبەر بوو.

عیزەدین چاو حیز رووی لە نەوزاد دۆخین کرد و وتی: پێم نەوتی لەوێ شت نایەتە کڕین، ئەگەر ئەو بڕە زەخیرە و خواردنی قووتی و چەرەزاتەمـان لەگەڵ خۆمـان نەهێنابـا، دەبـوو ئێســتا دوو ســەد دۆلاری پێ بدەین.

نەوزاد دۆخینیش وتی: ئەگەر بە چاوی خۆم نرخی ئەو کاڵایانەم نەبینیبا، بڕوام نەدەکرد

منیش وتم: نرخی ئەو کاڵایانە لە ئازربایجان لە چاو ئێرە وەکو دیتنەوە وایە، لەبیرتە سەد دۆلارمان دەگۆڕیەوە بە سەد و حەفتا مەنات و هەموو شتێکی پێ دەهات.

نەوزاد دۆخینیش وتی: دە ڕۆژ من و تۆ و کاروان لەوێ ماینەوە، بێ دڵی خۆمان نەکرد، بە کەیفی خۆمان پارەمان خەرج دەکرد و هەموو شەوێکیش خواردن و خواردنەوە و رابواردنمان هەبوو، ئەوجا یەکی هەزار دۆلارمان خەرج کرد.

منیش وتم: بێ قەزابی تۆ دەتوت خەلیفەکانی عوسمانی، هەر شەوی لەگەڵ دوو سێ ژن دەخەوتی، ئەوجا ئەوەندەت خەرج کردووەن من و کاروان تەنها دوو شەو ژنمان هێناو لەگەڵیان خواردمانەوە، کاروان بە دەنگە زوڵاڵەکەی گۆرانی بۆ دەوتین و منیش لەدوای دەموتەوە و ژنەکانیش بە دەم شەڕاب خواردنەوە وە سەمایان بۆ دەکردین.

ئەویش وتی: من تەنها چێژ لە سێکسکردن وەردەگرم، سەیرم بە تۆ دێت، لەگەڵیان دادەنیشیت و دەخۆیتەوە، وەکو توێژەری کۆمەڵایەتی دەیاندوێنیت.

منیش وتم، تۆ بە دوو خولەك کاری خۆتیان لەگەڵ تەواو دەکەیت، بەڵام من نزیکەی سێ کاتژمێر لەگەڵیان دەمێنمەوە و لاپەڕە شاراوەکانی ژیانیشیان پێ هەڵدەدەمەوە.

ئەویش وتی: نهێنی ژیانی ئەوان چ سوودێکی بۆت دەبێت؟

وتم: هەر ژنێك لەوانە، چیرۆکێکی خۆی هەیە، چێژ لە سەربردە و بەسـەرهاتەکانیان وەردەگـرم، نەك جەسـتەیان. ئەو هەزاران کیلۆمەتر ڕێگایە چۆن دەبڕم ئەگەر لە پێناو گوێبیستبوونی ژیانی ئەوان نەبێت. ئەوان دەبنە کەرەستەی ڕۆمانەکانم.

کە وام وت، بە پێکەنیـنەوە وتی: هەق وایە خەرجی ئـێمە هەمووی لە سەر تۆ بێت، چونکە دەزانم من دەکەیتە پاڵەوانی ڕۆمانی داهاتوت و ئەوانیش دەکەیتە کارەکتەر تیایدا.

ناتاشا

دوای ئەوەی پارەمان گۆڕیەوە، شوفێرەکەمان وتی: ئەدرەسی ئەو شوێنەتان لایە کە بۆی دەچن؟

منیش مۆبایلەکەم دەرهێنا و ئەو ئەدرەسەم پیشاندا کە پێشتر لە ناتاشام وەرگرتبوو.

شـوفێرەکەمان وتی: ناتاشـا دەناسـم ژمـارەی مۆبـایلەکەیم لایە، ئەو خاوەنی شوقەکانی (GLENDEL HILZ 17) یە.

ئەمەی وت و بە مۆبـایلەکەی خـۆی پەیوەنـدی پێـوەکرد و پـێی وت: ئـێمە لە ئێریڤـانین، دوای پـانزە خـولەکی تـر دەگەیـنە بەردەم باڵاخانەکە.

ئەمەی وت و رووی لە مــن کــرد، وتی ئەو باڵاخــانەیەی بــۆی دەچین، شوقەکانی نوێن، بۆیە نرخیان لەوانی تر گرانترە.

منـیش وتـم: ئـێمە لە سـەر نـرخەکەی لەگەڵی رێککەوتـووین، کێشەمان نیە.

تا گەیشـتینە جێ، بیرم لای ناتاشا بـوو، لە بیری خۆمـدا دەمـوت (دەبێ ئەو ناتاشایە ژنێکی چۆن بێت، تەمەنی چەند بێت، چۆن بۆتە خاوەنی باڵاخانەیەك لە ناو جەرگەی پایتەختی ئەرمینیا).

کاتێك کە گەیشتینە جێ، ژنێکی باڵابەرزی سوور و سپی، پرچێکی زەردی زێڕین، چاوەکانی شین وەکو ئاوی دەریا، تراکسودێکی پەمەیی خەوتنی لە بەر بوو، لە بەر دەرگای باڵاخانەکە چاوەڕێی دەکردین. کە چاوی بە ئێمە کەوت، دەتوت دە ساڵە دەمانناسێت، بە روێکی خۆش و زمانێکی شیرین پێشوازی لێ کردین و ئێمەی بردە بەردەم باڵاخانەیەك، لە سەر دەرگاکەی نووسرابوو (GLENDEL HILZ 17) و وتی: ئەم ئەدرەسە لە بیر مەکەن، چون بۆ هەر شوێنێك ئەمەتان لابێت، پیشانی هەر شوفێری تاکسیێکی بدەن دەتانهێنێتەوە بۆ ئێرە.

لە تەنیشت دەرگای باڵاخانەکە بۆردێکی ئەلیکترۆنی هەبوو، وەکو ئامێری ژمێریاری وابوو، وتی ئەم بۆردە بچووکە دەبینن؟

وتم: بەڵێ.

وتی: هەر کاتێك یەکێکتان لە بازاڕ گەڕایەوە، دەست لە سەر ژمارە (25 B) دانێن لە ژوورەکەتان زەنگ لێدەدرێت و هاوڕێکەتان دەست دەخاتە سەر دوگمەیەك لە ژێر زەنگەکەوەیە، ئەوکات دەرگاکە بۆ خۆی دەکرێتەوە.

ئەمەی وت و چووینە ژوورەوە، بە سەرخەر بە سەرکەوتین بۆ نهۆمی شەشەم شوقەی ژمارە بیست و پێنج.

وەکو وتم ناتاشا ژنێکی ناسك و نازدار بوو، پێ نەدەچوو هاوسەرگیری کردبێت، مەمکەکانی قیت بوون، شەڕیان لەگەڵ چاوەکانی ئێمە دەکرد، زۆر سەرسام بووم بە جوانییەکەی، چاوم لێ بوو تۆقەمان لەگەڵ بکات، بە بیانووی تۆقەکردن، دەستە نەرم و نۆڵەکانی بگوشم. بەڵام ئەو لێمان نەهاتە پێشەوە، لە دوورەوە راوەستابوو.

دوای ئەوەی دەرگای شوقەکەی بۆ کردینەوە، ئێمەی بە ناو ژوورەکاندا گێڕا و یەك یەك ژوورەکانی پیشان داین و وتی: ئێرە هەموو شتێکی تیایە، وابزانن لە ماڵی خۆتانن، غازی ئێرە بە بۆڕی دابەش کراوە، هەر کاتێك ویستتان بچنە گەرماو لەگەڵ کردنەوەی بەلوعەکە بۆ خۆی دادەگیرسێت و ئاوەکە گەرم دەبێت. هەروەها تەباخەکەش هایدرۆلیکە پێویست بە چەرخ و شقاتە ناکات، دوگمەکەی بسوڕێنن بۆ خۆی دادەگیرسێت.

ئەمەی وت و داوای لێکردین کە مۆبایلەکانمانی بدەینێ تا پاسوۆردی ئەنتەرنێتەکەمان بۆ تۆمار بکات.

وتی: لێرە خزمەتگوزاری ئەنتەرنێت بە خۆڕاییەو هەر کاتێك بێنە ژوورەوە، مۆبایلەکانتان دەچێتە سەر خەت و دەتوانن ئەنتەرنێت بەکار بێنن.

کاتەکەی زۆر درەنگ بوو، کاتژمێر سێی بەیانی بوو، لە خۆشی دیتنی ناتاشا و دەنگە ناسکەکەی، خەومان رەویەوە.

نەوزاد دۆخین ئۆقرەی لێ بڕابوو، سەری هێنا ژێر گوێم و وتی: دەمەوێ دەستم بە سمتی دابێنم و ماچێکی لێ بکەم.

منیش وتم: کارێکی شێتانە نەکەیت، ئەوە شورەییە، کێ دەڵێ ناتاشا لەو ژنانەیە کە جەستەی خۆیان دەفرۆشن.

وتی: ئەم شەو خەوم لێ ناکەوێ ئەگەر دەست لە سمتی نەدەم و ماچی نەکەم.

منیش وتم: با ئابڕومان نەچێت، ئەو ژنە سیمای بە لەشفرۆش ناچێت، خانمێکی بە رێز و خاوەن شکۆ دیارە.

ئەویـــــش وتی: لەو وڵاتە ئەوروپیـــــانە زۆربەی شـــــوقەکان خاوەنەکانیان ژنن، بە لایانەوە ئاساییە داوای رابواردنیان لێ بکەیت.

منیش وتم: ئەو ژنە وەکو پیاو هەڵس و کەوت دەکات، هێندە متمانەی بە خۆی هەیە، بۆیە بەم کاتە درەنگە لەگەڵ چوار زڕتە زەلامی وەك ئێمە راوەستاوە.

ئەویـش وتی: پـێش بڵاوبـوونەوەی ڤـایرۆسی کۆرۆنـا، لەگەڵ عـــیزەدین چـــاو حـــیز چـــوینە وڵاتی ئازربایجـــان، لە شـــاری بـــاکۆ شوقەیەکمان بە کرێ گرت. خاوەنی شوقەکەمان ژنێك بوو، ناوی (ئیرادە) بوو، ئەو لە ناتاشا بە تەمەنتر بوو، بەڵام ئاکاری وەکو ئەو جوان بوو. تا من جانتاکەم بردە ژووری نووستن، عیزەدین چاو حیز ئەوی رازی کردبوو، لە سەر قەنەفەی هۆڵەکە درێژی کردبوو دەیگا.

کە ئەم روداوەی بـــۆم گـــێڕایەوە، پێکەنیـــنم هـــات، رووم لە عیزەدین چاو حیز کرد و پێم وت: ئەوە راستە؟

وتی: ئـیرادە ژنـێکی تەڕ لـووس بـوو، وەکـو ناتاشـا نەبـوو، بە چاوەکانی پیاوی دەڕفاند، بۆیە داوام لێکرد گانم بداتێ.

منـیش بە پێکەنیـنەوە وتـم: ئەی چـۆنە ئێســتا وا بە رێـزەوە بەرامـبەر ناتاشـا راوەسـتاویت و وەکـو ئـیرادە لە سـەر پشـتی درێـژ ناکەیت؟

وتی: ئەو چیرۆکە سێ ساڵ پێش ئێستا بوو، ئەوکات بە بێ حەبی هەوەس دەپەڕیم، بەڵام ئێسـتا توانـای سێکسـیم لاواز بـووە، دەبێ یەك کاتژمێر پێشتر حەبی هەوەس بخۆم ئەوجا کێرم هەڵدەستێ.

منیش وتم: ئەی بۆ نەوزاد دۆخین حەبیشی. نەخواردووە وا هار بووە؟

وتی: نەوزاد دۆخـــین دە ســاڵ لە مــن بچــووکترە، چــۆن بەو نێرەکەرە بەراورد دەکرێم.

لە بەر ئەو قسانە ئاگامان لە ناتاشا نەمابوو، ئەویش لە زمانی ئێمە تێنەدەگەیشت، نەیدەزانی چی دەڵێین و باسی چی دەکەین، هەروای دەزانی باسی باشی و خراپی شووقەکە دەکەین، بۆیە بەرامبەرمان بە بێ دەنگی وەستابوو، چاوەڕێی ئەوەی دەکرد پارەکەی بدەینێ و بڕوات.

ئەمجەد مەندیلیش وتی: برایان زیاتر ناتاشا رامەگرن، واز لەو قسە پڕوپووچانە بێنن، با پارەکەی بدەینێ و بە رێی بکەین، گوناهە زۆر خەوی دێ.

نەوزاد دۆخینیش وتی: با گەرماوەکەم پیشاندا، من لەگەڵی دەچم تەماشا دەکەم، نەوەك شتێکی ناتەواو بێت و پەکمان بکەوێت.

نەمزانی نەوزاد دۆخین چی لە ژێر سەردایە و بۆچی وا دەڵێ، ئەوە بوو رووی لە ناتاشا کرد و داوای لێ کرد کە لەگەڵی بچێتە گەرماوەکە و پیشانی بدات.

ناتاشاش بە پێشی کەوت و بە یەکەوە چوونە گەرماوەکە. ئێمەش لە هۆڵەکە راوەستابووین، لە ناکاو ناتاشا دەنگی لە سەر نەوزاد دۆخین بەرز کردەوە و بە زمانی ئینگلیزی پێی وت: عەیب ناکەیت دەستم بۆ درێژ دەکەیت، من لەو ژنانە نیم کە تۆ دەتەوێ، ژنێکی خێزاندارم و پیاوی خۆم هەیە، تکایە جارێکی تر ئەم هەڵس و کەوتە دووبارە نەکەیتەوە.

ئەوەی راستی بێت، منیش لە نەوزاد دۆخین خراپتر بۆ ناتاشا لێدرابووم، زۆر سەرسام بووم بە جوانییەکەی، دەتوت شەنگە

بیـیە، بە لارو لەنـجە دەجـولایەوە، پـرچە زەردە زێـڕینەکەی وەکـو لقەکانی شەنگەبی بەسەر سمتیدا هاتبووە خوارێ.

پاش ئەوەی پارەی حەفتەیەك مانەوەمان پێی دا، نامەیەکم بە زمانی عەرەب نووسی و بە بەرنامەی گۆگڵ ترانسلێتەر بۆیم وەرگێڕایە سەر زمانی ئینگلیزی، داوام لێی کرد ئەگەر لاری نەبێت ئێوارەیەك دەعوەتمان بێت و شەڕابمان لەگەڵ بخواتەوە.

کە نـامەکەی خوێنـدەوە وتی: مـن زۆر مانـدووم، بە ڕۆژ کـار دەکەم، بێ لە سەرپەرشـتی ئەم باڵاخـانەیە، تاکسـیم هەیە، ئەگەر ویستتان بچنە شوێنێك، تەلەفۆنم بۆ بکەن، لاتان ئامادە دەبم و بۆ کوێ بتانەوێ دەتانبەم.

سـەبارەت بە دەعـوەتەکەش، ڕووی تێکـردم و وتی: سوپاسـت دەکەم بۆ ئەم دەعوەتە، ناتوانم لێرە لەگەڵتان دابنیشم و مەشروب بخـۆمەوە، بەڵام لە بەر دڵی تـۆ ئەگەر ویسـتت تەلەفـۆنم بـۆ بـکە لەگەڵت دێمە یانەی دیسکۆ، لێرە یانەی دیسکۆی خۆشی لێیە، بە یەکەوە دەچـین، هەوایەك دەگـۆڕین، لەگەڵـت سـەما دەکەم و دەشخۆمەوە.

Energy Club

ئێوارەی رۆژی دووەم لە گەشتەکەمان، تەلەفۆنم بۆ ناتاشا کرد و پێم وت: ئەمشەو کاتت هەیە لەگەڵمان بێیتە دیسکۆ؟

وتی: یانەی دیسکۆ کاتژمێر دەی شەو دەکرێتەوە، کە خۆتان ئامادە کرد زەنگم بۆ لێدەن لاتان ئامادە دەبم و دەتانبەم بۆ ئینێرجی کلاب، یانەیەکی خۆشی ئێرانیە، لە شوێنی دانیشتنیشتان نزیکە.

منیش وتم: تۆ دەعوەتی منیت، بە یەکەوە بیرە دەخۆینەوە.

وتی: بە یەکەوە سەماش دەکەین.

منیش وتم: من سەما نازانم.

وتی: زۆر ئاسانە فێرت دەکەم، لەوێ کچی جوانی زۆری لێیە، بە ئیشارەتێکی من هەموویان دەستت دەگرن و دەتبەنە سەر ستێج و لێناگەڕێن دابنیشیت.

عیزەدین چاو حیز لە نزیك من لە سەر قەنەفەیەك پاڵ کەوتبوو، کە گوێی لە قسەکانمان بوو، وتی: بۆچی لەگەڵ ئەو دەچن، پارەیەکی زۆرتان دەچێت، لەوانەیە مەشروبێکی زۆر بخواتەوە، ئەو کچە سەماکەرانەش بە خۆڕایی لەگەڵتان دانانیشن.

منیش وتم: خۆ ورگی تانکی ئاو نیە ئەوەندەی تێکات، زۆر زۆر دوو بتڵ، یان سێ بتڵ بیرە دەخواتەوە، یان بتڵێك شەراب دەخواتەوە.

ئەویش وتی: ئەگەر وابێت باشە.

منیش وتم: بۆچی تۆش لەگەڵمان نایەیت؟

وتی: من شەوان زوو دەخەوم، ئەگەر تا کاتژمێر هەشت و نیو نەخەوم تەندروستیم تێك دەچێت، بۆیە ناتوانم لەگەڵتان بێم، ئێوە بڕۆن کلیلی دەرگاش لەگەڵ خۆتان ببەن، بۆ ئەوەی کە گەڕانەوە لە خەو هەڵمنەستێنن و خۆتان دەرگاکە بکەنەوە.

نەوزاد دۆخینیش وتی: ئەمجەد مەندیلیش لەگەڵمان نایەت، لێرە دەمێنێتەوە.

ئەویش وتی: بۆچی نایەت، خۆ وەکو من شەو زوو ناخەوێت.

نەوزاد دۆخینیش وتی: لە خۆی بپرسە بۆچی نایەت.

ئەمجەد مەندیل مۆبایلەکەی بە دەستەوە بوو سەیری تیکتۆکی دەکرد، کە گوێی لە قسەکان بوو، وتی: من نایەمە شوێنی وا، تاقەتی ئەو کچە سەماکەرانەم نییە وەکو مەڕ بمدۆشن.

نەوزاد دۆخینیش وتی: مادام ئێوە لەگەڵمان نایەن، تا ناتاشا دێتە دوامان و دەمانباتە دیسکۆ، با مێزەکە بڕازێنینەوە و بە یەکەوە بیرە بخۆینەوە.

ئەمجەد مەندیلیش وتی: من بیرە ناخۆمەوە.

نەوزاد دۆخینیش وتی: لەگەڵمان دانیشە، تەنها زەڵاتە و فستق بخۆ.

ئەویش بە پێکەنینەوە وتی: قەیناکات لە بەر خاتری ئێوە دەشخۆمەوە.

منیش وتم: ئەوە بە راستیتە، لە کەیەوە دەخۆیتەوە؟

وتی: خراپ تێ مەگەن، مەبەستم ئێچ توو ئۆ یە.

عیزەدین چاو حیزیش بە پێکەنینەوە وتی: مادام ئێچ توو ئۆمان لەگەڵ دەخۆیتەوە، هەستە با بەیەکەوە مێزەکە ئامادە بکەین.

ئەویش وتی: ئێوە بیرە و شەراب دەخۆنەوە، خۆتان ئامادەی بکەن، من دەستی نادەمێ، گوناهبار دەبم.

عیزەدین چاو حیزیش وتی: مادام وایە لەگەڵمان مەیە سەر مێز با بە هۆی ئێمەوە گوناهبار نەبیت، بڕۆ ژووری خۆت تەسبیحات بکە.

ئەمەی وت و هەندێك بتڵ بیرەی لە ناو سارد کەرەوەکە دەرهێنا و لە سەر مێزەکە دانا، هەندێك خیار و تەماتەشی هێنا و کردیە زەڵاتە و سێ هەناریش هێنا وتی: ئەم هەنارانە بکەمە دنك، یان هەروا لێی گەڕێم؟

منیش وتم: پێویست ناکات خۆتی پێ ماندوو بکەیت، ئێمە خۆمان دەیکەینە دنك.

بەم شێوەیە دوای ئەوەی مێزەکەمان رازاندەوە، بە یەکەوە سەری خۆمان گەرم کرد، من و عیزەدین چاو حیز هەریەکەمان

بتڵێـك بیرەمـان خـواردەوە، بەڵام نەوزاد دۆخـین دوو بتـڵ بـیرەی خواردەوە.

بیرەکە خۆماڵی بوو، تام و چێژی لە لە بیرەی ساڵانی هەشتاکانی لای خۆمان دەکرد، بەڵام بتڵی ئەوان یەك لیتری بوو، دوو بە قەدەر بتڵی فەریدە بوو.

بە عیزەدین چاو حیزم وت: مەشروب خواردنەوە وانابێت، تۆ لە ناو تورکمانان گەورە بوویت، قۆریاتێکمان بۆ بڵێ.

ئەویـش وتی: خـۆزگە دەمـزانی، لە ئێـوە زیـاتر حەزم لێیە، نەوزاد دۆخـین بـا بـیڵێ، مـاوەیەکی زۆر دوکـانی ڤیـدیۆی هەبـووە، گـۆرانی نەماوە گوێی لێ نەبووبێت.

نەوزاد دۆخینـــیش رووی لە مــــن کــــرد و وتی: لە بــــیرتە لە گەشـتەکەمان بـۆ ئازبایجـان مـن و تـۆ نەمانـدەزانی گـۆرانی بڵێـین، کاروان بە دەنگە زوڵاڵەکەی دانیشتنی شەوانی بۆ خۆش دەکردین و قۆریاتی بۆ دەوتین.

منیش وتم: یەکەم جار بوو ئەوم ناسی، پیاوێکی مەرد و دڵساف و خـوێن شـیرین بـوو، هەرچەند پێشـتر لە رادیـۆ و تیڤییەکان گوێم لە گۆرانیەکانی بـوو بـوو، بەڵام لە نـزیکەوە بە خـزمەتی نەگەیشـتبووم. بەڵام ئەفسـوس قەدەر رێگەی نەدا سەفەرێکی تری لەگەڵدا بکەم و خودا بۆ لای خۆی بردیەوە.

عیزەدین چاو حیزیش وتی: خوا لێی خۆشبێ، ئەوە ژیانە، کەس تا هەتایە ناژیت، گرنگ ئەوەیە خەڵك لێت رازی بێت.

نەوزاد دۆخینـیش رووی لە مـن کـرد و وتی: ئەم عـیزەدین چـاو حیزە لە هەزار ئاوی داوە و قاچی تەڕ نەبووە، با هەندێك سەربردەی

خۆیمـان بـۆ بگێڕێـتەوەن لە هەرەتی گەنجێتیـدا چی کـردووە و چـۆن ژیانی بە سەر بردووە.

عــیزەدین چــاو حــیزیش وتی: بە هــۆی ئەو موستەشــارەی کە شـوفێری بـووم، کەسـانێکی دەستڕۆیشـتووی زۆرم نـاسی، بە تـایبەتی بەرپرسـانی سـەر بە دەزگای ئەمـنی و حیزبی.بـۆیە هێنـدەی نەبـرد لە وەزیـفەیەکی حکـومی بە شــوفێری دامەزرام و لە ســەر راســپاردەی بەڕێــوەبەری ئەمــنی شــاری هەولــێر بــوومە شــوفێری ســەرۆکی ئەنجوومەنی یاسادانان و ماوەیەك لەگەڵ ئەو مامەوە. دواتر هەر لە سـەر راسـپاردەی بەڕێـوەبەری ئەمـن گواسـترامەوە بـۆ سـەرۆکایەتی ئەنجــوومەنی تەنفـیزی و بــوومە شــوفێری ســەرۆکی ئەنجــوومەنی تەنفیزی.

منـیش وتـم: بە حـوکمی شـوێنی کارکردنـت و نزیکیت لەو کەسـە گەورانە، لەوانەیە نهێنییەکی زۆری ژیانی تایبەتی ئەوانت لا بێت.

وتی: سەرۆکی ئەنجوومەنی یاسادانانی لێ دەرچێت، ئەوانی تر کە کـارم لەگەڵ کـردوون هەر هەمـوویـان ژن و کچەکانیـان حـیز بـوون، کوڕەکانیشـیان بە منداڵی فێری جگەرە کێشـان و مەی خـواردنەوە و رەفتاری ناشیرین بوون.

منـیش وتـم: ژنی یەکێك لە سـەرۆکەکانی ئەنجـوومەنی تەنفـیزی قسەی لە سەر بوو، بەڵام نازانم تا چەند راست بوو.

وتی: خـۆزگە هەر قسـە بـا، بە ئاشـکرا گـانی دەدایە بەرپرسـەکانی ئەمن، پیاوەکەشی پێی دەزانی و بۆ بەرژەوەندی خۆی، خۆی لێ گێل دەکرد.

منــیش وتــم: هەر چــوار ســاڵ جارێــك ســەرۆکی ئەنجــوومەنی تەنفیزی دەگۆڕا، مەبەستت کامیانە؟

وتی: تەنها لەگەڵ دووانیان کارم کردووە، ئەوانیش هەردووکیان ژنەکانیان حیزبوون. یەکێك لەوانە، پێش ئەوەی ژنەکەی بهێنێت، دەستی لەگەڵ پارێزگاری شاری سلێمانی تێکەڵاو کردبوو، هەر زوو کچێنی خۆی لە دەست دابوو، کە هاوسەرگیری لەگەڵ سەرۆکی ئەنجوومەنی تەنفیزی دەکات، تا ماوەیەك بەردەوام دەبێت لە داوێن پیسییەکەی.

منیش وتم: ماڵی ئەوان لە هەولێر و ماڵی پارێزگار لە سلێمانی، شتی وا چۆن دەبێ!

وتی: دواتر پارێزگاری سلێمانی گوێزرایەوە بۆ شاری هەولێر و لێرە بووە پارێزگار و بەمەش کارەکەیان ئاسان بوو.

منیش وتم: تۆ چۆن بەمەت زانی؟

وتی: هەموو کارمەندانی ئەنجوومەن و تەنانەت زۆر کەسی تریش بەو پەیوەندیە سۆزدارییەی نێوان ژنی سەرۆکی ئەنجوومەنی تەنفیزی و پارێزگاریان زانی.

منیش وتم: چۆن؟

وتی: سەرۆکی ئەنجوومەنی تەنفیزی دوو ژنی هەبوو، کاتێك منداڵەکانی ژنی یەکەمی بە چیرۆکی خیانەتی زڕ دایکیان زانی، سیخوڕییان بە سەر دا کرد و ئەو گرتە ڤیدیۆییەیان دەستکەوت کە باوکیان لەگەڵ ژنە نوێیەکەی لە گەرماو بە یەکەوە گرتوویانە و تیایدا ژنەکەی لە بەردەم کامێرا دان بەوەدا دەنێت کە کاتێك گەنج بووە پەیوەندی سۆزداری و سێکسی لەگەڵ پارێزگاری سلێمانی هەبووە و چەند جارێکیش هەوڵی داوە خۆی دوور بخاتەوە و کۆتایی بەو پەیوەندییە نا شەرعییە بهێنێت، بەڵام پارێزگاری سلێمانی

لە ڕێگای دەسەڵاتی خۆیەوە فشاری خستۆتە سەری و نەیهێشتووە لێی دوور بکەوێتەوە.

منیش وتم: تۆ ئەم گرتە ڤیدیۆیەت بینیوە؟

وتی: دەزانی تۆ زۆر فەقیر حاڵی، دەڵێی لەم شارە نەژیاویت، ناکات بڵێی نەم بینیوە؟

منیش وتم: لێت ناشارمەوە، ئەوکات من کارمەندی ئەمینداریێتی گشتی شارەوانی و هاوینەهەوارەکان بووم، کە گوێم لێ بوو، بڕوام نەکرد. چۆن پیاوێك هەندە بێ حورمەت دەبێ، بزانێت ژنەکەی حیزە و لە بەر دەمیدا دان بە داوێن پیسی خۆیدا بنێت کەچی دەستی لێ بەر نەدات و لەگەڵی بژیت.

ئەویش وتی: ناڵێم هەموویان، بەڵام زۆربەی ئەو بەرپرسانەی کە کارم لەگەڵ کردوونن گەواد و ژن حیز بوون، خۆیان لە گێلی دەدا. دەزانی بۆ؟

وتم: بۆچی؟

وتی: چونکە لە ڕێگەی ژنەکانیانەوە دەچوونە پێشەوە.

منیش وتم: کە گرتە ڤیدیۆکەی نێوان سەرۆکی ئەنجوومەنی تەنفیزی و ژنەکەی بڵاو بۆوە، چی ڕوویدا؟

وتی: حکومەت سەرۆکی ئەنجوومەنی تەنفیزی لە پۆستەکەی بەخشی. و پلەیەکی تر بەرزی کردەوە و وەك ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بۆ شاری بەغداد گوێزرایەوە.

منیش وتم: تۆش لەگەڵی نەچویت؟

وتی: گەیانـدمە شـاری بەغـداد و چەنـد ڕۆژێـك لەوێ لەگەڵی مامەوە، بەڵام دوایی گەڕامەوە شاری هەولێر و ئامادە نەبووم لەوێ کاری لەگەڵ بکەم.

ئێمە لەو قسانەدا بووین، زەنگی دەرگا لێیدا، کە سەیری کاتژمێرم کـرد، کات دەی شـەو بـوو، وتـم: چەنـد بە خـێرایی کات ڕۆیشـت، لەوانەیە ناتاشـا بێـت، ئـێمەش خۆمـان ئامـادە نەکـردووە. ئەوەبـوو چـووم دوگمە کەم داگـرت، ناتاشـا لە بڵنگـۆیەکە وتی: لە خـوارەوە چاوەڕێتان دەکەم ئامادەبن.

لە خوارەوە چاوەڕێتان دەکەم ئامادەبن.

بە خێرایی خۆمان گۆڕی و لەگەڵ نەوزاد دۆخین چوینە خوارەوە. ناتاشـــا لەگەڵ ژنێـــك لە بەر دەرگـــای باڵاخـــانەکە لە تەنیشـــت تەکسـیێك ڕاوەسـتابوون. دوای سـڵاوکردن، ناتاشـا ئێمەی بە ژنەکە ناسـاند وتی: ئەم خـاتوونە نـاوی (Anul) یە، مـن هەنـدێك کارم بـۆ پەیـدا بـووە، نـاتوانم لەگەڵتـان بـێم، ئەو لە جیـاتی مـن لەگەڵتـان دەبێت، هیوادارم بە دڵتان بێت.

(Anul) ژنێکی ژنێکی باڵا بەرز و خـڕو و چـاو جـوان بـوو، لە ژنی ئەرمەنی نەدەچـــوو، لەشـــولارێکی ڕێـــك وپـــێکی هەبـــوو، وەکـــو وەرزشـەوانەکان قۆڵ و باسکی توند و تۆڵ بوو، تیشێرتێکی پەمەیی و پـانتۆڵێکی تەسـکی ڕەشی لە بەر بـوو، پـارچە شـاڵێکی ڕەشی بەسـەر شـانیدا دابـوو، هەنـدە جـوان بـوو، دەتـوت ماسـییە. هەرچەنـد مـن حەزم دەکـرد لەگەڵ ناتاشـا ئەو شـەوە پەمەیـیە بەیەکەوە لە یـانەی شەوان بەسەر ببەین، بەڵام لە بەر چوانیەکەی دەنگم نەکرد.

لەگەڵ خـاتوو (Anul) سـواری تەکسـیەکە بـووین و ڕۆیشـتین. دوای دە خـولەك شـوفێری تەکسـیەکە لە بەردەم یـانەیەی شـەوانی

(Energy Club) رایگرت و وتی: ئەم یانەی شەوانە، بە یانەی شەوانیی ئێرانی ناسراوە، چونکە زیاتر گۆرانی و موزیکی ئێرانی تیا لێ دەدرێت و یەکێکیشە لە خۆشترین یانەکانی شەوان لە ئێریڤان.

کە چووین یانەکە تازە کرابۆوە، تەنها ئێمە و کارمەندەکانی یانەکەی لێ بووین، بەڵام دوایی وردە وردە خەڵک هات و کورسییەکانی پڕ بوون. خاتو (Anul) لە تەنیشت من دانیشت و ئەو پارچە شاڵە لە سەر شانی بوو، هێنایە خوارەوە و لەشە سپی و تەنکەکەی بە نیمچە رووتی بەدیار کەوت، سوخمەیەکی پەمەیی خانە خانەی تەنکی لەبەر بوو، مەمکە بچۆڵانە خنجیلانەکەی، لەبەر سپی و تەنکییان، لە ناوە سوخمەکەی وەکو زیو دەتریسکایەوە. ئەو تیشێرتەی لەبەری بوو، لەبەر کورتییان هەموو زگی دانەپۆشیی بوو، وەکو ژنە هیندییەکان چوار پەنجە لەسەر ناوکی و تا سەر لێواری قوزە خڕ و پڕەکەی رووت بوو. دەستێکم خستبووە سەر سمتی و دەستەکەی تریشم خستبووە سەر شانی و ناوە ناوەش شۆڕم دەکردەوە ناو سینە و مەمکەکانی و بە نەرمی دەمگوشین.

مەیگێڕەکانی ئەوێ، هەموویان کچ بوون، جلی نیمچە رووت و موجەسەمیان لەبەر بوو، بە سەماکردن دەهاتنە لامان، بە دەست و پەنجە ناسکەکانیان خواردنەوەیان پێشکەش دەکردین. من و نەوزاد دۆخین دوو بتڵ بیرەمان داوا کرد، خاتوو (Anul) یش چارەگێگ ڤۆدگا و ئاوی لیمۆی داواکرد.

پاش ئەوەی پێکەکانمان پڕ کرد، گڵاسەکەی بەرز کردەوە وتی: بە خۆشیتان. ناوە ناوەش لەگەڵ خواردنەوەی هەر پێکێکدان گلاسەکەی لە گڵاسی ئێمە دەدا و هەمان وشەی دووبارە دەکردەوە.

من و نەوزاد دۆخین بەر لەوەی بێینە یانەکە بیرەمان خواردبۆوە، بۆیە قومی بچووکمان لێ دەدا و بە خێرایی نەدەڕۆیشتین. خاتوو

(Anul) یش دەیویست زیاتر بخۆینەوە، بۆیە زوو زوو گڵاسەکەی لە گڵاسی ئێمە دەدا و دەیوت: بەخۆشیتان.

پاش ئەوەی کورسییەکانی یانەکە پڕ بوون لە میوان و هیچ شوێنی بەتاڵ نەما، کچە سەماکەرەکانیش بە نمایشە سەرنج راکێشەکانیان دانیشتنەکەیان خۆشتر کردبوو، لەش و لاری ناسکییان لەگەڵ دەنگی موزیك و ئاوازی ئێرانیی دڵرفێن بە لار و لەنجە دەلەرییەوە. منیش وەکو سوڵتانی عوسمانی شانم بە شانی خاتوو (Anul) دابوو، هەرچەندە سەیری کچە سەماکەرەکانیشم دەکرد، بەڵام خەیاڵم هەر لای جەستە سپی و تەنکەکەی (Anul) بوو.

کچە سەماکەرەکان لە دەوروپشتم دەسوڕانەوە و هەندێکیشیان دەستیان رادەکێشام و بە زۆری دەیانبردمە سەر ستێج و سەمایان لەگەڵ دەکردم.

یەکێك لەو کچە سەماکەرانە ناوی (نانە) بوو، زۆر جوان و شۆخ و شەنگ بوو، سترێژێکی رەشی تەنکی لەبەر بوو، گۆشتی رانەکانی لە ناو دیار بوو. چاوە رەشە جوانەکانی خستبووە ناو چاوەکانم و بە برۆ تەنکەکانیشی- ئیشارەتی دەدامێ، لە چاوەکانیدا دەمخوێندەوە کە دەیەوێ سەمای لەگەڵ بکەم.

خاتوو (Anul) کە هەستی کرد حەزم لێیە سەمای لەگەڵ بکەم، پێی وتم: دڵی مەشکێنە، برۆ سەمای لەگەڵ بکە.

ئەوەی راستی بێت لەبەر دوو هۆ دوو دڵ بووم، لەلایەك سەمام نەدەزانی، لەلایەکی تریشەوە لەوە دەترسام خاتوو (Anul) ئیرەییم پێ ببات و لە رقان ئەویش بچێتە ئامێزی پیاوێکی تر و لە دەستی بدەم. بەڵام خاتوو (Anul) خۆی دەستی گرتم و خستیە ناو

دەستی خاتوو (ئانە) و وتی: بڕۆنە سەر ستێج و بەیەکەوە جەوێك بگۆڕن.

نەوزاد دۆخینیش چاوی خستبووە ناو چاوەکانی (Anul) و چاوەڕێی دەکرد دەستی بگرێت و لەگەڵ خۆی بیباتە سەر ستێج و سەمای لەگەڵ بکات. بەڵام ئەو خۆی لێ بێ ئاگا کرد.

لەگەڵ خاتوو (نانە) هەندێك سەمام کرد و دوایی بەیەکەوە گەڕاینەوە لای (Anul) و بتڵێك بیرەی بۆ داواکرد و بەیەکەوە خواردمانەوە.

کچێك لە نزیك نەوزاد دۆخین لە گۆشەیەکی یانەکە بە تەنیا دانیشتبوو، جگارەی لە دوای جگارە دەکێشا، بە تەمەن زۆر گەورە نەبوو، قەدو بالایەکی باریکی هەبوو، دەتوت ناسکە تەرۆزیە، جووتێك بسکی باریکی بەسەر روومەتەکانی شۆڕ کردبۆوە، تا ناو قەدی هاتبوون. دوو پاکەتی جگارە و چەرخێکی لەبەر دەمی خۆی دانابوو، هێشتا جگارەیەکی تەواو نەدەکرد، یەکێکی تری دادەگیرساند و دەیخستە سەر لێوە تەنکەکانی.

لەوە نەدەچوو لەگەڵ پیاو سەرجێی کردبێت، یان دەرچووبێت. کیژۆڵەیەکی شەرمن و بە ویقار بوو. لە جووڵەی چاوەکانی لەوە دەچوو، لەم ئیشەیدا نوێ بێت، هێشتان بە تەواوەتی رانەهاتبوو.

زۆر پێی سەرسام بووم، هەرچەند دەستێکم لەسەر شانی (Anul) بوو، دەستەکەی تریشم لە ناو دەستی (نانە) بوو. بەڵام بە تیێکی چاوەکانم چاودێریی (Anul) م دەکرد، لەوە دەترسام بەجێم بێلێت و لەگەڵ پیاوێکی تر سەما بکات.

نەوزاد دۆخـین کە لە (Anul) و (نـانە) بێ هیـوا بـوو، بە خشـپە خشـپ خـۆی لەو کـچە نزیك کـردەوە، دوای خۆپێناسـاندن، داوای ژمارەی مۆبایلەکەی لێ کرد و تی: سبەی شەو لەگەڵم دێیت؟

ئەویـش ژمـارەی مۆبـایلەکەی خـۆی پێـدا و وتی: هەر کاتێـك ویستت لەگەڵت دێم.

کە ئەم دیـمەنەم بیـنی، خـۆم پـێ نەگـیرا و لە شـوێنی خـۆم هەستام، چومە لای، خۆم پێی ناساند و وتم: ناوت چیە؟

وتی: ناوم (ئەلیونا) یە.

داوای ژمارەی تەلەفۆنەکەم لێی کرد، وتی: ژمارەی مۆبایلەکەمم داوە بە هاورێکەت، لێی وەربگرە.

منـیش ژمـارەی تەلەفـۆنەکەم لە نەوزاد دۆخـین وەرگـرت و پـێم وت: لەوەتی هاتووین بۆ ئێرە، چاودێری ئەم کچە دەکەم، زۆر پاك و خاوێن دیارە، لەوە ناچێت بە تەواوەتی چوبێتە ناو ئەم ئیشە.

وتی: منـیش وەکـو تـۆ زۆر سەرسـامی کـرێ و بێ دەنگیـیەکەی بووم، لەو بڕوایەدا نەبووم ژمارەی مۆبایلەکەی خۆیم بداتێ.

خـاتوو (Anul) و (نـان) کە منیـان بیـنی لەگەڵ ئەو کـچە قسـە دەکەم، بە تـوڕەییەوە تەماشـایان دەکردم.کاتێـك گەڕامەوە لایـان، هەردووکیان رووی خۆیان لێم وەرگێڕا.

منـــیش بە (Anul)م وت: داوای لێبوردنـــت لێ دەکەم، ئەگەر بمزانیبا پێت ناخۆشە، نە دەچوومە لای.

ئەویش بە توڕەییەوە وتی: ئەمشەو تۆ لەگەڵ منیت، جوان نییە لەگەڵم بخۆیتەوە و چاویشت لەسەر ژنێکی تر بێت.

داوای لێبوردنم لێ کرد و هەندێکیش پیامدا هەڵدا تا لێم عادز نەبێت، وتـم: تـۆ ژنـێکی جیـاوازی، شـۆخ و شـەنگیت، هـیچ ژنێـك جێگای تۆ ناگرێتەوە.

کە ئەمەم وت، پـــێکی ڤۆدگـــاکەی بەرز کـــردەوە و وتی: بە خۆشیتان.

منیش گڵاسەکەم بەرز کردەوە و وتم: بە خۆشیتان.

لە کورســییەکانی بەرامــبەر ئــێمە هەنــدێك گەشــتیاری ئــێرانی دانیشتبوون، هەندێکیان گەنج بوون، هەندێکیشیان لە تەمەنی من دابوون. سەر مێزەکەیان پڕ کردبوو لە بیرەو شەراب و وێسکی، بە دەم خواردنەوە لەگەڵ دەنگی موزیك لە شوێنی خۆیان دەلەرینەوە، چەپڵەیان لێ دەدا و بە زمانی فارسی گۆرانیان دەوت.

کوڕێکی گەنجیان لەگەڵ بوو، سەماکەرێکی زۆر شارەزاو لێهاتوو بوو، هێندە بە گەرم و گوڕی و جۆش و خرۆشەوە سەمای دەکرد، ئاو بە هەموو لەشیدا دەهاتە خوارەوە. کچە سەماکەرەکانیش زۆر پـێی سەرســام بــوون، ســەمایان لەگەڵ دەکــرد و هەندێکیشــیان دەچوونە ئامێزی و لەگەڵ ئەو دەلەرینەوە.

زۆر بەو گەنجە ئێرانیە سەرسام بووم، لە بەر تەماشاکردنی ئەو، ئاگام لە (Anul) و (نـانە) نەمـابوو. نـاوە نـاوەش هەنـدێك لە کـچە سەماکەرەکان دەهاتنە لام و دەستیان رادەکێشام بۆ سەر ستێج تا ســەمایان لەگەڵ بـکەم. هەرچەنـد لە دڵەوە زۆرم پـێ خـۆش بـوو، بەڵام ئەفسووس سەمام نەدەزانی، بۆیە لە شوێنی خۆم هەڵنەستام.

گەنجە ئێرانییەکە کە منی بەم شێوەیە بینی، لەسەر ستێج هاتە خوارەوە و بە زۆری منی بردە ناو کچە سەماکەرەکان و بە هەموویان بازنەیەکیان دروست کرد و منیان خستە ناو بازنەکە، دەستێکم لە

ناو دەستی کچە سەماکەرێك بوو، دەستەکەی تریشم لە ناو دەستی ئەوگەنجە ئێرانیە بوو. دەتوت فەرمانی گرتنم بۆ دەرچووە، بە توندی دەستەکانیان گرتبووم و نەیان دەهێشت لە ناو سەماکە بچمە دەرەوە. نزیکەی نیو کاتژمێر سەمام لەگەڵ کردن، دوایی بە زۆری هاتمە دەرەوە.

نەوزاد دۆخینیش کە ئەمەی بینی، خۆی پێ رانەگیرا و هاتە سەر ستێج و دەستی کوڕە ئێرانیەکەی گرت و سەمای لەگەڵ کردن.

کە گەڕامەوە شوێنی خۆم، خاتوو (Anul) و (نانە) بە توڕەییەوە هەستان و چوونە ناو سەماکەرەکان و لەگەڵ ئێرانیەکان سەمایان کرد.

منیش ئەوەم بە هەل زانی و خۆم گەیاندە لای (ئەلیونا) و بە فێڵی تۆقە کردن، دەستەکانیم توند گوشی و ماچێکیشم لە ناو دەمی کرد. داوام لێی کرد سەمام لەگەڵ بکات، رازی نەبوو، وتی: حەزم لە سەماکردن نییە.

منیش وتم: حەزدەکەی لەگەڵت دانیشم و هەندێك قسە بکەین؟

وتی: ئەوەم پێ خۆشە.

مۆبایلەکەم سیم کارتی ئەنتەرنێتی لە سەر بوو، دەرم هێناو لە رێگەی بەرنامەی (Google Translate) قسەکانی خۆم و ئەوم وەردەگێڕایە سەر زمانی عەرەبی و بەم شێوەیە نزیکەی نیو کاتژمێر بە یەکەوە قسەمان کرد.

لە قسەکانیدا دەرکەوت، دایك و باوکی ماوەیەکە لە یەکدی جیا بوونەتەوەو ئەویش لەگەڵ دایکی دەژی و خوێنکاری زانکۆشە. بە

رۆژ لە زانکـۆ دەخوێنێـت و شـەوانیش بـۆ بژێـوی خـۆی و دایـکی، ماوەیەکی کەمە دەستی بەم ئیشە کردووە، زۆربەی شەوان دێتە ئەم یانەیە، بە دەستە نەرم و نۆڵەکانی دەستی پیاوەکانی ئەم یانەیە گەرم دەکاتەوە و سێکسیان لەگەڵ دەکات.

دوای ئەوەی بـاسی ژیـانی تـایبەتی خـۆی بـۆ کـردم، وتی: ژمـارەی منـت لایە، هەر کاتێك ویسـتت پەیوەنـدیم پێـوە بکە، دێـمە لات و سێکسـت لەگەڵ دەکەم.منـیش وتـم: مـن نـامەوێ سـێکس بـکەم، تەنها حەزم لێیە لەگەڵت دابنیشـم و بە یەکەوە بخۆین و بخـۆینەوە و کەشێکی خۆش وەرگرین.

ئەویش وتی: تۆ پارەی خۆت دەدەیت، چۆنت پێ خۆش بێت وا دەکەم.

منیش وتم: لەم یەك دوو شەوە پەیوەندیت پێوە دەکەم.

ئەوەم وت و باوەشـم پێـدا کـرد و دەمـم خسـتە نـاو دەمی و لێـوە تەنك و گەرم و نەرمەکانیم ماچ کرد و گەڕامەوە لای نەوزاد دۆخین.

نەوزاد دۆخینـیش وتی: بـاش بـوو منـیش چـوومە سـەر سـتێج. هەنـدێك لەو کـچە سـەماکەرانە هـاتنە دەسـتم و سـەمایان لەگەڵ کردم.

منیش وتم: کە تۆ چوویتە سەر ستێج، خاتوو (Anul) و (نانە) منیان بەجێهێشت. منیش ئەوەم بە هەل زانی و خۆم گەیاندە خاتوو (ئەلیونا) و ماچم کرد.

ئەویـش بە پێکەنیـنەوە وتی: بە منـیش دەڵـێی راسـپۆتین، ئێسـتا کاممـان راسـپۆتینین مـن یـان تـۆ؟ ژنە سـەماکەری ئەم یـانەیە نەمـا

سـەمایان لەگەڵ نەکەیـت و نەیـان گەیـتێ، تەنهـا ئەو ژنە مـابوو، وا خۆت گەیاندە ئەویش و ماچت کرد.

وتم: دەزانی ناوی چیە؟

وتی: شتێکی وت، بەڵام لێی تێنەگەیشتم، شەرمیشم کرد لێی دوو بارە بکەمەوە.

وتم: ناوی (ئەلیونا) یە.

وتی: لەوە ناچێـت کچێـنی خـۆی لە دەسـت دابێـت، زۆر پـاکیزە دیارە.

منـیش وتـم: قسـەم لەگەڵ کـرد، بە هـۆی سـەختی ژیـانیەوە ماوەیەکی زۆر نـیە دەسـتی بەم ئیشـە کـردووە، بـۆیە شـەرم دەکات و هێشتان چاوەکانی نەکراونەتەوە.

ئەویش وتی: وەك توێژەری کۆمەڵایەتی ، قوری بنیت دەرهێناوە، چوویتە ناو وردەکاریی ژیانیەوە.

منـیش وتـم: خـۆی داوای سێکسـکردنی لێ کـردم و وتی کەی ویستت پەیوەندیم پێوە بکە.

نەوزاد دۆخینیش وتی: تۆ چیت پێ وت؟

وتـم: پـێم وت (حەزم لە سێکسـکردن نـیە، دەمەوێ بە یەکەوە بخۆین و بخۆینەوە، کەشێکی خۆشیش بە یەکەوە بگۆڕین).

نەوزاد دۆخینیش وتی: ئەو چی وت؟

وتم: پێی وتم (تۆ پارەی خۆت دەدەیت، چۆنت پێ خۆشبێت وادەکەم).

نەوزاد دۆخینیش وتی: دەستە گوڵی خۆت لێدا، کەواتە سبەی شەو لەگەڵ ئەویت؟

منیش وتم: پەلەم چیە، جارێ رماوەیەکی زۆرمان لە پێشە، با بمێنێ بۆ کاتێکی کە. سبەی شەو دەچینە یانەیەکی تری شەوان، زۆر لەم یانەیە خۆشترە، بڕوا ناکەم شتی وات بینیبێت.

ئەویش وتی: یانەی شەوان بریتیە لە گۆرانی و موزیك و سەما، لەوە زیاتر هەیە؟

وتم: ئەو شوێنە بۆی دەچین زۆر جیاوازە، دەیان سەماکەری رووسی و ئۆکرانی کە ژمارەیان لە سەد ژن زیاترە، بە جلی نیمچە رووتەوە دێنە بەر دەمت و دەچنە سەر ستێج و بە دەم سەماکردنەوە هێدی هێدی جلەکانیان دادەکەنن و خۆیان رووت دەکەنەوە.

ئەویش وتی: دیارە پێشتر چوویتە ئەو شوێنە وا بە وردی وەسفی دەکەیت؟

وتم: دوو مانگ بەر لە ئێستا لەگەڵ هاوڕێیەکم بە فڕۆکە هاتینە ئەرمینیا و حەفتەیەك لێرە ماینەوە، دوو شەو لە سەر یەك چوومە ئەم یانەیە.

دەریاچەی سیڤان

عیزەدین چاو حیز وتی: دوێنێ شەو لە کاتژمێر دەی شەو تا بەری بەیان لە یانەی شەوان مانەوە و کەیف و سەیفتان دەکرد، منیش بە تەنیایی لێرەدا مامەوە، کاتم لێ نەدەڕۆیشت.

نەوزاد دۆخینیش وتی: پێمان وتی، خۆت نەهاتی.

ئەویش وتی: ئەوە یەکەمین جار نییە بە یەکەوە گەشت دەکەین، شارەزای من بوویت، لە کاتژمێر هەشت و نیوی شەو بەو لاوە بەرگە ناگرم، خەوم دێت. ئەگەر نەخەوم سەرم ژان دەکات و خەوم دەزڕێت و تا بەیانی بێدار دەبم.

منیش رووم لە نەوزاد دۆخین کرد و پێم وت: عیزەدین چاو حیز راست دەکات، نابێ هەموو شەوێك بچینە یانەی شەوان و بە تەنیا بەجێی بێڵین.

نەوزاد دۆخینیش وتی: ئەگەر شوێنێکی خۆش پێ دەزانن، با بۆی بچین و ئەویش لەگەڵ خۆمان ببەین، تا چیتر گلەییمان لێ نەکات.

منیش وتم: دەریاچەی (سیڤان) لە گەشتی یەکەم جارم لەگەڵ ئەمجەد مەندیل بۆ ئێرە بۆی چووین. ئەگەر پێتان خۆش بێت، بە جۆرج دەڵێین بمانبات بۆ ئەوێ.

نەوزاد دۆخینیش وتی: بە چەند دەمانبات؟

وتم: جاری پێشوو ئێمەی بە چل درام بۆ ئەوێ برد. بەڵام لەوێشەوە ئێمەی برد بۆ شوێنێك پێی دەڵێن (دلی جان) شوێنێکی

زۆر خۆش و دڵڕفێنە، لە ژیانمدا شوێنی وا خۆشم نەبینیوە، پڕ بوو لە گــوڵی دەگــمەن و نــاوازە، بــۆن و بەرامی گوڵەکــان مەســت و حەیرانیــان دەکــردین، گەشــتیاران لە هەمــوو شــوێنێکەوە بــۆی هــاتبوون. چــوار دەرەی بە شــاخی بەرز چنرابــوو، لە بەر چــڕی دارستانە سەوزەکانی ئاسمانمان لێ دیار نەبوو.

گەشــتیاران بە تەلەفریــك بە یەك درام لەوێــوە دەچــوونە ســەر شــاخ، کــاتێکی خۆشــیان لە نــاو دارســتانەکە و کەنــاری کانیــاوە سازگارەکانی بەسەر دەبرد.

نەوزاد دۆخینـیش وتی: لە قسـەکانت پـێ دەچێت شـوێنێکی زۆر خۆش بێت، چاوەڕێی چی دەکەیت، پەیوەندی بە شوفێرەکە بکە با بێت بمانبات.

عـیزەدین چـاو حـیزیش وتی: تـا دوا نەکەوتـوین پەیوەنـدی پێـوە بکە، تا ئەو دێت ئێمەش خۆمان دەگۆڕین.

نەوزاد دۆخینیش وتی: ئەو شاخەی کە باسی دەکەیت، شـوێنی پشوودان و خواردن و خواردنەوەی لێیە؟

وتم: هەندێك کەپری گەشتیاری و ریستورانتی بچکۆلانەی لێیە، خواردن و خواردنەوەی خێرای تیا دەفرۆشرێت.

عـیزەدین چـاو حـیزیش وتی: مـادام بـۆی دەچـین پێویسـت ناکات بۆمان باس بکەیت، بە چاوی خۆمان ببینین تام و چێژی خۆشتر دەبێ.

منـیش بە ئەمـجەم وت: تـۆش هەسـتە خـۆت بگـۆڕە بـا دوا نەکەوین.

ئەمــجەد مەنــدیلیش وتی: ئەی ئەوە نەبــوو جــاری پێشــوو بە یەکەوە بۆی چوین، من جارێك بچمە شوێنێك دووبارەی ناکەمەوە ئەگەر وەکو بەهەشتیش خۆشبێت.

عــیزەدین چــاو حــیزیش وتی: زۆری لێ مەکە، بــا بە دڵی خــۆی بکات.

ئەوەبــوو پەیوەنــدیم بە (جــۆرج) کــرد و پــێم وت: کاتــت هەیە بمانبەیت بۆ دەریاچەی (سیڤان) و سەوزاییەکانی (دلی جان)؟.

داوای ئەدرێسی لێ کردم، بە کورتە نامەیەك بۆم نارد. وتی: دوای کاتژمێرێکی تر لاتان ئامادە دەبم.

نەوزاد دۆخینـیش پـێی وتـم: پێـت نەوتـین ئەم دەریـاچەیە وەکـو دەریــاچەی قەزویــنی ئازربایجــان گەشــتیارانی ژن مەلەوانی لە نــاو دەکەن؟

وتـم: بێ گومـان وەکـو هەر دەریـاو دەریـاچەیەك گەشـتیاران بـۆ مەلەوانی رووی تێ دەکەن و لە کەنـاری دەریـاکە خۆیـان دەدەنە بەر تیشکی خۆر و لە ناو لیم لە سەر پشت لێی رادەکشێن.

عـیزەدین چـاو حـیزیش وتی: ئەوەم بە دڵە، هەزار یانەی شـەوانی بە قوربــان بێــت، لەجیــاتی ژنێــك دەیــان ژن بە رووتی دەبینــین و چاوەکانمان شەحن دەبنەوە.

نەوزاد دۆخینــیش وتی: ئەمــڕۆ چمــان بــۆ ئامــادە دەکەیــت بیخۆین؟

ئەویـش وتی: هێلکەمـان نەمـاوە، مـن چـایەکە ئامـادەکەم ئێـوە دەچن بیهێنن؟

نەوزاد دۆخینـیش وتی: مـن دەچـمە خـوارەوە و لە مـارکێتەکەی لای خۆمـان نیـو دەسـتە هـێلکە دەکـڕم و لە نانەواخـانەکەش سێ ئەستورکی گەرم دێنم.

عیزەدین چاو حیزیش وتی: ئەمڕۆ ئیشی. چێشـت لێنانم نییە. لە سـەر دەریـاچەی (سـیڤان) نـانی نیـوەڕۆ دەخـۆین و شـەویش لە گەڕانەوە لە سەررێگا خواردنێکی سووك دەخۆین.

نەوزاد دۆخینیش بە پێکەنینەوە وتی: منیش وەك تۆ ئەمڕۆ قاپ شوشتنم نییە.

ئەمەی وت و چــووە دەرەوە. دوای تۆزێـك هــاتەوەو هــێلکەو ئەستورکی گەرمی هێنا. رووی لە عیزەدین چاو حیز کرد و پێی وت: ژنە نانەواکە لێی دەپرسیت و دەیوت (چۆنە هاورێ مشەوەشەکەت لەگەڵ نییە).

عـیزەدین چـاو حـیزیش وتی: ئەو پـیرەژنە حەزی لە تـۆ کـردووە، ویستوویەتی بەو قسانە بتدوێنێ.

ئەویش وتی: ئەگەر واش بێت، تا ژنی ناسك و جوان هەبێت، ئیشــم بەو پــیرەژنە نیــیە.ئەویش وتی: ئەی هەر تــۆ نەبوویــت لە ئازربایجان ژنێکی لەوە بە تەمەنترت گا؟

ئەویش وتی: ئە رۆژی زۆرم خواردبۆوە سەرخۆش بووم لە سەر شەقام چاوم پێی کەوت، وەك کچێکی ناسك و نازدار هاتە بەرچاوم، کە داوای گانم لێی کرد، زۆری پێخۆش بوو لەگەڵم هات.

منیش وتم: کە لەگەڵی خەوتی پەشیمان نەبوویتەوە؟

بە پێکەنیـنەوە وتی: زۆر خـۆش بـوو، ئەویـش وەکـو مـن زۆر تـامەزرۆ بـوو، کە لێ بـوومەوە دە مەنـاتم دایە، لە خۆشـیان وەخـت

بوو بفڕێت، بە تورکی پێی وتم (تۆ پیاوێکی باشیت ئەو چاکەیەت لەگەڵ کردم).

منیش وتم: ناکات دڵت بەو قسانە خۆشبێت و بە سەدەقە تێی گەیشتبیت؟!

ئێمە لەو قسانەدا بووین، شوفێری تەکسییەکە تەلەفۆنی کرد و وتی: لە بەر دەرگای باڵاخانەکەتان چاوەڕێتان دەکەم.

ئەوەبوو جلمان لە بەر کرد و چووینە خوارەوە و لەگەڵ جۆرج بەرەو دەریاچەکە بەڕێ کەوتین. دوای کاتژمێرێك گەیشتینە جێ.

جۆرج رووی لە نەوزاد دۆخین و عیزەدین چاو حیز کرد و وەسفی دەریاچەکەی بۆ کردن و وتی: ئەم دەریاچەیە نزیکەی حەفتا کیلۆ مەتر لێرە دوورە، لە گەشتی یەکەم جارم بۆ ئێرە بۆی چووم. ئەم دەریاچەیە گەورەترین دەریاچەی ئەرمینیایە، ئاوەکەی سازگار و شیرینە، گەورەترین دەریاچەی جیهانیشە کە لە بەرزاییەکاندا بێت، دەکەوێتە پارێزگای غەفار کۆتیك، هەزار و نۆ سەد مەتر بەرزترە لە سەر ئاستی دەریا و ئاوی بیست و هەشت رووبار و جۆگەلەی دەرژێتە ناو.

کە گەیشتینە لێواری دەیاچەکە، تەنها پیرەژنێك و پیرە مێردێك لە رۆخی دەریاچەکە لە ناو لیم لە سەر پشت لێی راکشابوون و خۆیان خستبووە بەر تیشکی خۆر.

کە نەوزاد دۆخین ئەمەی بینی، دەموچاوی گرژ بۆوە و زەوقی تێکچوو، بە توانجەوە وتی: هەر ئەوەش بوو دەیاچەی (سیڤان) سەعاتێکە پیایدا هەڵدەڵێن!

منیش وتم: جاری پێشوو کە ئێمە هاتین، وەها نەبوو، پڕ بوو لە ژن و کچی جوان، وەکو ماسی لە ناو ئاوەکە مەلەوانیان دەکرد و لە شیان هێندە سپی و تەنك بوو، وەکو زیو دەتریسکایەوە.

جـۆرجیش وتی: لە رۆژانی پشــوو و بۆنەکانــدا خەڵــکی روو لــێرە دەکەن و لە پڕییان جمەی دێ. هەروەها دوای نیوەڕۆ کەشـو هەوا گەرم تر دەبێت، ئینجا گەشتیاران بۆی دێن.

نەوزاد دۆخینیش وتی: ئەگەر بمزانیبا وایە نەدەهاتم، تا ئێوارە بۆ خۆم لە پارکی ئازادی دادەنیشتم.

جۆرجیش بە دەست ئیشارەتی بۆ ئەو شاخە کرد کە لە تەنیشت دەریـاچەکە بـوو، وتی: ئەم شـاخە بە شـاخی پـیرۆز نـاوی دەبەن، کەنیسـەیەکی گەورە لە سـەر لـووتکەی شـاخەکەیە، مێژوویـێکی زۆر کـۆنی هەیە، گەشـتیاران لە هەمـوو شـوێنێکەوە روی تێ دەکەن و وێنەی لەگەڵ دەگرن. ئەم کەنیسـەیە بە زمانی ئەرمەنی پێی دەوترێ (سـیڤانا فانــك)، کـۆمەڵگەیەکی خانەقـایەن دەکەوێـتە نـیمچە دوورگەیەك لە کەنـاری بـاکووری رۆژئـاوای دەریـاچەی سـیڤان لە پارێزگـای (جێگـار کۆنیـك) لە ئەرمینیـا. ئەگەر حەزبکەن لەگەڵتـان دێم، بەو پلیکانانە بۆی دەچین.

عیزەدین چاو حیزیش وتی: من قاچەکانم تەواو نییە، ناتوانم بە سەر ئەو هەموو پلیکانانە بکەوم.

جۆرجیش وتی: بۆ ئەو کەسانەی چۆکیان تەواو نیە، ئاسان نییە.

نەوزاد دۆخینـیش وتی: چ لەو کەنیســەیە بکەیـن، بە ئـێمە چی کەنیسەیەکی مێژووییە، یان نان ئێمە بۆ ئەوە هاتووین، چاومان بە ژن و کچی جوان بکەوێت.

منیش وتم: تۆ پسپۆری پیرەژنانی، ئەوە نییە رۆخی دەریاچەکە پیرەژنێکی لێیە، برۆ خۆتی پێ بناسێنە و مەلەوانی لەگەڵ بکە.

ئەویش وتی: خۆ کفر نەبوو لە ئازربایجان پیرەژنێکم گا، ئەم رووداوە بووە حیکایەتی مێشێ و هەر نەبڕایەوە!

ڕووم لە جۆرج کرد و پێم وت: ئێمە هەر هاتووین، لەم نزیکانە شوێنێکی خۆشی لێ نییە بۆی بچین؟

ئەویش وتی: ئەرمینیا وڵاتێکی قەشەنگە، هەموو شوێنەکانی خۆشن ئەگەر ناتانەوێ مەلەوانی بکەن، دەتانبەم بۆ (دلیجان).

نەوزاد دۆخینیش وتی: دلیجان لە چیەوە هاتووە؟

جۆرجیش وتی: دلی جان بە زمانی ئێرە بە مانای دۆڵی گوڵ و گوڵزار دێت.

دلیجان

گەیشتینە شوێنێك، جۆرج وتی: ئەم شوێنە بە زمانی ئەرمەنی پێی دەڵێن (تساغ کاتسوریان) کوردانی ئێزدیش پێی دەڵێن (دلیجان) واتە دۆڵی گوڵ و گوڵزار. ئەم شوێنە کۆمەڵگەیەکی گەشتیاری ناوازەیە لە ئەرمینیا، دیمەنێکی سروشتی دڵڕفێنی هەیە، لە بەر دیمەنە جوان و سەرنج ڕاکێشەکانی و بە هۆی چڕو پڕی دارە سەوزو بەرزەکانی و ئەو شاخە بەرزانەی لە چواردەوریدان، گەشتیاران بە سویسرای ئەرمینیا ناوی دەبەن.

ئەو ناوچەیە لە سەردەمی حوکمڕانێتی یەکێتی سۆڤێتدا گەورەترین مەڵبەندی وەرزشی یارییەکانی ئۆڵۆمپی بووە. لەم ساڵانەی دواییدا حکومەتی ئەرمینیا بایەخی زیاتری پێی داوە و هەندێك ریستورانت و شوێنی حەوانەوەی لێ دروست کردووە و تەلەفریکە کۆنەکەی سەردەمی سۆڤێتیشی- نۆژەن کردۆتەوە، گەشتیاران بۆ بینینی ئەو دیمەنە جوان و دڵڕفێنانە، پێی دەچنە سەر شاخ. لە وەرزی زستانانیشدا ئەم دۆڵە دەبێتە شوێنی خلیسکانێی سەر بەفر و لە هەموو ناوچەکانی جیهان گەشتیاران رووی تێ دەکەن.

لە دەوروپشتی ئەم دۆڵە چەندین هوتێل و مەڵبەندی وەرزشی تیایە، گەشتیاران لە ماوەی مانەوەیان لێرەدا سوودی لێ وەردەگرن.

جۆرج بەردەوام بوو لە وەسفکردنی ناوچەی (دلیجان) و وتی: سیحری دلیجان لەوەدایە کە ئەم دۆڵە دەیان جۆری جۆری گوڵی

جوان و بۆنخۆشی تیایە، لە جیهاندا هاوتایان نیە. بۆنی ئەو گوڵانە تێکەڵ بە هەواکە دەبن، ئاستەمە گەشتیاران لە هاوین، یان لە زستاندا بە ئاسانی دەستبەرداری بن.

منیش وتم: چ کاتێك زیاتر گونجاوە بۆ سەردانی ئەم ناوچەیە؟

جۆرج وتی: بە درێژایی ساڵ ئاووهەوای دلیجان خۆشە، هەر بۆیە گەشتیاران لە گشت وەرزەکانی ساڵدا سەردانی دەکەن. دیمەنە سروشتییە ناوازەکەی و ئاوە کانزاییەکەی کە بۆ چارەسەری نەخۆشییەکانی پێست بەکار دێت، گشت ئەمانە وایان کردووە، کە ئەم ناوچەیە جیاوازی هەبێت لە ناوچەکانی تر، چ لە هاویندا، یان زستاندا.

پێش ئەوەی بگەینە (دلیجان) گەیشتینە تونێلێك، جۆرج ئاماژەی بۆ کرد وتی: ئەم تونێلە درێژیەکەی دوو کیلۆمەتر و نیوە و بەشێکە لە رێگا خێراکەی، هەروەها ئەم شارە وێستگەی شەمەندەفەریشی لێیە، لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەوە دروست کراوە.

دوای ئەوەی لە تونێلەکە پەڕینەوە، لە بەر چڕی دار و درەختەکان ئاسمانمان لێ دیار نەبوو. رووم لە جۆرج کرد و پێم وت: ئەم شوێنە چی پێ دەڵێن؟

وتی: لێرەوە دارستانەکانی (دلیجان) دەست پێ دەکات، کە رووبەرەکەی لە سیوچوار هەزار هکتار زیاترە، کۆمەڵێك دیمەنی وێنەیی بێهاوتای چێژ بەخش لە خۆی دەگرێت. ئەم دارستانە لە سەرەتادا شوێنێکی پارێزراو بووە، لە ساڵی ١٩٥٨ دامەزراوە، دواتر لە ساڵی ٢٠٠٢ زیاتر بایەخی پێ دراوە و بە پارکی نەتەوەیی دلیجان

ناوزەد کراوە. نزیکەی چل جۆر دار و هەژدە جۆر نەمام و نۆ سەد جۆر رووەك لە خۆی دەگرێت.

نەوزاد دۆخینیش وتی: مادام پێشتر ئەم شوێنە پارێزراو بووە، لەوانەیە ئاژەڵی کێوی تیابێت.

جۆرجیش وتی: ئەم شوێنە دەوڵەمەندە بە ئاژەڵی کێوی، لەوانە ورچی قاوەیی و گورگ و پشیلەی سیڤانی و کۆتر و مامزی سوور و هەڵۆی زێڕین و پەپوولە و چەندانی تر، کە ئەم پارکە نایابەیان کردۆتە ماڵی خۆیان.

دوای بڕینی ماوەی پەنجاو دوو کیلۆ مەتر ئینجا گەیشتینە ناوچەی (دلیجان). جۆرج ئۆتۆمبێلەکەی لە تەنیشت ئۆفیسێك راگرت وتی: دابەزن، لێرەوە بە تەلەفریك دەچینە سەر ئەو شاخانە و لە ئاسمانەوە دیمەنی ئەو دار و درەخت و گوڵ و گوڵزار و ئاژەڵە کێویانە دەبینین، دیمەنێکی زۆر دڵڕفێنەن هەرگیز لێی تێر نابن.لە سەر ئەو شاخە، دارستانێکی گەورە و هەندێك شوێنی گەشتیاری و ریستورانت و شوێنی ئەسپ سواری لێیە. چەندی ئارەزوو بکەن لەوێ بمێننەوە. دوایی هەر بەو تەلەفریکە بگەڕێینەوە، ئینجا دەچینە دەریاچەی (بارز).

نەوزاد دۆخینیش وتی: ئەم تەلەفریکە زۆر کۆن دیارە.

جۆرجیش وتی: وەکو پێشتر وتم هی سەردەمی سۆڤێتە، دوای جاڕدانی سەربەخۆیی ئەرمینیا، نۆژەن کراوەتەوە. بە نێوان دۆڵ و شاخەکانی ئێرە تێدەپەڕێت، بە یەکێك لە تەلەفریکە هەرە درێژەکانی جیهان هەژمار دەکرێت.

تکیتمان بڕی و سواری تەلەفریکەکە بووین، ئاسمانێکی سپی و بێ گەرد وەکو چەتر لە سەرمانەوە بوو، لە ژێرەوەش دیمەنی گوڵ و

گـولّزار و دار و درەخـت و ئـاژەڵە کێویەکـان جـوانییەکی بێوێنەیـان هەبوو.

سـیحری نـاوچەی (دلیجـان) خـۆی لە گـوڵ و گـولّزارە هەمەرەنگەکاندا دەبینییەوە، کە لەگەڵ گژو گیای سەوز باوەشیان بەیەکتری کردبوو.

نـزیکەی دوو کـاتژمێر لە سـەر شـاخەکە مـاینەوە و لە نـاو دارستانەکە پیاسـەمان کـرد و لە کانیاوەکانی نـاو دارسـتانەکە ئـاوی سـازگارمان خـواردەوە و دوایی بە تەلەفـریکەکە گەڕایـنەوە شـوێنی خۆمان و بەرەو دەریاچەی (بارز) بەڕێکەوتین.

دەریـاچەکە لە بـاکووری نـاوچەی دلیجـان بـوو، دەریـاچەیەکی خنجـیلانە بـوو، لە شـوێنێکی بەرز لە ئـامێزی شـاخ و دارسـتانێکی چڕدابوو ئاوی دەریاچەکە رەنگی دارستانەکەی وەرگرتبوو وەکو ئەو سـەوز دەچـۆوە. گەشـتیارێکی زۆر روویـان تـێ کردبـوو، هەنـدێکیان لەوە دەچوو خەڵکی ئەرمینیا بن و بۆ سەیران روویان لەوێ کردبێت، چونکە خەریکی گۆشت برژان و راوکردنی ماسی بوون لە دەریاچەکە، هەنـدێکی تـریش لە سـەر کورسـیەکانی رۆخی دەریـاچەکە لە ژێـر سـێبەری دار چنـارە بەرزەکـان دانیشـتبوون، چێژیـان لەو دیـمەنە دڵڕفێنانە وەردەگرت. هەندێك بەلەمی چوپیش لە ناو ئاوەکە بوون، بە درامێك گەشتیاران لە ناو ئاوەکە گەشتیان پێ دەکرد.

جـۆرج لە رۆخی دەریـاچەکە لە سـەر کورسـیێك دانیشـت و ئێمەش سـواری بەلەمێك بـووین و گەشـتێکی کـورتی ئاویمـان کـرد. نـزیکەی نیـو کاتژمێر بەنـاو ئاوەکە خـولاینەوە، دوایی گەڕاینەوە لای جۆرج و بەڕێکەوتین.

لە نزیــك دەریــاچەکە ریســتورانتێکی گەورەی لێ بــوو جــۆرج ئۆتـۆمبێلەکەی راگـرت و وتی: فەرمـوون دابەزن لەم ریسـتورانتە نـانی نیوەڕۆ دەخۆین و دوایی دەگەڕێینەوە ئێریڤان.

کە گەیشــتینەوە ئێریڤــان، جــۆرج ئــێمەی لە بەردەم دەرگــای باڵاخانەکە دانا و وتی: بەیانی ناتوانم لەگەڵتان بم، هەندێك ئەرکم لە سەرە دەبێ جێبەجێیان کەم. بەڵام رۆژی دواتر کاتژمێر دەی شەو ئەگەر حەز بکەن دەتانبەم بۆ یانەیەکی شـەوان و کاتێکی خـۆشی لێ بە سەر ببەن.

منیش وتم: لە وڵاتی میسر و ئوردن یانەی شەوانی زۆرم بینیوە، دەبێ یانەی شـەوانی ئـێرە چ جیاوازییەکیـان لەگەڵ یـانە شـەوانەکانی ئەوێ هەبێت؟

وتی: لێرەش شوێنی وەهای لێیە، بەڵام دەتانبەم بۆ شـوێنێك لە هیچ وڵاتێکی عەرەبیدا نییەو ئەوەیان لە یانەی شاوانی ئەو وڵاتـانە موحتەرەم ترە.

کە وای وت، لە دڵی خۆمدا وتم (دیارە ئەو شوێنە سەماکردن و ژنی رووتی تیا نییە).

عیزەدین چـاو حیزیش وتی: مـن لە دوای نـوێژی عیشـا دەخەوم، بۆیە لەگەڵتان نایەم، لێرە دەمێنمەوە.

ئەمجەد مەنـدیلیش وتی: حەزم لە چـوونە یـانەی شـەوان نیـیە، بۆیە منیش لەگەڵ تۆ دەمێنمەوە.

منیش وتم: بە قسەی جۆرج بێت ئەو شوێنە موحتەرەمە.

کە وام وت، ئەمجەد مەندیل لە بڕیاری خۆی پەشیمان بۆوە و وتی: مادام شوێنێکی موحتەرەم بێت، منیش لەگەڵتان دێم.

نەوزاد دۆخینــیش بە جــۆرجی وت: وا ئەم شــەو دەچیــنە ئەو شوێنە موحتەرەمە، ئەی بەیانی دەمانبەیت بۆ کوێ؟

ئەویش وتی: بەیانی پێویستتان بە من نابێت، سەنتەری شار دوو شوێنی خۆشی لێیە، هەزار مەتر لێرە دوورە، یەکێکیان پارکی ئازادیە و لە بەیانیانەوە تا درەنگی شەو لە خەڵك جمەی دێ. دارو درەخت و گـوڵی جـوان و نـافورەی ئـاوی لێـیە. لە ژێـر دارەکـان و بەرامـبەر نافورەکان کورسی دانیشتنی لێیە، ئەگەر جارێك بۆی بچن، دوو بارە بۆی دەچنەوە. شوێنێکی تـریش هەیە، هەندێك لە سـەرەوە تـرە، بە زمانی ئەرمەنی پێی دەڵێن (هـانرا پتوتیـان هـورا بیراك) واتە مەیدانی کۆماری. ئەو شوێنە لە ئێوارەوە خەڵك رووی تێ دەکات. بەڵام زیاتر لە شەواندا قەرەباڵغ دەبێت و ژنە لەشفرۆشەکانیش لەو مەیدانە لە نێچیری خۆیان دەگەڕێن و لەگەڵیان رێکدەکەون.

کە وای وت، نەوزاد دۆخین رووی لە عیزەدین چاو حیز کرد و بە پێکەنیـنەوە پـێی وت: ئەم شـوێنە بە دڵی هەردووکمـانە، هەریەك و ژنـێکی جـوان لەو ژنە لەشفرۆشـانە بـۆ خۆمـان دەدۆزینەوە و لەگەڵ خۆمان دەیانهێنینەوە.

ئەمجەد مەندیلیش وتی: وابزانم ئێوە قەت لە ژن تێر نابن. ئێرە دەیـان شــوێنی سروشــتی خــۆشی لێـیە، لەجیـاتی ئەوەی چـێژ لەو سروشتە جوانە و دیمەنە ناوازانە وەربگرنن تەنها بە دوای ژنەوەن، لە ژن زیاتر چاوتان هیچی تر نابینێ.

نەوزاد دۆخینیش رووی لە من کرد و وتی: تـۆش قسـەیەك بکە، بۆچی بێ دەنگیت، دیارە تۆش وەکو ئەمجەد مەندیل تەنها بۆ دیتنی سروشت هاتوویت؟

وتم: بڕوا ناکەم هیچ وڵاتێك سروشتەکەی بە قەدەر سروشتی کوردستان خۆشتر بێت، بۆچی درۆتان لەگەڵ بکەم، من هاتووم کەشێك بگۆڕم و چێژ وەربگرم، بەڵام مەرج نییە وەکو ئێوە سێکس لەگەڵ ژنان بکەم.

ئەویش وتی: مەبەستت چیە؟

وتم: ئەگەر هاوڕێیەکی ژنم دەستکەوت، لەگەڵی دادەنیشم و بە دەم خـواردن و خواردنەوەشـەوە قسـە دەکەیـن. دەمەوێ نهێـنی ژیانیان بزانم، بۆچی ئەوانە کاری لەشفرۆشی دەکەن.

ئەمجەد مەندیلیش وتی: خۆ نەبوویتە توێژەری کۆمەڵایەتی، تا لە ژیانی خەڵکی بکۆڵیتەوە.

وتم: هەر کەسێك لە ژیانیدا ئامانجێکی هەیە، هەر یەك لە ئێوە کە هاتوون بۆ ئێرە، ئامانجێکتان هەیە، منیش وەك چیرۆکنووس و رۆماننوسێك ئامـانجم ئەوەیە ئەوەی دەیبینم بیکەمە کەرەستەی رۆمانەکانم.

کە وام وت، ئەمـجەد مەنـدیل وتی: تـۆ چ کارێکـت بە ژیـانی خەڵــکە، چی دەکەن و نــاکەن، رازی نـیم نــاوم بخەیــتە نــاو رۆمانەکەت.

نەوزاد دۆخینـیش وتی: لە لایەن مـنەوە ئازادیـت، شـانازی بەوە دەکەم ببمە پاڵەوانی رۆمانەکانت.

عـیزەدین چـاو حـیزیش وتی: رووداوەکـان چـۆن دەگێڕیـتەوە بیگێڕەوە، تەنها ناوم مەهێنە.

منیش وتم: خەمتان نەبێت، ناوی کەستان وەك خۆی ناهێنم، تەنها رووداوەکان دەگێڕمەوە و تێکەڵ بە خەیاڵی ئەدەبی خۆمیان دەکەم.

جۆرج ئێمەی لە بەردەم دەرگای باڵاخانەکە دانا وتی: لە بیرم چوو پێتان بڵێم ئەگەر ژنتان ویست پەیوەندیم پێوە بکەن. ژمارەی لەشفرۆشێکی زۆرم لایە، دوو کاتژمێر لەگەڵتان دەمێننەوە تەنها بە سی درام، ئەگەر تاکو بەیانیش لەگەڵتان بمێننەوە، دەبێ سەد دۆلاری ئەمریکییان بدەنێ.

نەوزاد دۆخینیش وتی: ئەمڕۆ زۆر ماندووین، تاقەتی هیچمان نییە، کەی ویستمان پەیوەندیت پێوە دەکەین.

عیزەدین چاو حیزیش رووی لە ئێمە کرد و وتی: خواردنی چێشتخانە ناخورێت، زۆریش گرانە، با لە مارکێتەکە هەندێك برنج و پێداویستی بکڕین، لەگەڵ ئەو ئازووقەیەی کە لەگەڵ خۆمان هێناومانە بەکاریان دەهێنین.

ئەمجەد مەندیلیش وتی: لە هەولێر هەندێك گوێزو کولیچەم هێناوە، تەنها نان دەکڕم، حیسابی من مەکەن.

منیش وتم: کێ خواردنمان بۆ ئامادە دەکات، بە تەمای من مەبن، تەنها دەزانم چای ئامادە بکەم.

نەوزاد دۆخینیش وتی: منیش قاپەکان دەشۆم.

عیزەدین چاو حیز وتی: کە پۆلیس بووم گوێزرامەوە بۆ باشووری عێراق، ماوەیەکی زۆر لەوێ مامەوە، لەوێ فێری چێشتلێنان بووم. خواردنێك دروست دەکەم پەنجەی خۆتانی لەگەڵ بخۆن. لە شاری هەولێرهاوڕێیەکی چێشتلێنەرم هەبوو، ماوەیەك نەخۆش

کەوت، لە چێشتخانەی منی لە شوێنی خۆی دانا، میوانەکان هەر وایان دەزانی ئەو خواردن ئامادە دەکات، کەس هەستی پێ نەکرد.

لە نزیک ئەو باڵاخانەیەی کە لێی دابەزیبووین، دوو مارکێتی گەورەی لێ بوو، چووینە یەکێك لە مارکێتەکان، پێداویستییەکانمان کڕی. نەوزاد دۆخین کە چاوی بە خواردنەوە کهولییەکان کەوت، وتی: برایان چی دەڵێن بۆ خواردنەوەی ئەمشەو کارتۆنێك بیرە لەگەڵ خۆمان ببەین؟

عیزەدین چاو حیزیش وتی: لە گەشتی پێشووم بیرەم لەم مارکێتە کڕیوە، بیرە خۆماڵیەکە دەکڕین ئەو لە بیرە بیانیەکان خۆشتر و هەرزانترە.

بیرە خۆماڵیەکە یەك لیتر بوو، لە ناو بتڵێکی پلاستیکیدا بوو، کارتۆنێکمان بە پێنج درام کڕی، شەش بتڵی تێدا بوو، دەیکردە دوانزە دۆلاری ئەمریکی.

شەوێکی سوور

نەوزاد دۆخـــین لە چێشـــتخانەکە دەهـــات و دەچـــوو، لە بەر خۆیەوە قسەی دەکرد. منیش وتم: ئەوە چیتە، لە چی دەگەڕێیت؟

وتی: لە برسان وەختە دڵم ببورێتەوە، شتێك نییە بیخۆین؟

عـیزەدین چـاو حیزیش وتی: وەرە دانیشـە، ئێسـتا شـێف عـیزەدین چاو حیزی براتان خواردنتان بۆ ئامادە دەکات.

منـیش وتـم: ئەگەر خـواردن بخـۆین، بیرەمـان پـێ نـاخورێتەوە. عیزەدین چاو حیزیش وتی: خواردنێکی سووك ئامادە دەکەم، لەگەڵ زەڵاتە و چەرەزات و زەیتـوون لە سـەر خـوانەکە دایـدەنێم و لەگەڵ خواردنەوە دەیخۆین.

ئەمجەد مەندیلیش وتی: خۆزگە دەمزانی ئەو بیرەیە چ تامێکی لێ دێت وا مەراقتانە.

عـــیزەدین چـــاو حـــیزیش وتی: خـــۆزگەی بـــۆچیە، تـــۆش وەرە لەگەڵمان بەشدار بە و بیخۆوە ئەوکات دەزانی تامی چی لێ دێت.

ئەمـــجەد مەنـــدیلیش وتی: لە وەتی هەم دەمـــم لـــێی نەداوە، ناشمەوێ بیخۆمەوە.

نەوزاد دۆخینـیش وتی: ئەگەر پێـت وابێـت حەرامە، ئوباڵـت بە ملم، بیخۆوە گوناهبار نابیت.

منیش وتم: گەورە زانای ئایینی حەسەن تورابی لە سوودان چەند ســاڵێك لەمەو بەر فەتــوای دا وتی: بـیرە ئەگەر رێـژەی کهـولی زۆر نەبێت حەرام نییە.

وتی: بــا بۆخــۆی هەروا بڵێــت، بە قســەی ئەو نیــیە، خــوا لە موسڵمانانی قەدەغە کردووە.

منیش وتم: ئەگەر وابێت، دانیشتنیش لەگەڵ ئەو کەسانەی کە دەخۆنەوە هیچ جیاوازیێکی نییە و حەرامە.

ئەویـش وتی: دەتـانەوێ بەو قسـانە بەشـداریتان لەگەڵ بـکەم، هیچ خۆتـان مانـدوو مەکەن، پێش ئێـوە زۆر کەس هەوڵیان لەگەڵ داوم، بە قسەم نەکردوون. مەسەلە حەرام و حەڵاڵ نیە، باوەڕم پێی نییە بۆیە نایخۆمەوە.

عـیزەدین چـاو حـیزیش وتی: ئەرێ بە راسـتی تـۆ لە خـواردنیش بەشداریت لەگەڵ نەکردین، ئەی چی دەخۆیت؟

مەندیلیش وتی: هەندێك کولیچەو گوێزم لە هەولێر لەگەڵ خۆم هێناوە، تەنها ئەوە دەخۆم.

منـیش وتـم: ئەگەر خواردنمـان لەگەڵ نەخۆیـت، لە قورگمـان نـاچێتە خـوارەوەن هەر هـیچ نەبێـت لە خـواردنی زەڵاتە و زەیتـوون بەشداریمان لەگەڵ بکە.

وتی: ئێوە حورِیەتی خۆتان وەرگرن، شەرم ناکەم.

نەوزاد دۆخینـیش وتی: لە بیرمـان چـوو تەلەفـۆن بـۆ فەرهـاد بکەین، دەبێ نەهاتبێتە ئەرمینیا؟

منـیش وتـم: چەنـد رۆژێـك پـێش ئێسـتا لە بـاغی شـار بینـیم، هەندێك بازن و ملوانکەی لەنگەی ئەوروپی بە دەستەوە بوو، لێم پرسی (ئەوانە چین) وتی (لەو رۆژانە ڤیزەکەم دەردەچێت و دەچمە ئەرمینیا، ئەوانە لەگەڵ خـۆم دەبەم و دەیانکەمە دیاری بـۆ هـاورِێ ژنەکانم).

نەوزاد دۆخینـیش بە پێکەنیـنەوە وتی: ئـای لەو سـەگە، بەلاش ناوی لە خۆی نەناوە شێخ!

ئەمەی وت و مۆبـایلەکەی لە گیرفـانی دەرهێنـا و مۆبـایلەکەی کردە دەرەکی و قسەی لەگەڵ کرد. فەرهاد وتی: چوار شەوە لێرەم.

نەوزاد دۆخینیش وتی: بە تەنیای؟

وتی: نەخێر برادەرێکم لەگەڵە. ئەی ئێوە؟

نەوزاد دۆخینیش سڵاوی ئێمەی پێگەیاند و وتی ئێمەش لێرەین.

فەرهـادیش وتی: ئەگەر ژنتـان ویسـت پـێم بڵـێن، ژنەکـانی ئـێرە هەموویان دەناسم، مریدی منن و پێم دەڵێن یاشێخ، لە بچووك تا گەورە، لە رووسی و جۆرجی و ئۆکرانی تا دەگاتە ئەرمەنی، هەموویان هەن بە کامل مواسەفاتەوە.

عـیزەدین چـاو حـیزیش وتی: ئەو هەمـوو هـاورِێ ژنـانەت هەیە، بۆیە زوو زوو دێیتە ئەرمینیا.

نەوزاد دۆخینیش بە ئێمەی وت: چی دەڵێن دوو لەو ژنانەمان بۆ بنێرێت؟

عیزەدین چاو حیزیش وتی: ئێمە چوار کەسین دوو ژن بەشی چی دەکات.

ئەویش وتی: بە نۆرە دەچینە لایان و دەیانگۆڕینەوە.

منیش وتم: حیسابی من مەکەن، تەنها لەگەڵتان دەخۆمەوە.

ئەمجەد مەندیلیش وتی: منیش هەر هیچ، تەنها لەگەڵتان دادەنیشم.

نەوزاد دۆخینیش وتی: شتی وا چۆن دەبێت، ئەوەش مەکە مەسەلەی خواردنەوەکە، بە فێڵی نەخۆشی شەکرە خۆت لێی کێشایەوە.

منیش رووم لە ئەمجەد مەندیل کرد و پێم وت: نەوزاد دۆخین راست دەکات، با دوانیش بۆ ئێمە بێتن تەنها لەگەڵیان دادەنیشین و دەخۆینەوە.

ئەمجەد مەندیل ئەوەی پێ خۆش بوو، بە نەوزاد دۆخینی وت: بە مەرجێك ژنم دەوێ، کەس هەقی بە سەر منەوە نەبێت، چی دەکەم و ناکەم.

منیش وتم: منیش یەکێکم دەوێت وەکو هاوڕێ لەگەڵم بێت، نامەوێ ئێوە دەستی لێ بدەن.

عیزەدین چاو حیزیش رووی لە نەوزاد دۆخین کرد و وتی: من و تۆ بۆ گانمانە، بە دوان یەك ژنیش بێت ئاساییە.

نەوزاد دۆخینیش وتی: بیرۆکەیەکی باشە، با ئەوان هەر یەك و ژنێکیان بۆ بێت، من و تۆش بە هەردووکمان ژنێکمان بۆ بێت.

ئەوەبوو پەیوەندی بە فەرهاد کرد و پێی وت: سێ ژنی جوانمان بۆ بنێرە.

فەرهادیش وتی: بە کورتە نامەیەك ناونیشانی شوێنی دانیشتنی خۆتانم بۆ بنێرە، تا بۆ ژنەکان بنیرم.

نەوزاد دۆخینیش پێی وتم: ناونیشانی ئێرە لای تۆ بوو، بۆم بخوێنەوە تا بۆی بنێرم.

منیش مۆبایلەکەم کردەوەو پێم وت: بنووسە (گلندل هێلز) بالاخانەی ژمارە حەڤدە، نهۆمی شەشەم، شوقەی ژمارە بیست و پێنج.

ئەویش ناونیشانەکەی بە کورتە نامەیەك بۆ نارد.

عیزەدین چاو حیز بە نەوزاد دۆخینی وت: زۆری نەماوە خواردنەکە ئامادە بێت، خوانەکە ئامادە بکە، هەندێك بیرە لە ناو سارد کەرەوەکە دەربێنە، تا ئەوان دێن با سەری خۆمان هەندێك گەرم کەین.

منیش وتم: تا ژنەکان نەیەن دەست بە خواردن و خواردنەوە ناکەین با ئەوانیش لەگەڵمان بەشداری بکەن.

نەوزاد دۆخینیش وتی: تۆ راست دەکەیت، ئێوە نایان گێن، تەنها لەگەڵیان دادەنیشن.

عیزەدین چاو حیزیش وتی: کە ئەو ژنانە هاتن با بزانین خۆتان بۆ دەگیرێت، یان نا، وا خۆتان لێمان کردۆتە فریشتە.

ئەمجەد مەندیلیش وتی: ئێوە گانتان پێ خۆشە عافیەتتان بێت، خوا دەیکرد تا بەیانی ئەوانتان دەگا، ئێمە حەزمان لە دانیشتن و قسەی خۆشە.

بەم شێوەیە، خوانەکەمان دانا و چاوەڕێی گەیشتنی ژنە لەشفرۆشەکان بووین. هەندەی پێ نەچوو زەنگی ژوورەکەمان لێی دا. نەوزاد دۆخین وتی: عیزەدین چاو حیز تۆ لە دەرگا نزیکی، ئەو تەلەفۆنە هەڵگرە، بزانە کێیە.

عیزەدین چاو حیزیش تەلەفۆنەکەی هەڵگرت و قسەی لەگەڵ کرد. ژنێك بوو وتی: شێخ فەرهاد ئێمەی ناردووە، دەرگاکەمان لێ بکەنەوە.

ئەمجەد مەندیلیش وتی: لە ئێستاوە پێتان بڵێم ئەوەی یەکەم جار دێتە ژوورەوە بۆ منە و حەزناکەم کەستان لێی نزیك بکەونەوە.

منیش وتم: ئەوەی دووەمیشیان بۆ من بێت.

نەوزاد دۆخینیش وتی: با قسەی ئێوە بێت ئەوەی سێیەمیش بۆ من و عیزەدین چاو حیز بێت.

عیزەدین چاو حیزیش دوگمەی دەرگاکەی داگرت و وتی: کێ دەزانێ کامەیان لە وانی تر جوانترە، تازە پەشیمان بوونەوەش نیە، بە نیسبەت من و نەوزاد دۆخین هیچ جیاوازییەکی نیە، جوان بێت، یان ناشیرین، بۆ ئێمە هەر تێپەستانە.

ئێمە لەو قسانەدا بووین، لە دەرگا درا، ئەمجەد مەندیل بە خێرایی خۆی گەیاندە دەرگاکە و کردیەوە. دوو ژنی سوور و سپی،

پرچیان زەرد بـوون وەکـو زێـڕ دەتریسـکایەوە، یەکێکیـان چاوەکانی شینێکی تێر بوو، ئەوەی تریش چاوەکانی سەوزێکی گیایی بوو.

دوای سـڵاوکردن، ژنە چـاو شـینەکە وتی: دوای کەمـێکی تـر هاوڕێیەکەی تریشمان دێت.

خۆی بە ئێمە ناساند وتی: من ناوم لوسینە.

ئەمەی وت و دەسـتی خسـتە سـەر شـانی ژنەکەی تـر و وتی: ئەمەش ناوی ماریتە.

دوای ئەوە هەردووکیـان لە سـەر قەنەفەکە دانیشـتن. منـیش چـوومە چێشـتخانەکە و لە سـەر سنیێك هەنـدێك خیار و تەماتەم لەگەڵ چەقۆیەك هێناو دامە دەست خاتوو ماریت و پێم وت: ئەم سینیەم لێ وەربگرەو زەڵاتە دروست بکە.

ئەویش لێی وەرگـرتم و لە سـەر مێزەکەی دانـا و دەسـتی کـرد بە دروستکردنی. تا لە وردکردنی خیار و تەماتەکان بۆوە، ژنەکەی تریش هـات، خـۆی پێناساندین وتی: ناوم سیڤانایە.عیزەدین چاو حیزیش خـواردنەکەی ئامـادەکرد و لە نـاو مەنجەڵێکی شوشـە هێنـایە سـەر خوانەکەو وتی: پەتاتە و سینگی مریشکیشم سوور کردۆتەوە، لەگەڵ خواردنەوەکە دەیخۆین.

منـیش وتـم: نەوزاد دۆخینـیش هەنـدێك گـڵاس و چەنگـاڵ و کاسـەی شوشـەی لە بەر دەممـان دانـا، وتی: هەر یەکێ گلاسـێك راکێشێتە بەر دەمی و بیرەی تێ کات، زەڵاتەش بکەنە ناو ئەم کاسانە و با دەست بە خواردنەوە بکەین.

ئەمەی وت و رووی لە عیزەدین چاو حیز کرد و پێی وت: یەك دوو پێك دەخۆینەوە، ئەوجا تۆ لەگەڵ سیڤانا بڕۆ ژووری خەوتن و کاری خۆتی لەگەڵ تەواوکە، منیش دوای تۆ دەیبەم.

ئەویش وتی: هەندە نابێ حەبی چالاکی سێکسیم خواردووە، تا حەبەکە کاریگەری خۆی دەکات، تۆ لەگەڵی بڕۆ، من دوای تۆ دەچم.

منیش وتم: ئەو حەبە ناوی چیە کە پێش سێکسکردن دەیخۆیت؟

وتی: ناوی (ڤاردینامیل)ە.

ئەمجەد مەندیلیش وتی: تۆو نەوزاد دۆخین بۆ گان ئەوەندە پەلەتانە، وامزانی بەبێ حەب کێرتان هەڵدەستێ.

عیزەدین چاو حیزیش وتی: چاك نیە کێری من بە حەب هەڵدەستێ، ئەوەی تۆ خەوی لێ کەوتووە و بە دۆڵ و زوڕناش هەڵناستێ.

ئەمجەد مەندیلیش بە تووڕەییەوە وتی: تۆ چوزانیت کێری من مردووە، دیارە ئەو کەسەی ئەو ژنانە نەگێ، کێری مردووە؟

ئەویش وتی: ئەگەر کێرت نەمردبێ پیاو هەیە خۆی بەرامبەر ئەو ژنانە رابگرێت، هێندە سپی و تەنکن، دەڵێی هەتاویان بەر نەکەوتووە.

نەوزاد دۆخینیش وتی: ناوی خوا بێنن، هەر کەس ئازادە چۆنی پێ خۆشە با وابکات.

ئەمەی وت و گڵاسی بیرەکەی بەرز کردەوە و وتی: بە خۆشی هەمووتان.

ژنەکانیش گڵاسەکانیان بەرز کردەوە و وتیان بە خۆشیتان.

ئەمجەد مەندیلیش کورسییەکەی خۆی لە خاتوو (لوسین) نزیك کردەوە و تیری چاوەکانی خۆی هاوێشتە ناو گلێنەی چاوەکانی و دەستی راستەشی خستە سەر شانەکانی و بە دەستی چەپەشی پرچە ئاوریشمییەکانی بۆ دەهۆنیەوە.

خاتوو لوسینیش گڵاسێکی بەتاڵی راکێشا پێش خۆی و هەندێك بیرەی تێ کرد و بۆ ئەمجەد مەندیلی راگرت وتی: تۆش بەشداریمان لەگەڵ بکە.

ئەویش وتی: من خواردنەوەی کهولی ناخۆم.

خاتوو لوسین دوای هەر فڕێك، بە چەنگاڵ دانەیەك زەیتوونی لە ناو کاسەکە هەڵدەگرت و دەیخستە ناو دەمی ئەمجەد مەندیل.

من و خاتوو ماریتیش شانمان بە شانی یەکتری دابوو، هەر جارێك پێکمان دەخواردەوە، گڵاسەکانمان لێك دەدا ئەوجا دەمانئۆشی. بە دەم خواردنەوەش قسەمان بۆ یەك دەکرد.

نەوزاد دۆخینیش کە پێکی خۆی تەواو کرد، دەستی سیڤانای گرت و بردیە ژووری خەوتن.

ئەمجەد مەندیل زۆر پەلەی بوو، خاتوو لوسین لەگەڵ خۆی بباتە ژووری خەوتن، بۆیە ناوە ناوە نوقورچەیەکی لە سکی خاتوو لوسین دەدا، وەك ئاماژەیەك کە واز لە خواردنەوە بێنێت و لەگەڵی بچێتە ژووری خەوتن.

لوسین لەو رەفتارەی ئەمجەد مەندیل زۆر تورە بوو، رووی لە خاتوو ماریت کرد و بە زمانی ئەرمەنی قسەیان لەگەڵ یەکدی کرد. لە قسەکانی پێ دەچوو هۆکاری تورەبوونی خۆی بۆ باس بکات. خاتوو ماریتیش ورتەیەکی لێوە هات و بە پێکەنینەوە شتێکی چرپاندە ژێر گوێچکەکانی. خاتوو لوسینیش لە ناکاو خۆی سوڕاندەوە و دەستی بۆ ناو گەڵی ئەمجەد مەندیل برد، ویستی کێری بگرێت. کە زانی کێری هەڵنەستاوە، بە تورەییەوە پێی وت: مادام کێرت هەڵنەستاوە، ئەم پەلە پەلەییەت لە چیە؟

|ئەمجەد مەندیل بە تورەییەوە هەستا مێزەکەی بەجێ هێشت و چووە ژووری خۆی.

منیش بە خاتوو لوسینم وت: ئەمجەد مەندیل نەخۆشی شەکری هەیە گانی پێ ناکرێ، تەنها دەیەوێ دەستبازی بکات، بڕۆ ئاشتی بکەوە دەنا پارەت ناداتێ.

کە ئەوەم وت، گلاسی بیرەکەی دانا و وتی:لە بەر خاتری ئێوە نەبێت، دوو هەندەی هەقی خۆم پارەم بداتێ، یەك چرکە لەگەڵی نابم.

عیزەدین چاو حیزیش وتی: دەستخۆش هەر ئەوەت لێ چاوەڕێ دەکەین.

ئیتر ئەوەبوو رۆیشتە لای و باوەشی پێدا کرد، ئەم لاو ئەو لای روومەتەکانی ماچ کرد و ئاشتی کردەوە.

دوای هەندێك، ئەمجەد مەندیل و سیڤانا لە ژوورەوە بۆڵە بۆڵیان بوو. منیش بە عیزەدین چاو حیزم وت: بڕۆ تەماشایان بکە، بزانە ئەم هات و هاوارەیان لە چیە، پێیان بڵێ هەندێك لە سەر خۆ بن، دەنگیان نەچێتە دەرەوە، ئابڕومان دەچێت.

ئەویش رۆیشت و لە لە پشت دەرگاکە هەندێك هەستی خۆی راگرت، دوایی گەڕایەوە لامان، وتی: تێنەگەیشتم لە سەر چی ناکۆکن و بۆ وا دەکەن.

کە وای وت، روخسەتم لە خاتوو ماریت وەرگرت و چوومە لای دەرگای ژوورەکەیان. دەرگای ژوورەکە نیوە جام بوو، جامەکەی موشەجەر بوو، چاوم خستە سەر جامەکە و هەستی خۆم راگرت. لە کاتەدا دەرگاکە کرایەوە و ئەمجەد مەندیل و لوسین هاتنە دەرەوە، بەرەو سۆلۆنەکە رایان کرد، ئەمجەد مەندیل فانیلەیەکی بێ قۆڵ و دەرپێیەکی کورتی لەبەردابوو، سکی لوسینی دەگوشی و قدیلانەی دەکردەوە، ئەویش لە قاقای پێکەنینی دەداو بە دەنگی بەرز پێی دەوت (You are crezy)، واتە تۆ شێتی. ئەویش وەکو توتی قسەکەی ئەوی دووبارە دەکردەوە و دەیوت ناوەڵا تۆ شێتی.

بەم شێوەیە تا ماندوو بوون بەدوای یەکدی کەوتن و هەردووکیان بە یەکتریان دەوت تۆ شێتی.

منیش گەڕامەوە لای خاتوو ماریت و دەستم کرد بە خواردنەوە و گاڵتەو گەپ لەگەڵی.

خاتوو لوسین تەنها بەدیێکی کورت و سوخمەیەکی لەگەڵ سترێژێکی تەنکی لەبەردا بوو. سمتی خڕو پڕ بوو، دەتوت گندۆرەی تێر ئاوە، جووتە مەمکەکانیشی- وەکو میزەڵدان بە پڕی لە سەر سینەی راوەستابوون، لاشەیەکی سپی و تەنکی هەبوو، قەد و باڵای وەکو بەژن و باڵای سیڤانا و ماریت درێژ نەبوو، هەندێك لەوان کورتتر بوو. بەڵام ئەم بەژن کورتیەی زیاتر جوانی پێ بەخشی- بوو. دوای ئەوەی لە ئەمجەد مەندیل بێ هیوابوو، زانی کە هیچی لەگەڵ ناکات، خاولیێکی دەستدایەو چووە گەرماوەکە. ئەمجەد مەندیلیش

ویستی لەگەڵی بچێتە ژوورەوە، بەڵام لوسین دەرگاکەی داخست و نەیهێشت لەگەڵی بچێتە گەرماوەکە.

منیش بە ئەمجەد مەندیلم وت: دەمێکە وەکو پشیلە بە دوای کەوتویـــــت، لە ژوورەوە هیچـــــت لەگەڵی نەکــــرد، دەتەوێ لە گەرماوەکە لەگەڵی بقەومێنی؟

ئەویش وتی: من ئەوها زەوقم پێ دێت، ئەوە نیە تۆش تەنها حەز دەکەیت لەگەڵیان بخۆیتەوە.

عیزەدین چاو حیزیش وتی: ئەمجەد مەندیل راست دەکات، تۆش ئەو ژنە جوانەت لە تەنیشت خۆت داناوە و لەجیاتی ئەوەی بیبەیتە ژووری خەوتن و خۆتی پێ بەتاڵ کەیت، کەوتوویتە سەر خواردن و خواردنەوە، دەڵێی قەت نەتخواردۆتەوە.

منیش وتم: من و ماریت وەك و هاورێ بەیەکەوە دانیشتووین، قسە لەگەڵ یەك دەکەین و دەشخۆینەوە، بەڵام ئەمجەد مەندیل و لوسین وەك مشك و پشیلە بە دوای یەکتر کەوتبوون، بە یەکتریان دەوت (You are crezy).

کە وام وت، عیزەدین چاو حیز رووی لە ئەمجەد مەندیل کرد و پێی وت: لوسین چەندی لێ وەرگرتیت؟

وتی: داوای بیست درامی کرد، منیش پێم دا.

ئەویش وتی: هێشتان لەگەڵی دانیشتبایت باشتر بوو، نەوەك وەکو مشك و پشیلە لە دوای یەك رابکەن و بە یەکتری بڵێن (You are crezy).

ئەمجەد مەندیل لە قسەکانی عیزەدین چاو حیز تورەبوو، رووی لە من کرد و وتی: هەمووی خەتای تۆیە، لە بەر تۆ نەبا لەگەڵ ئەو

نەدەهاتم. لە باغی شار پێیان وتم ئەو عیزەدین چاو حیزە زۆر بە قسەیە، لەگەڵی گەشت مەکە، ئەوەی کردووتانە هەمووی دێنێتە سەر مێز و ئابڕوت دەبات.

منیش وتم: عیزەدین چاو حیز بەڵێنی پێ داوم کە ئەو شتانە بۆ کەس باس نەکات.

ئێمە لەو قسانەدا بووین، نەوزاد دۆخین و سیڤانا لە ژووری خەوتن هاتنە دەرەوە، قۆڵیان لە قۆڵی یەکتری هەڵکێشابوو، بە حریت و حۆرەوە چوونە گەرماوەکە.

عیزەدین چاو حیزیش رووی لە ئەمجەد مەندیل کرد و پێی وت: بۆچی لە قسەی من تورە دەبیت، من بۆ تۆمە، بیست درام پارەیەکی کەم نیە، دەکاتە پەنجا دۆلاری ئەمریکی. مادام نایگێیت و لەگەڵی ناخۆیت و ناخۆیتەوە، بۆچی ئەو پارەیان دەدەیتێ.

لە تورەییان، ئەمجەد مەندیل جیرەی ددانەکانی دەهات و تووکی سەری هەڵچوو بوو، نیوچەوانی ببووە دوو ئەنگوست، برۆی جۆت ببوو، چاوەکانی سوور هەڵگەڕابوون، دەتوت خوێنیان تێ زاوە، بە غەزەبەوە سەیری عیزەدین چاو حیزی کرد و مرەیەکی کرد و چووە ژووری نووستن و بە توندی دەرگاکەی لە دوای خۆی داخست و تاکو بەیانی نەهاتە دەرەوە.

کە نەوزاد دۆخین و سیڤانا لە گەرماو هاتنە دەرەوە، عیزەدین چاو حیز رووی لە نەوزاد دۆخین کرد و پێی وت: دەڵێی تازە بە زاوا دەبی، زۆرتان پێ چوو، لە ژوورەوە چیتان دەکرد. زۆری نەمابوو زەوقم تێك بچێت و کێرم بنیشێتەوە.

ئەمەی وت و دەستی سیڤانای گرت و بردیە ژووری نووستن و دەرگاکەیان داخست. بەڵام زۆریان پێ نەچوو، بە چاو تروکانێك،

هەردووکیان هاتنە دەرەوە. سیڤانا هیچی لەبەر نەبوو، جەستەی هەموو رووت بوو، بەڵام عیزەدین چاو حیز دەرپێیەکی کورت و فانیلەیەکی بێ قۆڵی لە بەر دابوو.

ڕووم لە عیزەدین چاو حیز کرد و پێم وت: جوو فسی. نەکردووە، چ زوو هاتنە دەرەوە. ناکات بڵێی گانیشم کردووە!

کە وام پێ وت، کۆندۆمەکەی بەرز کردەوە و وتی: ئەگەر بڕوا ناکەیت، سەیری ئەم کۆندۆمە بکە، بزانە چەند ئاوم تێ کردووە.

کۆندۆمەکەی دەستی دەتوت میزەڵدانی تەقیوە، لاستیکەکەی بەیەکەوە نووسابوو، لەوە نەدەچوو ئاوی تێ کردبێت. پێم وت: دەمێکە گاڵتە بە ئەمجەد مەندیل دەکەیت، کەچی دەرچوو تۆش لەو باشتر نیت، مادام ئاوت نەماوە، ئەم فشە فشەت لە چیە؟

کە وام پێ وت، سەری خۆی نزم کرد و بە شەرمەزاریەوە وتی: خۆشم نازانم بۆچی وام بە سەر هاتووە. جاران بە بێ حەب کێرم هەڵدەستا و ئاویشم زۆر بوو، کەچی ئێستا بە زەبری حەب کێرم هەڵدەستێ و ئاویشم نەماوە.

نەوزاد دۆخینیش وتی: برات نەبێت، بە بێ حەب و ڤیاگرا کێرم هەڵدەستێت و یەك پەقرەج ئاویشیان بۆ تێ دەکەم.

عیزەدین چاو حیزیش وتی: دەك رووت رەش بێت، لەگەڵ خۆت و درۆت. ئەگەر تۆ راست دەکەیت، بۆچی ژنە بچووکەکەت لە دادگا شکایەتی لێ کردیت و لە بەردەم دادوەر و ئامادەبووان، وتی تا بەیانی قوونی خۆیم تێ دەکات و سەرجێییم لەگەڵ ناکات.

کە عیزەدین چاو حیز ئەمەی وت، نەوزاد دۆخین بە تورەییەوە وتی: خەتای خۆم بوو، تۆم لەگەڵ خۆم هێنا، لە باغی شار پێیان

وتم (ئەم عیزەدین چاو حیزە بە قسە و قسەڵۆکە، گەشتی لەگەڵ مەکە، هەموو عەیب و عارت بە گۆڕێ وەردەکات).

لەم قسانەدابووین، زەنگی مۆبایلەکەم لێیدا، جۆرج لە سەر خەت بوو، هەڵم گرت و دەنگی مۆبایلەکەشم بەرز کرد، وتی: ژنتان ناوێ بۆتان بێنم؟

منیش وتم: نەخێر نامانەوێ، شێخ فەرهاد سێ ژنی جوانی بۆ ناردووین.

ئەویش وتی: بە چەند لەگەڵیان رێك کەوتوون؟

وتم: شێخ فەرهاد وتی یەکی تەنها بیست درامیان بدەنێ.

کە وام وت، بە تورەییەوە وتی: شێخی چیە، شێخی قەحپانە، رسقی ئێمەی بریوە، هەر گەشتیارێك لە کوردستان دێتە ئێرە، ژمارەی تەلەفۆنی لەشفرۆشەکانیان دەداتێ، لێناگەڕێت دوو درامان لەو ژنانە دەست کەوێت.

هانرا پتوتیان هوراپیراك

ڕۆژی دواتر دوای خواردنی نانی بەیانی، چوینە سەنتەری شار و لە دوکانی یەعقوب گۆشتفرۆش گەڕاین، نەمان دۆزیەوە. تەلەفۆنم بۆ فەرهاد کرد ناونیشانەکەمان پێ بڵێ، وتی: منیش لە ئێریڤانم، ئەو شوقەیەی گرتوومانە، لە سەنتەری شار نزیکە.

ئەمەی وت و ناونیشانی گۆشتفرۆشەکەی جارێکی تر پێ دایەوەو وتی: تا ئێمە دێین، پیاسەیەك بکەن و بە گوێرەی ئەم ناونیشانە بە دوای بگەڕێن، دڵنیام دەیدۆزنەوە. ئەگەر نا، کە نانمان خوارد ئێمەش دێینە مەیدانی کۆماری و بەیەکەوە دەچین.

ئەمجارە بە وردی چاومان لێ گێڕا، نەوەستاین، تا دۆزیمانەوە. دوکانی یەعقوب گۆشتفرۆش دوکانێکی گەورە بوو، چەند کەسێك کاریان تێیدا دەکرد. کە سڵاومان لێ کردن، یەکێك لە کارمەندەکان، کوڕێکی گەنجی باڵا بەرزی قژ لوول بوو. چەقۆیەکی گەورە و نیو کەلەشی بەرخی بە دەستەوە بوون دەیهێنا سەر تەختە تا پارچە پارچەی بکات. کەلاشەکەی دانا و بە زمانی کوردی کرمانجی سڵاوی لێ وەرگرتینەوە و وتی: خێر هاتن سەر چاڤا.

کە بە کوردی قسەی لەگەڵ کردین، زۆر کەیفم هات، وتم: دیارە تۆش کوردی، خەڵکی ئێرەیت؟

وتی: ئەز ئێزدیم.

منیش وتم: ئێمەش کوردین، خەڵکی کوردستانی عێراقین. لای ئێمە بە ئێزدییەکان دەڵێن کوردی رەسەن.

کە وام وت، بە دەنگێکی بەرز وتی: ئەز نەکوردم، ئەز ئێزدیمە.

کە وای وت، ئەمجەد مەندیل سەری هێنا ژێر گوێم و بە دەنگێکی نزم پێی وتم: لەگەڵی پێدا مەچوو، ئەوانە کەی کوردن، ئێمە بە زۆری ئەوانمان بە کورد داناون، ئەی گوێت لێ نەبوو، میر تەحسین بەگی میری ئێزدیانیش پێش ئەوەی بمرێت وتی: (ئێمەی ئێزدی کورد نین، ئێمە نەوەی ئێزیدخانین و ئێزدی هەم نەتەوە و هەمیش ئایینمانە).

منیش وتم: ئەگەر بمزانیبا پێی ناخۆشە، وام پێ نەدەوت. کورد بێ و کورد نەبێ بەئێمە چی، ئێمە پارەی خۆمان دەدەین، خۆ بە خۆڕایی گۆشتمان ناداتێ.

نەوزاد دۆخینیش پێی وت: کیلۆی گۆشت بە چەندە؟

وتی: گۆشتی گۆلك بە سێ درام و گۆشتی بەرخیش بە پێنج درامە.

ئەویش وتی: رانێکمان بۆ لەو کەلاشە بەرخەی بەر دەمت لێ بکەوە و بزانە دەکاتە چەند.

دوای ئەوەی رانێکی لێ کردەوە و لە سەر تەرازووەکەی دانا وتی: دوو کیلۆ و شەش سەد گرامە، دەکاتە سیانزە درام.

عیزەدین چاو حیز گۆشتەکەی وەرگرت و وتی: من دەگەڕێمەوە شوقە، لەگەڵتان نایەم بۆ مەیدانی کۆماری. تا ئێوە دەگەڕێنەوە، منیش خواردنەکە ئامادە دەکەم و ئێوارە لەگەڵتان دێمە دەرەوە.

ئەمەی وت و رۆیشت. ئێمەش بۆ مەیدانی کۆماری شۆڕبووینەوە. لە بەردەم نافورەکە لە سەر کورسییێك دانیشتین، چاوەڕێی فەرهادمان کرد.

کە فەرهاد هات، پیاوێکی لەگەڵ بوو، لە تەمەنی خۆیدا بوو.بە ئێمەی ناساند و وتی: ئەم برادەرەم ناوی نەوزاد دۆخینە و هاوڕێی منداڵیمە، پێکەوە لە گەڕەکی تەعجیل گەورە بووین. تا خوێندنی ئامادەییشمان تەواو کرد، هەر بە یەکەوە بووین، لە زانکۆی بەغداد ناومان گەڕایەوە، ئەو لە کۆلێژی زانست بەشی کیمیا ناوی دەرچوو، منیش لە بەشی فیزیا وەرگیرام. بەڵام پەیوەندیمان لەگەڵ یەك نەپچڕا و دوای دەرچوونیشمان لە کۆلێژ، هەردووکمان لە پەروەردەی هەولێر دامەزراین.

منیش وتم: تۆ لە ئێمە شارەزاتری، زۆر بۆ ئێرە هاتوویت،ئێرە بە زمانی ئەرمەنی چی پێ دەڵێن؟

وتی: ئێرە مەیدانی کۆماریە، بە زمانی ئەرمەنی پێی دەوترێ (هانرا پتوتیان هورا پیراك) هەندێکیش پێی دەڵێن (گۆڕەپانی ئازادی)، چونکە شەوان کوڕو کچە گەنجەکانی ئەم شارە هەروەها ژنان و پیاوان و گەشتیارانیش بۆ بە سەر بردنی کاتێکی خۆش دێنە ئێرە، هەروەها ژنە لەشفرۆشەکان و هاوڕەگەزبازەکانیش دێنە ئەم گۆڕەپانە و بە دوای نێچیر دەگەڕێن.

منیش وتم: پۆلیس نایانگرێت؟

وتی: ئەگەر کێشە نەنێنەوە، پۆلیس تێکەڵیان نابێت. بە پێی راپۆرتی کەناڵەکانی راگەیاندن نزیکەی دوو سەد و چل لەشفرۆش بە فەرمی لە ئەرمینیا ناوی خۆیان تۆمار کردووە، بەڵام زیاتر لە پێنج هەزار ژن لە کاری لەشفرۆشی تێوەگلاون و زۆربەیان لە شاری

ئێریڤان کار دەکەن. پۆلیس و هێزەکانی ئاسایش پێیان دەزانن، بە ئازادیی کەسی دادەنێن، بۆیە چاوپۆشیان لێ دەکەن.

ئەمجەد مەندیلیش وتی: بەپێی ئەم ژمارە زۆرەیان بێت، دەبوو نرخی سێکسکردن زۆر کەم بێت. کەچی ئەو سێ ژنەی کە دوێنێ شەو بۆت ناردین، زۆریان لێ وەرگرتین.

ئەویش وتی: لێرە سێ جۆر لەشفرۆش هەن، لەشفرۆشەکانی سەر شەقام لە چاو ئەوانەی لە مالانن، یان ئەوانەی لە یانەی شەوان کار دەکەن، نرخیان کەمترە. بە گشتی نرخیان لە نێوان دە بۆ چل درامە.

نەوزاد دۆخینیش وتی: ئەو لەشفرۆشانە لە کوێ دەبیندرێن؟

ئەویش وتی: زۆربەیان لە شەقامی (باگریڤاند) لە نزیك یانەی شەوانی (چارلووت) و هەندێکیشیان لەم گۆڕەپانە لە نزیك هوتێل (ئەرمینیا ماریۆت) لە درەنگی شەودا دەبیندرێن. هەروەها لە یانەکانی شەواندا هەن و دوای کۆتایی هاتنی پرۆگرامەکان دێنە دەرەوە. بەڵام ئەوان پارەیەکی زیاتریان دەوێ، چونکە تەمەنیان بچووکترە و ناسکتر و جوانتریشن. هەندێکیش هەن، لەگەڵ خانەوادەکانیان دەژین، بە رۆژ لە فەرمانگە حکومیەکان و شوێنە بازرگانیەکان کاردەکەن، یان قوتابی زانکۆن، لە بەر سەختی ژیان شەوان ئەو کارە دەکەن. ئەوان داوای پارەیەکی زۆر دەکەن، چونکە لە کارەکە نوێن و زۆر سێکسییان لەگەڵ نەکراوە.

نەوزاد دۆخینیش وتی: ژنێکمان لەوانە چۆن دەست دەکەوێ؟

ئەویش وتی: ژمارە مۆبایلی هەندێك لەو ژنانەم لایە، هەر کاتێك ویستتان، پەیوەندییان پێوە دەکەم و بۆتان دەنێرم. ئەگەر حەزیش

دەکەن ژمـارەی مۆبـایلی ئەوانتـان دەدەمێ، بە نـاوی مـن خۆتـان پەیوەندییان پێوە بکەن.

ئەویش وتی: بۆچی زووتر وات پێ نەوتین. ئەگەر بمزانیبا، دوێنێ شەو داوای ئەوانمان دەکرد.

فەرهادیش وتی: وەکو وتم نرخی ئەوان گرانترە، لە نێوان سی بۆ چل درام داوا دەکەن، بە پارەیەکی کەم نایەن.

عیزەدین چاو حیزیش وتی: لەشفرۆش هەر لەشفرۆشە، ئێمە بۆ گانمانە، خۆ نایانهێنین.

ئەویـش وتی: وا نـیە، تـا لەگەڵیـان نەخەون و نەیـانگێن، نـازانن جیاوازییان لەگەڵ ژنانی سەر شەقام چیە.

عـیزەدین چـاو حـیزیش وتی: بـۆ مـن هـیچ جیـاوازی نـیە، گرنـگ ئەوەیە خۆمیان پێ بەتاڵ کەم.

نەوزاد دۆخینیش وتی: عـیزەدین چـاو حیز راسـت دەکات، بۆچی ئەو پارە زۆرە بدەین.

فەرهـادیش وتی: هەقتـانە وا بڵێن، دیـارە پێشـتر لە گونـد کەرتـان گاوە.

نەوزاد دۆخینـــیش بە پێکەنیـــنەوە وتی: کە ســـەرباز بـــووم، لە بارەگای سریە بە هێسـتر خـواردنم بـۆ سـەربازەکانی سـەنگەرەکەمان دەگواستەوە. سەنگەرەکەمان لە سەر لووتکەی شاخێکی بەرز بوو، لە بارەگای سریە زۆر دوور بـوو. تـا دەگەیشـتمە ئەوێ، دوو سێ جـار هێسترەکەم دەگا.

کە وای وت، قسەکانی عەبدوڵا ئەفغانیم بیرکەوتەوە، جارێك وتی (لە ئێران لە سەردەمی رەزا شا، شوێنی تایبەتی هەبوو بۆ سێکسکردن لەگەڵ هێستر، نرخی ئەوان لە نرخی ژنان گرانتر بوو). قسەکەی عەبدوڵا ئەفغانیم بۆیان گێڕایەوە، بە نەوزاد دۆخینم وت: بەو سیفەتەی کە تۆ هێسترت گاوە و شارەزاییت لێی هەیە، پێمان بڵێ گانی هێستر چ جیاوازییێکی لەگەڵ گانی تر هەیە؟

ئەویش وتی: لە بەر ئەوەی هێستر زاوزێ ناکاتن بۆیە قوزی زۆر تەسك و خۆشە.

کە وای وت، لە قاقای پێکەنینمان دا، ئەمجەد مەندیلیش رووی تێ کرد و وتی: شەرمیش لە خۆت ناکەیت، ئەم رووداوە قێزەونە بە شانازیەوە دەگێڕیتەوە؟

ئەویش وتی: بۆچی تۆ قەت کەرت نەگاوە؟

بەر لەوەی ئەمجەد مەندیل وەڵام بداتەوە، عیزەدین چاو حیز بە پێکەنینەوە وتی: من هێسترم نەگاوە، بەڵام کە لە گوند بووم، کەرم گاوە و چەندین جاریش جۆتکەی لێ داوم.

فەرهادیش وتی: توخوا بیبڕنەوە، ئێمە سەدان کیلۆمەترمان بڕیوە و بۆ ئێرە هاتووین تا هەوایەکی خۆش بگۆڕین، خۆ بۆ ئەوە نەهاتووین باسی هێسترگان و کەرگانمان بۆ بکەن.

منیش وتم: فەرهاد راست دەکات، با بزانین ئەم باڵاخانانەی کە لە چوار دەوری ئەم گۆڕەپانە دان، چین؟

فەرهادیش بە دەست ئاماژەی بۆ باڵاخانەیەکی سێ نهۆمی گەورە کرد، کەوتبووە پشت نافورەکانی گۆڕەپانەکەو وتی: ئەم باڵاخانەیەی

کە دەیبیـنن، مۆزەخـانەی نیشـتمانییە، لە سـاڵی ١٩٢٠ دروسـت کراوە.

منیش وتم: پێتان چۆنە سەردانی بکەین؟

فەرهادیش وتی: من پێشتر بینیومە، ئەگەر ئێوە دەچن، بچن، ئـێمەش دەچیـنە لای نـافورەی سـەماکەر و هەنـدێك لەوێ دادەنیشـین و دوایی دەگەڕێیـنەوە شـوقەکەمان. ئەگەر شـەویش بەرنامەیەکی دیاریکراوتان نەبێت، وەرنە ئێرە، شەوان پڕی ژن و کچی جوان و نیمچە رووت دەبێ. لەشفرۆشەکانی سەر شەقامیش دێنە ئـێرە و چـاو لەو پیـاوانە دەگـێڕن کە بـۆ رابـواردن و سێکسـکردن هاتوون.

ئەمجەد مەندیلیش وتی: ئەو ژنانە چون گانکەرەکان دەناسنەوە؟

ئەویـش وتی: گانکەرەکـان لە دوورەوە دیـارن، چـاو حـیزن، بە بیانووی دانیشتن، یان سڵاوکردن، یان هەر بیانوێکی تر، لێیان نزیك دەبـنەوە و بە سـینگی رووت و جەسـتە سێسـییەکانیان فرێویـان دەدەن، بۆ سێکسکردن لەگەڵ خۆیان دەیانبەن.

کە وای وت، پێکەنینم هات، وتم: کێ کێ لەگەڵ خۆی دەبات؟!

وتی: رەنـگە بەلاتەوە سـەیر بێـت کە وا دەڵـێم، بەڵام شـەو کە هاتیە ئێرە، بە چاوەکانی خۆت دەبینی چۆن ئەو پیاوانە وەکو مەڕ بە پێش خۆیان دەدەن و دەیانبەن.

وتی: ئێمە دەڕۆین، شەو لێرە دەتانبینینەوە.

مـن و نەوزاد دۆخینـیش چـوینە مۆزەخـانەی نیشـتمانی و تکیـتی چوونە ژوورەوەمان بڕی. قوتابیانی قۆناغی بنەڕەتی پۆل پۆل لەگەڵ مامۆستاکانیان دەهاتن و تەماشای کەلوپەلە مێژووییەکانیان دەکرد.

مۆزەخانەکە چەند بەشێکی لە خۆی گرتبوو، دیارترینیان بەشی شوێنەوار و بەشی دراوە کانزاییە کۆنەکان بوو، هەروەها بەشی مێژووی کۆن و نوێ. زۆر کەل و پەل و ئاسەواری مێژوویی تێدا بوو. وەك ئەو چەکانەی کە بۆ بەرگری خۆیان بەکاریان هێناوە، هەروەها ئەو پارە کانزاییانەی کە لە رابردوودا بەکاریان هێناوە، لەگەڵ هەندێك گۆسکە و نووسینی سەر تاشە بەردەکان و کەلە سەری مرۆڤ و ئەو جل و بەرگانەی کە لە بەریان کردوون، بە تایبەتی میر و پاشاکانیان.

نزیکەی دوو کاتژمێر لە ناو مۆزەخانەکە سوڕاینەوە و وێنەمان لەگەڵ بەشێك لەو کەل و پەلانە گرت، کە نمایش کرابوون. دوایی هاتینە دەرەوە و گەڕاینەوە شوێنی حەوانەوەمان.

تا گەیشتینەوە کات درەنگ بوو، ئەمجەد مەندیل تەماشای تەلەفزیۆنی دەکرد و عیزەدین چاو حیزیش لە چێشتخانە بوو، خواردنی ئامادە دەکرد. کە چاوی بە ئێمە کەوت وتی: زۆرتان پێ چوو، لە برسان وەخت بوو دڵم ببورێتەوە، لە بەر ئێوە چێشتمان نەخوارد.

نەوزاد دۆخینیش وتی: بە خێرایی بە ناو مۆزەخانەکەدا گەڕاین، دەنا تا ئێوارە لە دیتنی کەلوپەلە مێژوویی و ئاسەوارە کۆنەکانی ناوی نەدەبووینەوە.

عیزەدین چاو حیزیش وتی: لە کەیەوە بایەخ بە ئاسەوار و شتی مێژوویی دەدەیت؟

ئەویش وتی: بۆ لێم ناوەشێتەوە؟

عیزەدین چاو حیزیش وتی: نێرەکەر تاکو ئێستا لە کوێ بویت، چەند گەشتم لەگەڵ تۆ کردووە، جارێک نەم دیت بەلای ئەو شوێنانەدا بچیت.

منیش وتم: ژیان هەمووی سێکس نیە، ئەم وڵاتە گەلێك شوێنی خۆش و گرنگی تیایە، ئەگەر رازی بن بەیانی سەردانی رادیۆی ئێریڤان دەکەین.

نەوزاد دۆخینیش وتی: من لەگەڵت دێم، خۆمان بە کارمەندەکانی رادیۆکە دەناسێنین و هەندێك وێنەشیان لەگەڵ دەگرین، لە فێسبوك بڵاویان دەکەینەوە، با نەڵێن ئەوانە تەنها بۆ رابواردن چوونە.

دوای ئەوەی نانی نیوەڕۆمان خوارد، هەندێك چاومان گەرم کرد و ئێوارە کە هەستاینەوە چایەمان لێ ناو لەگەڵ بسکیت و چەرەزات بە دەم قسە کردنەوە خواردمان. ئەمجەد مەندیلیش چووە گەرماوەکە و دوشێکی وەرگرت و لە سوچێکی هۆڵەکە بەرماڵەکەی راخست و نوێژی ئێوارەی کرد.

عیزەدین چاو حیزیش پێی وت: ئەم نوێژە چیە؟

ئەویش بەتورەییەوە وتی: مەگەر موسڵمان نیم، بۆچی ئەم پرسیارە دەکەیت؟

عیزەدین چاو حیزیش وتی: ئێرە و نوێژکردنیان نەوتووە، تۆ دوێنێ شەو لەگەڵ ژنی لەشفرۆش بە فانیلە و دەرپێی کورت دەسوڕایتەوە، کەچی ئێستا لێمان بوویت بە سۆفی و نوێژ دادەبەستیت!

کە وای پێ وت، بە تورەییەوە بەرماڵەکەی پێچایەوە و رووی لە من کرد و وتی: ئەگەر لە بەر تۆ نەبا نەدەهاتم. برادەرانی باغی شار

پێیان وتم ئەم عیزەدین چاو حیزە زمانی راناوەستێ، هەموو قسەیەك دەکات.

عیزەدین چاو حیزیش وتی: قسەیەکی خراپم نەکردووە، تەنها وتم ئەم نوێژە چییە؟

ئەویش وتی: ئێوە فەرمەسۆنن، نوێژ ناکەنن هەقتان لە من نەبێ، من لەگەڵ ژنانیش دەبم و نوێژیش دەکەم.

عیزەدین چاو حیزیش وتی: من حەجم کردووە و نوێژیش دەکەم، لە مانگی رەمەزانیش بە رۆژوو دەبم. بەڵام کە بۆ رابواردن دەچمە دەرەوەی وڵات، تا دەگەڕێمەوە نوێژ ناکەم.

نەوزاد دۆخینیش وتی: منیش وەکو عیزەدین چاو حیز تا لە ماڵەوەم نوێژ دەکەم، بەڵام لە شوێنی وا نوێژ ناکەم. ئاخر شتی وا چۆن دەبێ، ئێمە بۆ رابواردن هاتووین، بۆ نوێژ و تاعەت نەهاتووین.

ئەمجەد مەندیل هیچ وەڵامی نەوزاد دۆخینی نەدایەوە و چووە ژووری خەوتن و بە توندی دەرگاکەی لە دوای خۆی داخست.

منیش رووم لە عیزەدین چاو حیز کرد و پێم وت: ئەوە بە راستیتە حەجت کردووە؟

وتی: بۆ لێم ناوەشێتەوە؟

منیش وتم: تۆ هەموو ژیانت مێ بازییە، هەر لەو کاتەی لە بەغداد بوویت، تا گەڕانەوەت بۆ کوردستان، هیچ نەمایە نەیکەیت.

ئەویش وتی: لە کۆتایی حەفتاکانی سەدەی رابردوو چوومە حەج.

ئەمەی وت و هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و هیچ قسەی تری نەکرد.

منیش وتم: ئەم هەناسە قووڵە چی بوو، دەڵێی لەو ڕەفتارانەی ئێستات پەشیمانی؟

وتی: پەشیمان نیم، خەفەت بۆ ئەوە دەخۆم کە چۆن لە سعودیە ژنە لوبنانییەکەم نەگا.

منیش وتم: منیش وتم: تۆ باسی چی دەکەیت؟

ئەویش وتی: لەو باڵاخانەیەی کە لێی دابەزی بووین، ژنێکی لوبنانی لێ بوو، ژنەکەی شوفێری پاس بوو، لە بەیانی زووەوە دەڕۆیشت و تا درەنگی شەو نەدەگەڕایەوە. ڕۆژێك لە خەودا مابووم، ئەوانەی کە لە ژوورەوە لەگەڵم بوون، بۆ نوێژکردن چووبوون. ژنە لوبنانیەکە کە زانی بە تەنها لە ژوورەوەم، هاتە لام و چاوەکانی خستە سەرم، عەزیەیەکی سووری لەبەردا بوو، تا ناوقەدی هەڵکردبوو، سینگی ڕووت بوو، سوخمەی لەبەر نەبوو، بە ئەنقەست خۆی دەچەماندەوە تا مەمکەکانی بە دەرکەوێت. زۆرم حەز چۆیە، لە خۆشیان ئاو بە دەمم ڕانەدەوەستا، ویستم دەستی بۆ درێژکەم و لە سەر تەختەی خەوتن درێژی کەم، یەکێك لەو حاجیانەی کە لەگەڵم بوو، لەو کاتەدا هاتە ژوورەوە، کە چاوی پێمان کەوت، سەری خۆی لەقاند و لە بەر خۆیەوە وتی (لاحول ولا قوە الا باللە).

منیش وتم: ئەی تۆ چیت کرد؟

ئەویش وتی: ژنەکە چاوێکی لێ نوقاندم و ڕۆیشت. ئەگەر ئەو بە سەرماندا نەهاتبا، شل ببووم، زۆری نەمابوو بیقەومێنم.

منیش وتم: ئەی برادەرەکەت هیچ قسەی تری نەکرد؟

وتی: پێی وتم (گۆڕی پێغەمبەری خودا لێرەیە، هیچ نەبێت بۆ ڕێزگرتن لە پیرۆزی ئەو زاتە موبارەکە چۆن کارێکی وەها دەکەیت).

لەگەڵ قسەکانی عیزەدین چاو حیز بیرەوەرییێکی کۆنی خۆمم بیرکەوتەوە، چەند ساڵێك لەوەو پێش کە عومرەم هێناوە، منیش لەگەڵ بێوەژنێك و کچەکەی کەوتمە هەمان بارو دۆخەوە. بە پێکەنینەوە ڕووداوەکەم بۆیان گێڕایەوە، وتم: لە ساڵی ٢٠١٠ گەشتی عومرەم کرد، لە شاری مەدینە بە ڕێکەوت لەگەڵ سێ پیاوی بە تەمەنی شاری هەولێر بەیەکەوە لە ژوورێك دەخەوتین. ڕۆژانە بە یەکەوە سەردانی شوێنە ئایینیەکانمان دەکرد و لە مزگەوتی پێغەمبەریش نوێژمان دەکرد. بێوەژنێکی تەڕلووس خۆی و کچە گەنجەکەی ئەوانیش لەگەڵ گروپی ئێمە بوون. هەر کاتێك بۆ سەردانی شوێنە ئایینیەکان دەڕۆیشتین، بێوەژنەکە خۆی لێ نزیك دەکردمەوە و بە کچەکەی ئاوی ساردی بۆ دەناردم. ڕۆژێك لە کاتی گەڕانەوەمان وتی (لەمەودوا کە دەچیتە بازاڕ، لەگەڵ دەستی خۆت خواردن بۆ خۆت و ئێمە بکڕە و بە یەکەوە دەیخۆین).

کە وام وت، نەوزاد دۆخین بە پێکەنینەوە وتی: دیارە ئەو حەج و عومرەیەش خێری پێوەیەوە، چی دەڵێن گەشتی داهاتوومان بۆ ئەوێ بێت؟

وتم: منیش وەکو عیزەدین چاو حیز ئەو پیاوەی کە لەگەڵم بوو، نەیهێشت لێیان نزیك بمەوە، وتی (ئاگاداری خۆت بە، زۆر لەو دایك و کچە نزیك مەبەوە، نیازیان خراپە، لە چاوەکانیان دیارە بە تەمای شتێکن. ئەو بێوەژنە تەڕلوسە، یان دەیەوێ خۆیت پێ ساغ بکاتەوە، یانیش کچە خێل و خێچ. تۆ پیاوێکی خێزانداریت، چیت لەو ژنە دەستی دووە و ئەو کچە چاو خوار و خێچە داوە).

نەوزاد دۆخینیش وتی: ناکات تۆش وەکو عیزەدین چاو حیز ئەو هەلە زێڕینەت لە دەست دابێت؟

منیش وتم: ئەو دایك و کیژە زۆر گوناح بوون، بێکەس دیار بوون، زۆر دڵیان بە من خۆش بوو، لە شەرمی ئەو پیاوانەی لەگەڵم بوون، خۆم لێ دوور خستنەوە.

نەوزاد دۆخینیش وتی: ئەو بێوەژنانەی کە بە گەنجی لێیان دەقەومێ، زۆر حەزیان لە گانە، هەندێکیان مێرد بە پیاوی بە تەمەن دەکەن، هەندێکیشیان سەر بە هەوێ مێرد دەکەن. بەڵام تیاشیاندا هەیە هاوڕێیەك بۆ خۆی دەدۆزێتەوە و هەرکاتێك حەزی لێ بێت، سێکسی لەگەڵ دەکات.

منیش وتم: وەك شارەزایەك لە بێوەژنان قسە دەکەیت، دەڵێی لەگەڵیان نان و پیازت خواردووەن وا بە جوانی باسیان دەکەیت.

عیزەدین چاو حیزیش وتی: بۆ نازانیت ئەویش بێوەژنێکی لە خۆی گەورەتری بە سەر ژنەکەیدا هێناوە؟

ڕووم لە نەوزاد دۆخین کرد و پێم وت: عیزەدین چاو حیز راست دەکات؟

وتی: بەڵێ وایە، ئەو بێوەژنەی کە هێناومە، خزمی خۆمە، ماوەیەکی زۆرە پیاوەکەی مردووە، کوڕ و کچەکانی گەورەن و ماڵی خۆیان هەیە. زۆرجار پێی دەوتم (ئەگەر کەسێکی باشت لێ هەڵکەوت، مێردی پێ دەکەم) منیش پێم وت ئەگەر بە من رازی بیت، دەتهێنم. بەڵام هیچم نیە لێت خەرج کەم. ئەویش وتی (هەموو شتێکم هەیە، لە خانوو تا ئۆتۆمبێل و زێڕ و پارەم هەیە، تەنها تۆ بمهێنە هیچم لێت ناوێ) ئەوەبوو منیش بە نهێنی بە

مەلایەك مارەم کرد و حەفتەی شەوێك لەگەڵی دەبم و شەوەکانی تریش لەگەڵ ژنی کۆنم دەبم.

منیش وتم: مادام کوڕ و کچەکانی چونەتە ڕێی خۆیان، مانای وایە بێوەژنێکی زۆر بە تەمەنە.

ئەویش وتی: چوار ساڵ لە خۆم گەورەترە.

منیش بە پێکەنینەوە وتم: کەواتە تڵپی تەڕی تیا نەماوە!

عیزەدین چاو حیزیش وتی: ئەو نەوزاد دۆخینە بە پیرەژنان فێرە، لە ئازربایجانیش بە یەکەوە بووین، شەوێك پیرەژنێکی سەر و بەر سپی لەگەڵ خۆی هێنایەوە و لەگەڵی خەوت.

وتی: تۆ نازانیت گانی ئەو پیرێژنانە چەند خۆشە، ئەوان زۆر تامەزرۆن، ئەو خۆشیەی ئەوان دەیدەن، ژنە گەنجەگان لێی نازانن.

منیش وتم: ئەوە لۆیە شازادەی جێنشینی بەریتانیاش وەکو تۆ حەزی چۆتە پیرەژنێك و دەڵێ جارێك لە بارێك بوم، دەمخواردەوە، پیرەژنێکم بینی، حەزم چوێ و بردمە دواوە و سێکسم لەگەڵ کرد. شازادە هاری ئەم قسەیەی لە کتێبی بیرەوەریەکانی گێڕاوەتەوە و بەوەش خانەوادەی پاشایەتی لە بەریتانیا زۆر نیگەران بوون و سەرکۆنەی ئەمیر هارییان کرد و وتیان (ئەمیر هاری دەیەوێ بەو قسانە ئابڕووی خانەوادەکەمان ببات، لە پێناو دەسکەوتێکی دارایی ئەم قسانە دەکات).

عیزەدین چاو حیزیش رووی لە نەوزاد دۆخین کرد و وتی: باسی ئەو هونەرمەندە بێوەژنە بەتەمەنەی شاری هەولێرمان بۆ بکە، کە ناوە ناوە لەدوات دەنێرێت و سواری خۆییت دەکات.

منیش وتم: وەی لەوە، ئەوە تۆ چی دەڵێیت؟

ئەویــش بە پێکەنیــنەوە چــیرۆکی خــۆی و ئەو بێــوەژنەی بــۆ گێڕاینەوە وتی: بێوەژنێکی بە تەمەنە، بەڵام زۆر بە زەوقە. لە ساڵانی پەنجاکان، لە رادیۆی کوردی بەغداد گۆرانی وتووە، ئێستا پیر بووە و لە شاری هەولێر بە تەنیا دەژیت. هەر کاتێك حەزی لە گان بێت، پەیوەنــدیم پێــوە دەکـات و منــیش دەچــم. بە یەکەوە دەخــۆین و دەخۆینەوە، تـا درەنـگی شـەو سـەمام بـۆ دەکات و دوایەش بـۆی تێ دەخەم و خۆمی پێ بەتاڵ دەکەم.

لەگەڵ گێڕانەوەی ئەو سەربردانە وا ئاوێتە ببوین، ئاگامان لە کات نەمــابوو. ئەمــجەد مەنــدیل لە ژوورەکەی هــاتە دەرەوە و وتی: خەریــکە رۆژ ئاوابێــت، دەڵــێی بە نیــاز نــین بچــنە دەرەوە، وا مەجلیستان گەرم کردووە؟

کە تەماشـای کاتژمێرم کـرد، کات پێنجی ئێـوارە بـوو، وتـم: پەلە بکەن خۆتان بگۆڕن، دەچینە مەیدانی کۆماری، لەوێش چاومان بە فەرهاد و هاورێکەی دەکەوێت.

خۆمان گۆڕی، بۆ چێژوەرگرتن لە نافورە و مۆسیقا دڵڕفێنەکەی چــووینە مەیــدانی کۆمــاری، کە بە دڵی ئێریڤــان نــاسراوە. لە ســەر کورسییەکانی بەرامبەر نافورە رەنگینەکە دانیشتین. ئەمجەد مەندیل تەسبیحێکی پەمەیی دەنك شووشەی بچکۆلانەی بە دەستەوە بوو، چاوەکـانی بڕیبــوونە ئەو ژنە جــوان و نــیمچە رووتــانەی کە بە بەر دەممـان رەت دەبـوون، بە پەنجەکانیشی۔ دەنکەکانی تەسـبیحەکەی ئـاودیو دەکـرد و لە بەر خۆشـیەوە بە دەنگـێکی نـزم نـاوی خـوای دەهێنا.

لەو کاتەدا کچێکی جـوان و جاحێڵ ملوانکەیەکی سـپی زیـوی لە مـل بـوو، خـاچێکی گەورەی پێـوە شـۆڕ کرابـۆوە، قەمیسـێکی رەنـگ

هەناری یاخە کراوە و تەنورەیەکی رەشی کورتی تا سەر چۆکی لە بەر دا بوو، دوو جار لە بەر دەممان هات و چوو، چاوەکانی بریبووە تەسبیحەکەی ئەمجەد مەندیل و لە ناکاو وەکو هەورە تریشقە خۆی گەیاندێ و پەلاماری دا، ویستی لە ناو دەستی دەربێنێت. بەڵام ئەمجەد مەندیل تەسبیحەکەی توند گرت و نەیهێشت لە ناو دەستی بێنێتە دەرەوە.

کچەکە لەوە نەدەچوو زۆر گەورە بێت، تەمەنی لە نێوان بیست و دوو بۆ بیست و سێ ساڵ دەبوو، لەگەڵ ئەمجەد مەندیل کردیە عینادی و وازی لێ نەدەینا. لەوە دەچوو بەو رەفتارەی بیەوێ سەرنجی ئەمجەد مەندیل بۆ لای خۆی رابکێشێت و ببێتە هاورێی. بەڵام ئەمجەد مەندیل لە شەرمی ئێمە توند تەسبیحەکەی گرتبوو نەیدەهێشت لێی بستێنێت.

منیش پێم وت: ناکات بڵێی ئەو تەسبیحەم لا پیرۆزە، بۆیە نایدەمێ؟

ئەویش وتی: بۆچی بیدەمێ، خۆ قەرزی لە سەرم نیە.

منیش وتم: ئەی بۆچی کە لە ئازربایجان بە یەکەوە بووین، تەسبیحە سەوزەکەت بە ملی سارا ئازەری وەکرد و وێنەیەکیشت لەگەڵی گرت؟

کە وام وت، رووی خۆی وەرگێڕا و بە تورەییەوە رۆیشت و لە دوورەوەی ئێمە بە تەنها لە سەر کورسییێك دانیشت.

منیش دەستی کچەکەم گرت و هێنامە نێوان خۆم و عیزەدین چاو حیز، دوو ماچم لە روومەتە تەڕ و ناسکەکانی کرد و پێم وت: ئەو برادەرە پیاوێکی نوێژکەرە، نایەوێ بە ئاشکرا، لە بەر چاوی ئێمە

تەسبیحەکەت بداتێ. لەگەڵ من وەرە دەچینە شوێنی حەوانەم و بە یەکەوە دوو پێك بیرە دەخۆینەوە و قسەش بۆ یەك دەکەین.

کە وام پێ وت، زۆر کەیفی هات، باوەشی پێدا کردم و ماچی کردم.

کە گەیشتینە سەر سنوور، لە بەر دەرگای مەرزی تەمرچین چاوم بە جادر کۆمبارسی هاوڕێی منداڵیم کەوت، عەبدوڵا شێخانی و ماهیر کرمانجی لەگەڵ بوو. کە چاوی بە من کەوت، لە خۆشیان شاگەشکە بوو، وتی: بەر لەوەی بێم، لێم پرسیت وتیان چوویت بۆ ئەرمینیا.

منیش وتم: بۆچی هاتووی؟

وتی: بۆ سەردانی پزیشك هاتووم.

منیش وتم: چاکە بە تەنیا نیت، دوو کەست لەگەڵ دایە.

ئەویش وتی: ئەوان بۆ ئیشێکی خێر هاتوون، لێرە بەجێم دەهێڵن و دەچنە شاری بۆکان.

منیش وتم: دیارە بۆ سەر گۆڕی حەسەن زیرەك دەچن؟

وتی: لە خۆیان بپرسە با پێت بڵێن بۆچی هاتوون.

منـیش بە عەبـدوڵا شـێخانیم وت: ئەگەر بـۆ سـەر مەزاری حەسەن زیرەك نەهاتبن، ئەی بۆچی هاتوون؟

وتی: بۆ خوازبێنی خاتوو مانی بۆکانی هاتووم.

منیش وتم: بۆ کوڕەکەت؟

وتی: نەخێر بۆ خۆم.

منیش وتم: ئەو زۆر لە تۆ بچووکترە، مێردت پێ دەکات؟

بە پێکەنیـنەوە وتی: خۆشەویسـتمە، مـاوەیەك پـێش ئێسـتا لە هەولێر بوو، خانوێکم بۆ گرتبوو، خۆم کرێیەکەم لەجیاتی دەدا.

ماهیر کرمانجیش بێ ئەوەی پرسیاری لێ بکەم وتی: من لە جیاتی کەسـوکاری لەگەڵی هـاتووم، هەر لەوێـش مـارەی دەکەیـن و منـیش دەبمە شایەت لە سەر مارەکردنیان لە یەکتری.

ئەوەی وت و لەگەڵ عەبـدوڵا شـێخانی خواحافیزیـان کـرد و ڕۆیشتن.

جـادر کۆمبارسـیش وتی: ئەگەر بە پەلە نیـت بـۆ گەڕانەوە، لەگەڵـم بمێـنەوە، کە لە سـەردانی پزیشـکیش بـووینەوە، سـەردانی شـارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردسـتانیش دەکەیـن و بە یەکەوە هەوایەك دەگۆڕین.

منیش وتم: هەرچەند پێشتر زۆربەی ئەو شارانەم بینیوە، بەڵام لە بەر دڵی تۆ دەمێنمەوە و بە تەنیا جێت ناهێڵم. سەردانی مەزاری حەسەن زیرەکیش دەکەین و دوایی دەچینە شاری سەقز و بانە و لەوێشەوە بە سەردەشت تێدەپەڕین و دەگەڕێینەوە خانێ.

کە وام پێ وت، زۆر کەیفی هات، وتی: تۆ وەکو براکانم خۆشەویستی، دەمزانی دڵم ناشکێنی و لەگەڵم دەمێنیتەوە.

نەوزاد دۆخینیش وتی: بڕیار بوو من بمێنمەوە، کەچی تۆ دەمێنیتەوە.

ئەمەی وت و لەگەڵ ئەمجەد مەندیل و عیزەدین چاوحیز بەیەکەوە خواحافیزیان لێ کردم و لە مەرزی تەمرچین بۆ دیوی هەرێمی کوردستان ئاودیو بوون. من و جادر کۆمبارسیش لەگەڵ محەمەد کۆسە بۆ شاری ورمێ بەڕێکەوتین.

لە ناو ماشێنەکە محەمەد کۆسە پرسی: ئەوە بۆچی نازناوی کۆمبارست دەقەبەڵ کردووە؟

منیش وتم: چونکە خۆی شانۆکارە و بیست ساڵ زیاترە لە شانۆ کار دەکات و سیناریۆ دەنووسێ، کەچی هێشتا ڕۆڵێکی سەرەکی وەرنەگرتووە، دەرهێنەرەکان لە بەر بێ توانایی هەمیشە ڕۆڵی کۆمبارسی پێدەدەن. تەنیا جارێك ڕۆڵێکی سەرەکی لە درامایەکی تەلەفزیۆنی بە داوەتێکی دەرهێنەر وەرگرت ئەویش ساڵانی هەشتاکان بوو، تەلەفزیۆنی بەغداش مۆڵەتی دەقەکەی نەدا و ریسەکەی لێ بووەوە خوری.

محەمەد کۆسەش رووی لە جادر کۆمبارس کرد و وتی: جا حەیف بۆچی لەوانی تریشدا دەرهێنەرەکان داوەت ناکەیت؟

پێش ئەوەی جادر کۆمبارس وەڵام بداتەوە، من وەڵامم دایەوە و وتــم: فەقــیرەی کــرێچییە و توانــای دارایی کەمە، ئەو دەرهێــنەرە چاوچنۆکانە بەو تێرناکرێن.

محەمەد کۆسە کە زانی جادر کۆمبارس بۆ پشکنینی پرۆستات و گورچیلە و چاوەکانی بۆ لای پزیشك هاتووە، وتی: لە شاری تەبرێز دکتــۆرێکی بەناوبــانگی لێــیە، پســپۆری نەخۆشــیەکانی پرۆســتات و گــورچیلەیە. ئەگەر بــتەوێ ئێســتا پەیوەنــدی پێــوە دەکەم و بــۆت حجز دەکەم.

جــادر کۆمبارســیش وتی: ئەگەر دڵنیایــت پزیشــکێکی باشــە، تەلەفۆنی بۆ بکە، راستەخۆ بۆ ئەوێ دەچین.

محەمەد کۆسەش مۆبایلەکەی لە گیرفانی دەرهێنا و تەلەفۆنی بۆ کەسێك کرد و بە زمانی فارسی قسەی لەگەڵ کرد.

جــادر کۆمبارســیش رووی لە مــحەمەد کۆســە کــرد و پــێی وت: تێنەگەیشتم چیت پێ وت؟

ئەویــش وتی: پــێم وت پەیوەنــدی پێــوە بکــات و پــێی بــڵێ زوو بەڕێمان بکات.

بەم شــێوەیە، کــاتژمێر هەشــت و نیــوی شــەو گەیشــتینە شــاری تەبرێــز و چــوینە نــۆرینگەی ئەو پزیشــکە. تــا گەیشــتینە ئەوێ، پزیشــکەکە زۆربەی نەخۆشــەکانی بەرێ کردبــوو، تەنهــا ئــێمە و سێ نەخــۆش مــابووین. مــحەمەد کۆســە بە تــورکیێکی ســەقەت قســەی لەگەڵ ســکرتێری پزیشــك کــرد. وتی بە پزیشــك بــڵێ لە عــێراقەوە هــاتوون، زوو بەڕێمــان بکــات. بەڵام ســکرتێرەکە هــیچ بــایەخی بە قســەکانی مــحەمەد کۆســە نەدا. وەك ئەوە وابــوو، کە نەیناســێت.

محەمەدیش سەیری من و جادر کۆمبارسی کرد و ئارەقەی شەرمەزاری لە نیوچەوانی دەتکایەوە.

بە هەرحاڵ، نۆرەمان هات و چووینە لای پزیشکەکە، جادر کۆمبارس کەمێك زمانی تورکی دەزانی، باسی تەندروستی خۆی بۆ کرد.

سەیری بڕوانامەی پشت سەری پزیشکەکەم کرد، هەڵگری بڕوانامەی ماستەر بوو، لە نەخۆشی گورچیلە و میزڵدان. بە محەمەد کۆسەم وت: لە ورمێ دەیان پزیشکی لە سەرووی پسپۆرییەوەی لێیە. بۆچی ئێمەت بۆ ئێرە هێنا، مادام پزیشکی لە سەرووی پسپۆری ناناسیت؟

کە وام پێی وت، نەیزانی چی بڵێت، لە شەرمان رنگی سوور هەڵگەڕا و زمانی تەتەڵەی دەکرد، شێرێك لەوێ و ریوییەك لە وێ، زۆر خۆی هێناو برد، نەیتوانی درۆیەکەی پینە بکات.

دوای ئەوەی پزیشك پشکنینی بۆ کرد، ڕەچێتەیەکی دایە و هیچ باسی پشکنینی خوێن و سۆنار و قەستەرەی نەکرد.

منیش وتم: ئەقڵم ئەم پزیشکە ناگرێت، بۆردی دکتۆرای نییە، لە شاری ورمێ دکتۆری زۆر لەو باشتر هەن. ئەگەر بە قسەم دەکەیت، دەرمانەکان مەکڕە، ئێستا دەچینە شاری ورمێ، ئەم شەو لە هوتێل دەخەوین و بەیانی سەردانی دکتۆرێکی لە سەرووی پسپۆرییەوە دەکەین.

جادر کۆمبارس بیرۆکەکەی پێ باش بوو، وتی: لە بەر تۆ دەنگم نەکرد، ئەگینا زوو زانیم ئیشی ـ ئەم پزیشکە فشەیە. بەبێ ئەوەی پشکنینی خوێن و میز و سۆنارم بۆ بکات، دەرمانی بۆ نووسیم.

مـحەمەد کۆسـەش وتی: پزیشـکەکە پـێی وتـم (گورچیلەکـانی چرکیان گرتووە، هەندێك وردە زیخی تێدایە، ئاو زۆر بخواتەوە دێتە خوارەوە). بۆ پرۆستاتەکەشت وتی (قەوارەکەی زۆر گەورە نییە، بە قەدەر دنکە نۆکێکە).

جادر کۆمبارسیش وتی: قسەی قۆڕ، نزیکەی دەساڵە سەردانی دکتۆرەکان دەکەم، دکتۆر نەماوە سەردانم نەکردبێ، هەر هەمویان دەڵـێن قەبـارەکەی گەورە بـووە، دەبێ نـاوەکەی هەڵبکـۆڵین، کەچی ئەو دکتۆرە فاشیلە دەڵێ جێگەی مەترسی نیە!

منـیش وتـم: لە ورمێ کەسـێك دەناسـم، لەو هـوتێلەی کە بـۆی دەچین، نووسینگەی هەیە، نەخۆش دەباتە لای دکتۆرەکان، بەیانی دەچینەی لای و داوای لێ دەکەم لەگەڵمان بێت.

ئەوەبوو بەم شـەوە گەڕاینەوە شـاری ورمێ، لە ڕێگا تەلەفۆنم بۆ بەڕێوەبەری هوتێل (ئادا) کرد و پێم وت ژوورێکی سێ تەختیمان بۆ دابنێت.

هوتێـل (ئـادا) لە خیابـانی کاشـانیە، کەوتـۆتە نـاوجەرگەی بـازاڕ، هوتێلێکی سێ ئەستێرەی زۆر خاوێنە. نرخەکەی لە چاو هوتێلەکانی تـر زۆر کەمە. خەڵکی شـاری هەولێر و دەورو بەری لە سـەردانیان بـۆ شاری ورمێ، لەو هوتێلە دەمێننەوە.

تـا گەیشـتینە ورمێ و چـووینە هوتێـل، کـات دوانـزەی شـەوی لادابوو. ئەو شەو خەوتین و بەیانی کاتژمێر هەشتی بەیانی هەستاین و ریشـمان تـاشی و خۆمـان گۆڕی و چـووینە ریسـتورانتی هـوتێلەکە بـۆ نـانخواردنی بەیـانی. دوای نـانخواردن، چاومـان بە کەمـال مـزوری کەوت، لە نووسـینگەی خـۆی دانیشـتبوو، چـاوەڕێی نەخۆشـەکانی دەکـرد بیانبـاتە لای پزیشـك. کەمـال مـزوری لە تەمەنی مـن و جـادر

کۆمبارس دا بـوو، بە رەچەڵەك خەڵـكی كوردسـتانی عـێراق بـوو، لە سـاڵی ١٩٧٤ لەگەڵ خـانەوادەكەی بە هـۆی شـۆڕشی ئەیلـوولەوە ئاوارەی ئێران دەبێت و تاكو ئێستاش لەوێ ماوەتەوە. خێزانـداره و كـوڕە گەورەكەی لە هێنـان و بـردنی نەخۆشـەكان بـۆ لای دكتـۆر، هاوكـاری دەكـات. كەسـێكی راسـتگۆ و بێ فـڕو فـێڵە. پێشـتر ئەو شـوێنەی كـاری لێ دەكـات، سـەر بە فەرمـانگەی تەندروسـتی نووسـینگەی سـەرۆكی حكـوومەتی هەرێـمی كوردسـتان بـوو، بەڵام دوای سـەرهەڵدانی رێكخـراوی تیرۆرسـتی داعـش و بە هـۆی قەیـرانی دارایـــیەوە، نووســـینگەكە بە فەرمی داخـــرا و لە ئێســـتادا بەڕێوەبەرەكەی بۆ خۆی كار دەكات.

سـڵاوم لـێی كـرد و جـادر كۆمبارسـم پـێی ناسـاند و وتـم: جـادر كۆمبارس چەنـدین نەخـۆشی هەیە، لەوانە پرۆستات و گورچیلك و چاو كزی، بـۆ سـەردانی دكتـۆر هـاتووە، لەگەڵی بـڕۆ بـۆ لای دكتـۆرە باشەكانی ئێرە، ئەو هاوڕێیەكی خۆشەویستمە.

كە وام پـێ وت: بە مۆبایـل پەیوەنـدی بە دكتـۆرێكی پسـپۆری نەخۆشـیەكانی گورچیلـك و میزەڵـدان كـرد و وتی: ئەم دكتـۆرە لە سـەرووی پسـپۆرییەوەیە، ئەنـدامی كـۆمەڵەی پزیشـكانی ئەمـریكی و بەریتانیـایە و بەناوبـانگە. جیـاواز لە دكتۆرەكـانی تـر، بەیانیـانیش نۆرینگەكەی دەكاتەوە، وتی ئێستا لەگەڵ خۆت بیهێنە.

منیش وتم: تا ئێوە دەچنە لای دكتۆر و دێنەوە، منیش دەچمە ئازمایشگای (ئاریان) و هەندێك پشكنین بۆ خۆم دەكەم.

جادر كۆمبارسیش وتی: تۆ چیتە، خۆ نەساغ نیت؟

وتـم: پێشـتر نەخـۆشی كینگـزم هەبـوو، لە هەولـێر چـوومە لای دكتۆر شەوقی غەزالە، حەبی زایلۆریكی سێسەد ملیگرامی بۆ نووسیم. نـزیكەی چـوار سـاڵ بەكـارم هێنـا و لە خـواردنی گۆشـتی سـوور و

پاقلەمەنیەکـان خــۆم دوور خســتەوە، ئینجـا چـاك بــوومەوە. هەرچەنـدە چاك بـوومەتەوە، سـاڵی جارێك یان دوو جار پشـكنینی خوێن دەكەم، بۆ زانینی رێژەی یۆریك ئەسید و كریاتین و پرۆتین لە ناو خوێنم.

ئیتر ئەوەبوو، کەمال مزوری و جادر کۆمبارس چوونە خیابانی شیمالی بۆ لای دكتۆر و منیش چوومە ئازمایشگا.

ئازمایشگای (ئاریان) لە هوتێل (ئادا) نزیك بوو، پشكنینم كرد و گەڕامەوە هوتێــل. لە ســاڵۆنی هوتێــل دانیشــتم و بە دەم چـــا خـواردنەوە چـاوەڕێی گەڕانەوەی جـادر كۆمبارسـم دەكـرد. مـحەمەد كۆسـەش وتی: بە هـۆی گەشـتیارانەوە ئەم مـاوەیە ئاگـام لە مـاڵ و منداڵم نەماوە، ئەگەر لاریت نەبێ، دەچمەوە خانێ و بەیانی دێمەوە لاتان.

منیش وتم: بـڕۆ خـوات لەگەڵ بێت، كە ئیشـوكارمان لێرە تەواو بوو ئاگادارت دەكەینەوە.

بەم شێوەیە، محەمەد كۆسە گەڕایەوە خانێ و منیش تا كاتژمێری دووی دوای نیـوەڕۆ چـاوەڕێی جـادر كۆمبارسـم کـرد، كە نەهـاتەوە، چووومە ئەو ریستورانتە كە لەناو هوتێلەكە بوو، نانی نیوەڕۆم خـوارد و گەڕامەوە ژوورەكەمان و دووشێكم وەرگرت و لێی خەوتم.

بیمارستانی میلاد

بە تەواوەتی چاوەکانم گەرم نەکردبوون، لەگەڵ دەنگی تەلەفۆن بە ئاگا هاتم، کەمال مزوری لە سەر خەت بوو، وتی: خۆت بگۆڕەو وەرە خوارەوە، لە ئۆفیسەکەم چاوەڕێت دەکەم. جادر کۆمبارسیش لە لامە، لە بیمارستانی میلاد قەستەرەی پرۆستاتی بۆ دەکەن، بەهزادی کوڕم لەگەڵی دەچێت، پێم باشترە تۆشیان لەگەڵ بیت.

بە خێرایی خۆم گۆڕی و چوومە خوارەوە. کە جادر کۆمبارس چاوی پێم کەوت، وتی: کاك کەمال پێی خۆشە تۆمان لەگەڵ بیت، دەنا من حەزناکەم تۆ ماندوو بکەم.

منیش وتم: ئێمە براین، لە خۆشی و ناخۆشیدا لەگەڵتدام.

کەمال مزوریش وتی: نەخۆشێکی زۆر لە هەرێمی کوردستانەوە روویان لێرە کردووە، لەگەڵیان دەچمە کۆمەڵگەی پزیشکان، بۆیە ناتوانم لەگەڵتان بێم. بەهزادی کوڕم لەگەڵتان دێت، ئەویش وەکو من شارەزایەو ئەوەی پێویست بێت بۆتان دەکات.

ئەمەی وت و بانگی بەهزادی کرد و پێی وت: لە نەخۆشخانەی میلاد دکتۆر چاوەڕێتان دەکات، لەوێ قەستەرە و پشکنینی تەواو بۆ جادر کۆمبارس دەکرێت،لەگەڵیان برۆ تا کارەکانیان تەواو دەبێت لەگەڵیان بمێنەوە.

ئەوەبوو منیش لەگەڵیان چووم، کە گەیشتنە بیمارستانی میلاد، دکتۆر لە پرسگە چاوەڕێی دەکردین. کە چاوی بە جادر کۆمبارس کەوت، پێی وت: خۆت یەکلایی کردەوە، یان نا؟

ئەویش وتی: وەکو پێم وتی: ئەگەر دەزانی هەڵاوسانی پرۆستاتەکەم مەترسی لە سەر ژیانم نیە، ئەو نەشتەرگەریە ناکەم و حەزناکەم هەڵیکۆڵن.

ئەویش وتی: دەزانم بۆچی ئەو نەشتەرگەرییە ناکەیت، لەوە دەترسیت توانای سێکسکردن لە دەست بدەیت؟

ئەویش بە پێکەنینەوە وتی: ئەدی هەقم نیە بترسێم؟

دکتۆریش وتی: هەموو پرۆستاتەکەت بۆ دەرناهێنم، تەنها ئەوەندەی لێ‌دەردێنم کە بۆڕی میزت فراوان بێت و کێشەت بۆ دروست نەکات، بەشی ئەوەندەت بۆ دەهێڵمەوە کە توانای سێکسکردنت بمێنێ.

جادر کۆمبارسیش وتی: دکتۆرەکانی هەولێریش هەمان قسەیان پێ وتومە، بەڵام ئەوانەی کە نەشتەرگەری پرۆستاتیان کردووە، دەڵێن توانای سێکسیمان نەماوە.

دکتۆریش وتی: حەبێکت بۆ دەنووسم، یارمەتی دەردەبێت بۆ هەڵسانی ئەندامی نێرینەت و هیچ مەترسیشی. لە سەر ژیانت نابێت. یەك کاتژمێر بەر لە سێکسکردن دانەیەکی لێ بخۆ، وەکو گەنج کێرت هەڵدەستێت.

جادر کۆمبارسیش وتی: ئەگەر ئەم نەشتەرگەرییە نەکەم چی دەبێت؟

وتی: زوو یان درەنگ هەر دەبێ بیکەیت، بەڵام دەتوانی هەندێکی تریش دوای بخەیت.

ئەویش وتی: ئەگەر نەیکەم ئێستا چیم بۆ دەکەی؟

وتی: ئێستا بە نازوورت بۆ دەکەم، لە ناوەوە سەیری دەکەم بزانم چۆنە.

جادر کۆمبارس قەستەرەش وتی: منیش ئەوەم پێ باشە، چارەسەرم بۆ بنووسە، ئەگەر چاك نەبوومەوە، ئەوکات دەیکەم.

دکتۆریش بە بەهزادی وت: لەگەڵی برۆ پەڕاوەکانی بۆ جێبەجێ بکە و بیبە ژووری نەشتەرگەری، کە ئامادەبوون، ئاگادارم بکەوە، بە بەنجی مەوزوعی بۆی دەکەم.

جادر کۆمبارس لەگەڵ بەهزاد خەریکی جێبەجێکردنی پەڕاوەکان بوون، منیش لە هۆڵی چاوەڕوانی دانیشتم و چاوەڕێم کردن. دوای کاتژمێرێك جادر کۆمبارس هاتە لام و وتی: داوای لێبوردنت لێ دەکەم زۆر ئەزیەتم دایت.

منیش وتم: گرنگ ئەوەیە تۆ چاك بیتەوە و بە ساغ و سەلامەتی بگەڕێیتەوە ناو خانەوادەکەت.

بەهزادیش رووی لە جادر کۆمبارس کرد و وتی: دکتۆر بەشی دوو مانگ دەرمانی بۆ نووسیویت، وتی (دوای تەواو بوونی ئەو دەرمانانە، دەبێ بگەڕێتەوەلامن تا پشکنینی بۆ بکەم) ئەگەر باشتر نەبێت، ناچاری نەشتەرگەریەکە بکەیت.

کوچەی پلیتەن

گەڕاینەوە هوتێل و تەلەفۆنم لەگەڵ محەمەد کۆسە کرد و پێم وت: ئیش و کاری جادر کۆمبارسمان تەواو کردووە، ئەمڕۆ وەرە ورمێ، لە هوتێل چاوەڕێت دەکەین. دەچینە شاری مەهاباد و ئەم شەو لەوێ دەمێنینەوە.

جادریش وتی: زۆرم پێ خۆشە شاری مەهاباد، پایتەختی کۆماری کوردستان و شاری پێشەوا قازی محەمەد و محەمەدی ماملێ و هێمن و هەژاری موکریانی نەمر ببینم.

منیش وتم: هێمنی موکریانی ناوی خۆی محەمەد ئەمینی شێخولئیسلامە، لە ساڵی ١٩٢١ لە دایك بووە و لە ساڵی ١٩٨٥ گیانی بە خاك سپاردووە و لە گۆڕستانی شاعیران لە شاری مەهاباد نێژراوە. لە دامەزراندنی کۆماری کوردستان چەندین شیعری نەتەوەیی و وتاری سیاسیی بە نرخی لەو سەردەمەدا بڵاوکردۆتەوە و پێشەوا قازی محەمەدیش نازناوی شاعیری میللی پێ بەخشیوە.

جادریش وتی: زۆرم پێ خۆشە بچمە سەر گۆڕی ئەو نەمرانە و سەری رێز و نوازشیان بۆ دابنوێنم.

منیش وتم: پێش چەند ساڵێك بە تایبەتی بۆ سەردانی گۆڕی ئەو نەمرانە هاتم.ئۆتۆمبێلێکم گرت داوام لێی کرد بۆ سەر گۆڕی ئەوان بمبات. ئەو شوفێرەی ئێمەی بردە سەر گۆڕی ئەو نەمرانە، کوڕێکی گەنج بوو، دەرچووی دانیشگا بوو، وتی (زۆربەی شیعرەکانی هێمنی

موکریـانی و هەژاری موکریـانیم لەبەر کـردووە)، منـیش وتـم (دیـارە هەســتی شــیعریت هەیە؟)، وتی (دەرچــووی بەشی کــوردیم، زۆر سەرســــامم بە شــــیعرەکانی ئەو دوو کەلە شــــاعیرە نەمــــرەی گەلەکەمان).

جــادریش وتی: ئەو گۆڕســتانەی کە ئەوانی لێ نــێژراون لــێرەوە دوورە؟

وتم: زۆر دوور نیە.

بە چاوتروکانێــك گەیشــتینە ئەوێ، دوای خوێنــدنی ســورەتی فـاتیحە، هەنـدێك وێنەمـان لەگەڵ گـرتن و دوایی لەگەڵ هەمـان شوفێر چووینە سەر گۆڕی قازی محەمەد و سەیفی قازی.

نـانی ئێوارەمـان خـوارد و لە سـاڵەی هـوتێلەکە چـاوەڕێی هـاتنی مـحەمەد کۆسـەمان دەکـرد. کە هـات، کلـیلی ژوورەکەمـان دایەوە بەڕێزەبەری هـوتێلەکەو بە رێ کەوتـین. کە گەیشـتینە جێ، مـحەمەد کۆسـە وتی: چی دەڵێن بتانبەم بۆ هوتێل کوێستان، یان خانوێکتان بۆ بگرم؟

منیش وتم: جیاوازییان چیە؟

وتی: ئەگەر حەزتان لە مێ بازی بێت، خانووتان بۆ دەگرم و ژنی جوانیشتان بۆ دێنم. ئەگەر نەشتانەوێ، دەتانبەم بۆ هوتێل.

جادریش تەماشایەکی منی کرد و لە شەرمان هیچ دەنگی نەکرد. لە چاوەکانیدا زانیم کە حەزی لێیە. رووم لە محەمەد کۆسە کرد و پـێم وت: ئەگەر دڵنیایـت ئەو ژنـانەی بۆمـان دەهێنیـت جـوان و ناسکن، بیرۆکەیەکی خراپ نیە.

ئەویش وتی: بە دەست خۆمانە، چۆنتان بوێ وا دەبێت. ئێوە پارەی خۆتان دەدەن.

جادریش وتی: دکتۆر حەبی زەوقی بۆ نووسیوم، فرسەتێکی باشە، لێرە تاقی دەکەمەوە.

منیش بە پێکەنینەوە وتم: تۆ حەبی زەوقت پێیە بە ئێمە چی؟

وتی: ئەگەر بتانەوێ بەشی ئێوەشی لێ دەدەم.

محەمەد کۆسەش وتی: من لە ئێوە گەنجترم، پێویستم بە حەب نیە.

ئەمەی وت و مۆبایلەکەی لە گیرفانی دەرهێنا و پەیوەندی بە کەسێکەوە کرد و شوقەیەکی لە کوچەی پلیتەن بۆ گرتین و وتی: ئەم شەو لێرە دەمێنینەوە و دەیکەینە شەوی سوور، تا بەیانی چەند ژنتان بوێ بۆتان دەهێنم، ژنی فارس و عەجەم و ژنی خۆماڵیش هەیە.

جادریش وتی: گوێم لێ بووە دەڵێن (ژنی فارس سوور و سپی و باڵابەرز و جوانن) بۆ من ژنێك لەوانە بێنە.

محەمەد کۆسەش وتی: منیش ژنێکی عەجەم بۆ خۆم دێنم.

ئەمەی وت و رووی لە من کرد و وتی: ئەی تۆ کامیانت دەوێ؟

وتم: من ژنم ناوێ بۆ سێکسکردن، ژنێکی خۆماڵیم دەوێ، لەگەڵم دابنیشێت و بە یەکەوە گفوگۆ بکەین.

محەمەد کۆسەش وتی: ئەو ژنانە حەزیان لە گانە، ئەگەر نەیگێیت بۆچیتە؟

وتم: گان هەموو شتێك نیە، دەمەوێ دڵی خۆیم بۆ بکاتەوە و باسی ژیانی خۆیم بۆ بکات، بۆچی ئەم ڕێگایەی هەڵبژاردووە.

جادریش وتی: خۆ تۆ توێژەری کۆمەڵایەتی نیت، تا بەدواداچوون بۆ ژیانی ئەم و ئەو بکەیت؟

منیش وتم: هەموو کەسێك کتێبێکی داخراوە، وەك ڕۆماننووسێك پێویستم بە خوێندنەوەی ئەو کتێبانەیە، تا بیانکەمە کەرەستەی ڕۆمانەکانم.

کە ئەمەم وت، محەمەد کۆسە ڕەنگی تێکچوو، بە شڵەژاوییەوە وتی: بۆ خۆشی ئێوە نەبێت، ژن بۆ کەس ناهێنم، ئەگەر بمخەیتە ناو ڕۆمانەکانت و ناوم بێنیت، ئابڕووم دەچێت، دەبێ سەر هەڵگرم و لێرە بڕۆم.

جادریش ڕووی لە محەمەد کۆسە کرد و پێ وت: مادام ئەو بەشداریمان لەگەڵ ناکات، پێویست ناکات بیانهێنیت.

منیش وتم: مەترسن، ناوتان ناهێنم.

کە ئەمەم وت، محەمەد کۆسە ڕووی لە جادر کرد و وتی: کەواتە، کە گەیشتینە جێ، تەلەفۆنیان بۆ دەکەم و ناونیشانی شوقەکەیان پێ دەدەم و پێیان دەڵێم دوای نوێژی عیشا بێن.

جادریش وتی: تا ئەوکات ئێمەش دووشێك وەردەگرین و خۆمان پاك دەکەینەوە.

بەم شێوەیە، محەمەد کۆسە ئێمەی گەیاندە کوچەی پلیتەن و کلیلی شوقەکەی لە خاوەنەکەی وەرگرت و جانتاکانمان بردە سەرەوە و خۆمان گۆڕی.

پێش ئەوەی محەمەد کۆسە قسە لەگەڵ لەشفرۆشەکان بکات، پـێم وت: لە بـیری نەکەیـت، ژنـێکی خۆمـاڵی بـۆ مـن بێـنە، زۆر بە تەمەن نەبێت، چەند گەنج بێت هێندە باشترە.

ئەویــش وتی: ژنێــك دەناســـم، زۆر ژنی لەبەر دەســـتە، هەر تایبەتمەندیێکت بویێ لای دەست دەکەویێ.

منیش وتم: پێی بڵێ یەکێکم بۆ بنێرێت کە تازە دەستی بەم کارە کردبێت.

مـحەمەد کۆسـەش وتی: ئەو تایبەتمەنـدییەی کە تـۆ دەتەویێ، نرخەکەی لەوانی تر گرانترە.

منیش وتم: خەمی ئەوەت نەبێ، هەرچەندی بیەویێ، پێی دەدەم. گرنگ ئەوەیە ژنێکم بەو تایبەتمەندییە بۆ بنێرێت کە دەمەوێت.

ســەرەتا پەیوەنــدی بە پیاوێــك کــرد، داوای لێکــرد دوو ژن، بە ناونیشـانی شـوقەکەمان، بـۆ خـۆی و جـادر بنێرێـت. پێشیـ وت کە ژنێکیــان فــارس بێــت و ئەوەی تــریش عەجەم بێـت. دوای ئەوە تەلەفۆنی بۆ ژنێك کرد و بە زمانی کوردی قسەی لەگەڵ کرد وتی: ئاغـایەکم لایە، لە باشـووری کوردســتان هـاتووە، ژنـێکی دەویێ لەو کارەیدا نویێ بێت، ماوەیەکی زۆر نەبێت دەستی بە کاری لەشفرۆشی کردبێت.

تەلەفۆنەکەی دانـایەوە و پـێی وتـم: تـۆ دەبێ هەنـدێك چـاوەڕیێ بکەیـت، ئەو ژنەی کە تـۆ دەتەویێ، بەردەسـت نـیە، تـا ئامـادەی دەکات، دەکەوێتە دوای کاتژمێر دەی شەو.

منیش وتم: پەلەم نیە، چاوەڕێی دەکەم.

جادر جانتاکەی کردەوە و پەشتەماڵێك و فانیلە و شۆرتێکی لە ناو دەرهێنا و لەگەڵ لیفکە و قالبێك سابوون، بە پێکەنینەوە وتی: دەچمە گەرماوەکە، بۆ شەوی سوور خۆم ئامادە دەکەم.

محەمەد کۆسەش وتی: بۆچی وا ناکەیت، ئەمڕۆ قەستەرەی کێرت کردووە و بۆڕیەکەت خاوێن کردۆتەوە، ئەو سەلکە پەنیرانەی چەند لەمێژە لە ناو جەستەت کۆبۆتەوە، هەمووی لە قوزی ئەو ژنە فارسەدا بەتاڵ دەکەیت.

ئەویش حەبەکەی کێر هەڵسانی لە ناو پاکەتەکە دەرهێنا و وتی: ئەو دکتۆرەی ئەو حەبەی بۆ نووسیم زۆر مەدحی کرد، ئەی نابێت تێستێکی پێ بکەم؟

ئەویش وتی: حەزدەکەیت تا بەیانی بۆ خۆت بیگێ.

تا جادر لە گەرماوەکە هاتە دەرەوە، منیش لەگەڵ محەمەد کۆسە چوومە خوارەوە، لە نزیك ئەو شوێنەی کە لێی دابەزی بووین، نانەواخانەیەکی لێ بوو، هەندێك کولێرەی گەرم و جامێك ماست و هەندێك ژاژی و پەنیرمان کڕی و گەڕاینەوە.

قۆریەکەم پڕ ئاو کرد و سێ مڵاك تۆچاشم تێ کرد و خستمە سەر ئاگر. کە محەمەد کۆسە ئەمەی بینی، لە شوێنی خۆی هەستا و قۆریەکەی داگرت و ئاوەکەی ناوی بەتاڵ کرد و وتی: ئێوەی عێراقی نازانن چای لێ بنێن، چۆن تۆچا و ئاو بە یەکەوە دەخرێتە سەر ئاگر. ئاخر بۆیە دانەکانتان ڕەش بووە.

منیش وتم: کەواتە خۆت لێی بنێ، بزانین ئێوە چۆنی لێ دەنێن.

ئاوی لە قۆریەکە کرد و لە سەر ئاگری دانا و وتی: کە ئاوەکە کولا، ئینجا تۆچای تێ دەکەین و دەمودەستیش ئاگرەکەی ژێری

دەکوژێنینەوە. یەك دوو خولەك بەجێی دەهێڵین، تا بۆ خۆی دێم دەدات، ئەوکات تێی دەکەین.

بەم شێوەیە، نان و چای ئێوارەمان خوارد و بە دەم میوەخواردنەوە باسی سروشتی رەنگینی شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانی بۆ کردین وتی: ئەگەر یەك حەفتە لێرە بمێننەوە، ئەو شارانەتان هەموو پیێ دەکەم.

منیش وتم: با بۆ جارێکی تر بمێنێ، تەنها دوو شەو لێرە دەمێنینەوە.

لەم قسانەدا بووین، زەنگی مۆبایلەکەی لێیدا، هەڵیگرت و قسەی لەگەڵ کەسێك کرد. کە مۆبایلەکەی داخست، رووی لە جادر کۆمبارس کرد و وتی: دوای کاتژمێرێکی تر ژنە فارس و عەجەمەکە دەگەنە لامان.

جادر کە ئەمەی گوێ لێ بوو، کیسەی دەرمانەکانی لە ناو جانتاکەی دەرهێنا و پاکەتی حەبی زەوقەکەی دەرهێنا و دەنکێك حەبی خوارد و وتی: ئەوە ئەو حەبە بوو کە دکتۆر بۆی نووسیم، بزانم تا چەند سوودی دەبێت.

ئەمەی وت و دنکێکی تریشی- دەرهێنا و پێی دام وتی: تۆش ئەم دنکە بخۆ، نەك حەزت بچێتە ئەو ژنەو بتەوێ بیگێیت.

منیش وتم: بە قسەت دەکەم دەیخۆم، هەرچەند ئیشیشم پێی نابێت.

محەمەد کۆسەش بە پێکەنینەوە وتی: شەرم مەکە، تۆ پارەی خۆت دەدەیت، تۆش وەکو جادر کۆمبارس بۆی تێبخە.

ئەمەی وت و یادگارییەکانی منداڵی خۆی بۆ گێڕاینەوە و باسی ژیانی لادێی ئەو سەردەمەی بۆ کردین، کاتێک شوان بووە و مەڕو ماڵاتی لەوەڕاندووە.

جادریش هیچ دەنگی نەبوو، لە سەر لاگونێك لێی راکشابوو، کێری هەستابوو، وەکو ماری کۆبرا لە ژێر بەتانی سەری قیت کردبۆوە، کەوتبووە ناو دەریای خەیاڵ و بە خەیاڵی ئەو ژنە فارسەی کەبۆی دێت، دەستی پێدا دەهێنا.

کە ئەو دیمەنەم بینی، سەرم خستە ژێر گوێی محەمەد کۆسە و بە دەنگێکی نزم پێم وت: تەماشای جادر بکە، کەوتۆتە دەریای خەیاڵ و دەست بە کێری دادێنێت، لەوە دەترسێت تا ئەو ژنە دێت، کێری بنیشێتەوە و گانی پێ نەکرێت.

محەمەد کۆسەش کە ئەوەی بینی، رووی لە جادر کرد بە پێکەنینەوە پێی وت: مادام بە دەستەکانت کێرت رەق دەکەیت، بۆچی حەبی زەوقت خوارد؟

جادریش بە شەرمەزاریەوە دەستی لە ناو پێجامەکەی دەرهێنا و وتی: ئەو ژنانە مەوعیدیان تەواو نیە، دەترسم تا دێن، حەبەکە کاریگەریی نەمێنێ.

محەمەد کۆسەش وتی: خەمت نەبێ، ئەوان وەهات بۆ دەمژن، ئەگەر کێرت مردووش بێت، بۆت زیندوو دەکەنەوە، وەك مەترەقەی لێ دەکەن.

لەم قسانەدا بووین، لە دەرگا درا، محەمەد کۆسە دەرگاکەی کردەوە، ژنێکی باڵا بەرزی سوور و سپی چاو سەوز، پارچە قوماشێکی رەنگاو رەنگی بە سەری خۆی دادابوو، مانتۆیەکی رەشی لە سەر جلەکانی لە بەر کردبوو. کە هاتە ژوورەوە، سڵاوی کرد و پارچە

قوماشـەکەی لە سـەر پـرچی فرێـدا و مـانتۆیەکەشی لە بەر کـردەوە. پرچە زەردە زێڕینەکەی و مەمکە قیتەکانی بە دیار کەوتن، تەمەنی لە نێوان سی بۆ سی و پێنج ساڵ دەبوو، پۆزی بە جوانی خۆی لێ دەدا، بە لار و لەنجە لێمان نزیك کەوتەوە و لە سەر کورسییێك دانیشت و وتی: هەنـدێك پەلە بـکەن، تـا خۆپیشـاندان دەسـتی پـێ نەکـردووە، ئەم ناوە پڕە لە پاسدار و پیاوانی رژێم.

جادر کۆمبارسیش وتی: ئەم ئیشە بەو پەلە پەلەییە ناکرێت.

ئەویـش وتی: مـادام تـۆ هەنـدە پەلەتە، ئێسـتا تـۆ لەگەڵـم وەرە، کاری خۆت تەواو بکە، با ئەوانی تر دوای تۆ بێن.

محەمەد کۆسەش بە جادری وت: هەستە لەگەڵی بڕۆ تا کێرت نەنیشتۆتەوە.

جـادر قەسـتەرەش رووی لە ژنەکە کـرد و وتی: نـاوت چـیە و تەمەنت چەندە؟

ئەویش وتی: ناوم شیرینە، تەمەنم سی و دوو ساڵە.

محەمەد کۆسەش بە پێکەنینەوە وتی: چ کارت بە نا و و تەمەنی ئەو هەیە، تۆ دەیگێیت، خۆ دەفتەری نفوسی بۆ دەرناهێنێت.

جادریش دەستی شیرینی گرت و بردیە ژووری خەوتن.

دوای هەنـدێك بـووە دەنـگە دەنـگ لە ژوورەوە، هەردووکیان بە دەنـگی بەرز قسـەیان لەگەڵ یەکـتری دەکـرد، نەمـزانی چی دەڵـێن. محەمەد کۆسەش لە شوێنی خۆی هەستا و چووە پشت دەرگاکە و هەستی خۆی راگرت، وتی: بزانم چی دەڵێن.

لە پڕ لە قاقای پێکەنینی دا و وتی: ئەوەندەش دەستی بە کێریدا هێنا، کەچی گانی پێ ناکرێت.

منیش وتم: چۆن زانیت؟

وتی: گوێم لێ بوو شیرین پێی دەوت (کێر مردوو زووکە بیخە ناوی، تا شتێك رووی نەداوە، گانی خۆت بکە).

منیش وتم: ئەی جادر چی دەوت؟

محەمەد کۆسەش وتی: ئەویش دەیوت (ئەگەر دوا نەکەوتبایت، کێرم نەدەنیشتەوە).

ئەمەو لەو کاتەدا دەرگای ژووری خەوتن کرایەوە و هەردووکیان بە رووتی هاتنە دەرەوە. جادر کۆمبارس وەکو مزراح بە دەوری خۆیدا دەسوڕایەوە، دەتوت شتێکی لێ ون بووە بە دوایدا دەگەڕێت. شیرینیش رووی لە ئێمە کرد و وتی: یەکێکتان لەگەڵم بێتە ژوورەوە، پەلەمە.

محەمەد کۆسەش دەستی گرت و لەگەڵی چووە ژوورەوە. هەندەی پێ نەچوو، هەردووکیان هاتنە دەرەوە.

منیش وتم: جوو فسی نەکرد، چ زوو ئەو گانەت کرد؟!

وتی: خۆ من جادر نیم، بە حەبیش کێرم هەڵنەستێ!

جادریش وتی: کۆسەی گەواد توانجم لێ مەدە، من وەکو تۆ ساغ نیم، کۆمەڵێك نەخۆشیم هەیە.

منیش وتم: ئەو دەنگە دەنگەتان چی بوو لە ژوورەوە؟

ئەویش وتی: دەنگە دەنگی چی؟

محەمەد کۆسەش وتی: شیرین پێی دەوتی (کێر مردوو زووکە) تۆش دەتوت (چیبکەم کێرم نیشتۆتەوە و هەڵناستێ).

منیش بە پێکەنینەوە وتم: کەواتە گانت پێ نەکراوە، پارەکەت بە فیرۆ رۆیشت؟

جادر کۆمبارسیش وتی: شیرین کە زانی کێرم هەڵناستێ، سپرایەکی لە ناو جانتاکەی دەرهێنا، کێرمی پێ تەعقیم کرد و بۆی مژیم تا ئاوی لێ نەهێنا لە دەمی دەرنەهێنا.

محەمەد کۆسەش وتی: ئەی بۆچی بە قوونی رووت دەسورێیتەوە و شتێك لەبەر ناکەیت؟

ئەویش وتی: دەرپێی ژێرەوەم لە تەنیشت خۆم دانابوو، کە ئاوم لێهات، هەمووی رژایە سەر سینگ و مەمکەکانی شیرین، ئەویش دەستی دایە و خۆی پێ خاوێن کردەوە.

شیرین رووی لە من کرد وتی: واز لە قسەکردن بێنە، تا شتێك رووی نەداوە، لەگەڵم وەرە با تەواوی کەین.

منیش وتم: من گان ناکەم.

ئەویش وتی: ترسی کێر هەستانت نەبێ، وەکو ئەو کێر مردووەی تر بۆ تۆش دەمژم، تا ئاوی لێ نەهێنم، وازت لێ ناهێنم.

منیش وتم: وەکو پێم وتی من گان ناکەم و ناشمەوێ ئاوم بۆ لێ بێنیت. پارەی خۆت لەوان وەربگرە و برۆ مادام هێندە پەلەتە.

ئەوەبوو یەکی چوار سەد هەزار تومەنی لێ وەرگرتن و رۆیشت.

هێندەی پێ نەچوو، لە دەرگا درا، ژنە عەجەمەکە هات. ژنێکی رەنگ ئەسمەری بەژن کورتی پرچ رەشی چاو هەنگوینی بوو. لە شیرین گەنجتر بوو، رووخۆش و دەم بە پێکەنین بوو. سڵاوی لێ کردین و مانتۆکەی بەری فڕێدا و لە بەرامبەرمان دانیشت و وتی: ئاغا لە کەیەوە هاتوون؟

منیش وتم: ئەمڕۆ هاتووین، تەنها ئەم شەو لێرە دەمێنینەوە.

وتی: بۆچی زیاتر لێرە نامێننەوە؟

وتم: ئەم برادەرەم بۆ بۆ سەردانی دکتۆر هاتووە، منیش ماندوومە، حەفتەیەك لە ئەرمینیا بووم، ناتوانم زیاتر دوا بکەوم.

وتی: وەکو بیستوومە ژنانی ئەرمینیا ئازادن، حکوومەت لێپرسینەوەیان لەگەڵ ناکات.

منیش وتم وایە، کێ پێی وتی؟

وتی: هەندێك هاوڕێی ژنم هەن، بۆ ئیشکردن چوونەتە ئەوێ، دەڵێن لەوێ ئازادیە و پارەکەشی زۆرە.

منیش وتم: وایە، لەوێ نرخی خەوتن لەگەڵ ژن لە نێوان بیست و پێنج بۆ پەنجا دۆلاری ئەمریکییە.

کەوام وت، وتی: ئێمە تەنها چوار سەد هەزار تومەن وەردەگرین، کەچی دەڵێن زۆرە.

ئەمەی وت و رووی لە محەمەد کۆسە کرد و وتی: کامەتان لەگەڵم دێن؟

محەمەد کۆسەش رووی لە جادر کۆمبارس کرد و پێی وت: تۆ دەچیت، یان من بچم؟

ئەویش وتی: تۆ بڕۆ، منیش خۆم خاوێن دەکەمەوە و دوای تۆ دەچم.

بەم شێوەیە، هەردووکیان سێکسیان لەگەڵ کرد و پارەیان پێدا و بەڕێیان کرد.

کاتژمێر یانزەی شەو لایدابوو، بە محەمەد کۆسەم وت: تەلەفۆنێك بۆ ئەو ژنە بکە، بزانە بۆچی نەهات، ئەگەر زیاتر دوا بکەوێت با نەیەت.

ئەویش تەلەفۆنی لەگەڵ کرد و وتی: دەڵێ دوای نیو کاتژمێری تر دەگەمە لاتان.

زۆرم خەو دەهات، خۆم بە مۆبایلەکەم خەریك کرد، تا بووە دوانزەی شەو. بە محەمەد کۆسەم وت: پێی بڵێ با نەیەت، بە خۆڕاییش پێویستم پێی نیە.

ئەویش تەلەفۆنی بۆ کرد، بەڵام وەڵامی نەدایەوە. چەند جارێك پەیوەندی پێ کردەوە، بەڵام بێ سوود بوو.

جێگەمان راخست، خەریك بخەوین، لە دەرگا درا. محەمەد کۆسە دەرگای کردەوە، ژنێکی قەڵەوی کورتە باڵای رەنگ ئەسمەر هاتە ژوورەوە، وتی: داوای لێبوردنتان لێ دەکەم، بۆ دواکەوتنم.

منیش وتم: پێویست بە داوای لێبوردن ناکات، پێویستم پێت نیە، لە کوێ هاتوویت بگەڕێوە ئەوێ.

ئەویش وتی: ئاغا ئەگەر دەیبینی چ کچێکی جوان و ناسکم بۆت هێناوە، وا ناڵێیت.

ئەمەی وت و بانگی کچەکەی کرد وتی: ئایدە وەرە ژوورەوە.

کە سەرم هەڵبڕی و تەماشام کرد، کچێکی گەنجی سپی و تەنکی ناو قەد باریك، جلی مۆدەی لە بەردا بوو، پارچە شاڵێکی بەسەر شان شۆڕ ببۆوە، کە فڕەیدا، سینگ و مەمکی بە رووتی بەدیار کەوت. نێوان مەمکەکانی و سەر شانەکانی تاتۆ کردبوو. لە شەرمان ئارەقەی کردبۆوە، هاتە ژوورەوە و لە تەنیشت ژنەکە دانیشت.

منیش وتم: وتم وامزانی تۆ هەویت، بۆیە تورە بووم، بەڵام کە چاوم بەو کچە شۆخ و شەنگە کەوت، قسەم نەما.

ئەویش وتی: زوو زانیم کە بە هەڵە لێم تێگەیشتوی، شوفێرەکەتان پێی وتم کا کامیان لە هەموویان گەنجتر و نوێ ترە لە کارەکە بۆت بێنم. بۆیە ئایدەم بۆت هێنا. ماوەیەکی کەمە دەستی بەم کارە کردووە. بێ لە ئەو، ژنێکی زۆرم لایە، هەرکاتێك ویستتان تەلەفۆنم بۆ بکەن، بۆتان دێنم. ئەمەی وت و ژمارەی تەلەفۆنەکەی پێ داین.

منیش بە ئایدەم وت: تۆ بڕۆ ژووری خەوتن، منیش دوای تۆ دێم.

کە چووم ئایدە جلەکانی لە بەر خۆی داکەندبوو، بە تەواوی خۆی رووت کردبۆوە، لە سەر تەختەی خەوتن لە سەر پشت لێی راکشا بوو، مەمکەکانی زۆر بچووك بوون، بە قەدەر فنجانێکی قاوە بوون، نەگەچرابوون، بە قیتی لە سەر سینەی راوەستابوون. گۆی مەمکەکانیشی وەکو مەمۆکەی منداڵی ساوا، گەورە و سەرنج راکێش بوون. لە سەر شانەکانی و نێوان مەمکەکانی و سەر رانەکانی تاتۆی

کردبوو. هەروەها پیتی ناوی خۆی لە سەر پەنجەکانی تاتۆ کردبوو. لە شەرمان چاوەکانی بڕیبوونە بنمێچی ژوورەکە و سەیری منی نەدەکرد. تۆپێک بنێشتی کوردی خستبوە ناو دەمی، بە بێ دەنگی دەیجوی.

دەستم خستە سەر سینەی، هەندێك مەمکەکانیم بە نەرمی گوشی و پێم وت: ماشەڵا لەو جوانییە، کە خودا پێی داویت. بە حەڵاڵی مێردت بکردبا و خێزانێکت پێکهێنتبا، لەو کارە قێزەونە باشتر نەبوو؟

وتی: چوار ساڵ پێش ئێستا لە تەمەنی پانزە ساڵی باوکم بێ رەزامەندی خۆم، منی لە پیاوێك مارە کرد. پیاوەکە حەڤدە ساڵ لە خۆم گەورە تر بوو، دوو ساڵ لەگەڵی ژیام، دوایی لێی جیا بوومەوە.

منیش وتم: بۆچی تەڵاقی دایت؟

وتی: ئەو تەڵاقی نەدام، لە دادگا داوای جیا بوونەوەم کرد.

وتم: بۆچی؟

بە دەم بنێشت جوینەوە وتی: لەگەڵ یەك نەگونجاین.

منیش وتم: کە لای ئەو بوییت، گانت دەدا خەڵك؟

وتی: نەخێر.

وتم: پیاوەکەت تێر گانی دەکردی؟

وتی: بەڵێ.

وتم: کەواتە بۆچی لێی جیا بوویتەوە؟

وتی: پێم وتی لەگەڵ یەکتر نەگونجاین.

وتم: بۆچی نەگونجان، لێی دەدایت؟

وتی: نەخێر.

وتم: دڵی لێت پیس بوو؟

وتی: نەگونجاین و تەواو.

له قسەکانی پێدەچوو نهێنییەکی زۆر گەورەی لە ناخیدا حەشار دابێت. زۆر هەوڵمدا پێی بدرکێنم، بەڵام نەیدرکاند. لە دڵی خۆمدا وتم (لەوانەیە پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ هەبوو بێت بۆیە دڵی نەکەوتۆتە سەر مێردەکەی و لێی جیا بۆتەوە).

پێم وت: پێش ئەوەی باوکت بە مێردت بدات، حەزت لە کەس نەکردبوو؟

کە وام پێ وت، تەماشایەکی منی کرد و هیچ دەنگی نەکرد.

منیش وتم: دە وابڵێ کەسێك لە ژیانتدا هەبووە، بۆیە لە پیاوەکەت جیا بوویتەوە.

زۆرم حەز لێ بوو چیرۆکی خۆشەویستی ئەوان بزانم، بۆیە لێم بووە مەراق و وازم لێی نەهێنا. دووبارە لێم پرسییەوە کەسێکی ترت خۆشویست وایە؟

هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا و وتی: وایە هەم بوو.

وتم: لەکەیەوە خۆشت ویستووە؟

وتی: لە تەمەنی حەوتساڵیدا، کاتێك لە قوتابخانەی سەرەتایی بە یەکەوە دەمانخوێند خۆشم ویست.

وتم: ئێستاش یەکتریتان خۆشدەوێ؟

وتی: نازانم ئەو منی خۆشدەوێ یان نا، من تاك لایەنە ئەوم خۆشویستووە.

وتم: مەبەستت چییە لە خۆشویستنی تاك لایەنە؟

وتی: ئەو نەیدەزانی کە خۆشم دەوێ.

وتم: لەو کاتەوە تاکو ئێستا پێت نەوتووە کە خۆشت دەوێ؟

وتی: نەخێر.

وتم: بۆچی؟

وتی: نازانم.

وتم: مادام ئەو بە خۆشەویستی تۆی نەزانیوە، بۆچی لە پیاوەکەت جیا بوویتەوە؟

وتی: پێم نەوتی نەگونجاین.

هێندەی تر مەراقم کرد و دواندم تا گرێ کوێرەی دڵی خۆیم بۆ بکاتەوە، پێم وت: پیاوەکەت کەسێکی رەزیل و قرچۆك بوو؟

وتی: نەخێر.

ویستم بە شێوەیەکی تر هەست و سۆزی بجووڵێنم و هۆکاری جیابوونەوەکەی پێ بدرکێنم. هەندێك دەستم بە پرچە زەرد و

ئاوریشـمییەکەی داهێنـا و نیـوچەوانیم مـاچ کـرد و وتـم: ئەو پیـاوە شتێکی خراپی لێ کردبوویت؟

دەتوت قسەکردن بە پارەیە، تەنها ورتەیەکی لێوە هات.

دەسـتم خسـتە سـەر سـینەی و هەنـدێك مەمـکە لیمۆییەکانیم گوشی و پێم وت: مەترسێ من کەسێکی خراپ نیم، سیخوڕیش نیم، پیاوی ئیتڵاعات و پاسداریش نیم، ڕۆماننووسم و دەمەوێ ژیانی تۆ و ئەوانی دی بنووسمەوە.

بە زەردەخەنەیەکەوە وتی: ئم!

هەر ئەو ئـمە بـوو، هـیچی تـری نەوت. لە دڵی خۆمـدا وتـم (ئەو بەسـتەزمانە نهێنیەکی گەورەی لە دڵیـدا حەشـار داوە، دیـارە نـاوێرێ بیدرکێنێت، بۆیە نایڵێت).

هەندێك دەستم بە روومەتە سپی و تەنکەکانیدا هێنا و وتم: تۆ کچـێکی زۆر جـوان و نـاوازەی، ئەگەر خـۆت نەتوتبـا، نەمـدەزانی مـێردت کـردووە. خـۆزگە ئەم کـارەت نەدەکـرد و مـێردێکی تـرت دەکردەوە.

کە ئەوەم پێی وت، هیچ دەنگی نەکرد. وتم: ئێستاش ئەو کوڕە دەبینیت کە لە منداڵیەوە خۆشت دەویست؟

وتی: ناوە ناوە دەیبینم.

وتم: کە دەیبینی قسەی لەگەڵ دەکەیت؟

وتی: بەڵێ.

وتم: دواجار کە بینیت؟

وتی: شەش مانگ پێش ئێستا.

وتم: دەزانێت کە لە هاوسەرەکەت جیا بوویتەوە؟

وتی: نازانم.

وتم: بۆچی پێت نەوت کە خۆشت دەوێ؟

وتی: نازانم.

وتم: ئێستاش حەز دەکەیت هاوسەرگیری لەگەڵ بکەیت.

کە وام پێی وت، هیچ دەنگی نەکرد.

وتم: لە کەیەوە بە پارە گان دەدەیت؟

وتی: نزیکەی سێ حەفتەیە ئەم کارە دەکەم.

وتم: نازانیت کارێکی خراپە، بۆچی دەیکەیت؟

وتی: لە ناچاری دەیکەم.

وتم: بۆچی؟

وتی: دایك و باوکم بە رووداوی هاتووچۆ گیانیان لە دەست دا، من و برایەکی بچووکم مابووینەوە. ماوەیەك بە یەکەوە لەگەڵ باپیرم دەژیاین. کەسێکی بە تەمەن بوو، گورچیلەکانی تەمبەڵ بوون، چارەسەری نەکرد، تا وای لێهات خوێن و میزی تێکەڵی یەك بوون. ماوەیك لە بیمارستانی ئازربایجانی رۆژئاوا حەفتەی سێ جار بۆیان دەشوشتەوە، دوای ماوەیەك گورچیلەکانی بە تەواوەتی لە کار کەوتن و گیانی لە دەست دا.

منیش وتم: ئەی داپیرت لە ژیان ماوە؟

وتی: داپـیرم لە ژیانـدایە، بـرا بچـووکەکەمی لەلایە، منـیش دوای مردنی باپیرم لێیان جیا بوومەوە و شـوقەیەکم لە شـاری مەهاباد بە ملیۆنێك تومەن گرت و ئێستا بە تەنیا دەژیم.

وتم: پێت نەوتم بۆچی دەستت بەم کارە کرد؟

وتی: کـــرێی شـــوقەکەم زۆر بـــوو، پـــێم نەدەدرا، رۆژێـــك لای هاورێیەکی سەردەمی منداڵیم باسم کرد، نەم دەزانی کاری وا دەکات، پـێی وتـم (بـۆچی ئەو کـارە ناکەیـت و خـۆت لەم بێ پـارەییە رزگـار ناکەیـت). ئەوەبـوو مـنی بەو ژنەی ئێسـتا ناسـاند، ئەوە نـزیکەی مانگێکە ئەم کارە دەکەم.

منـیش وتـم: بێ لە مـن ئەمـرۆ لەگەڵ چەنـد پیـاو سـەرجێییت کردووە؟

وتی: پێش ئەوەی بێمە لای تۆ، لەگەڵ سێ پیاوی تر بوومە.

منیش وتم: کەوابێت پارەیەکی زۆرت دەستکەوتووە، بە رۆژێك دوو ملیۆن و چوارسەد تومەنت دەستکەوتووە؟

وتی: هەموو پارەکە بۆ من نییە، نیوەی ئەو پارەیە بۆ ئەو ژنەیە کە کاری لەگەڵ دەکەم.

منــیش وتــم: ئەگەر ئەو کــورەی کە خۆشــت دەوێ داوات لێ بکات گانی دەدەیتێ؟

وتی: نەخێر.

وتم: بۆچی؟

وتی: نازانم.

وتم: ئەوە نییە تۆ بۆ پارە گان دەدەیت، بۆچی گانیش نادەیت بەو؟

وتی: نازانم.

وتم: بۆچی لێمی دەشاریتەوە، شتێك بڵێ.

وتی: چی بڵێم.

وتم: ناکات تۆڵەی ئەوەی لێ بکەیتەوە کە نەهاتۆتە خوازبێنیت؟

وتی: ئەی پێم نەوتی تاك لایەنە خۆشم ویست، ئەو بێ ئاگا بوو لەوەی کە من خۆشم دەوێ.

ئەمەی وت و سەیرێکی کاتژمێرەکەی دەستی کرد و وتی: کاتەکە درەنگە و تۆش هێشتان جلەکانت دانەکەندووە، واز لەو پرسیارانە بێنە، ژیانی من هەمووی خەم و خەفەتە، تۆ هیچت بۆ من پێ ناکرێت، گانی خۆت بکە با بڕۆم.

کە وای وت، نیوچەوانیم ماچ کرد و پێم وت: من گان ناکەم، جلەکانت لەبەرکە.

ئەویش وتی: بۆچی ئەقڵت جوانی من ناگرێت؟

وتم: تۆ ژنێکی زۆر جوانیت، نامەوێ دەسکاریت بکەم، تەنها ویستم لە ژیانت بگەم.

کە وام پێ وت، جلەکانی لەبەر کرد و وتی: دەکرێ وێنەیەکت بۆ یادگاری لەگەڵ بگرم؟

وتم: ئاساییە.

ئەوەبوو بە مۆبایلەکەی خۆی وێنەیەکی سێلفی خۆم و خۆی گرت و بەیەکەوە هاتینە دەرەوە.

ئەو ژنەی کە لەگەڵی بوو، پێی وتم: ئەو هەموو کاتە چیتان دەکرد لە ژوورەوە، ئەم کچە جوانەم بۆ هێناوی، دەڵێی لوقمە، ناکات گانیشت پێ نەکرابێت؟

بەر لەوەی وەڵامی بدەمەوە، ئایدە لەجیاتی من وەڵامی دایەوە و وتی: بە رووتی لە بەر دەستی بووم، خۆی نیازی گانکردنی نەبوو، هەندێك پرسیاری لێ کردم، منیش وەڵامم دایەوە.

کە ئەمەی وت، ژنەکە شڵەژا، وتی: لەوەتی ئەم کارە دەکەم نەمدیوە ژن بۆ کەسێك بێنم، لەجیاتی ئەوەی بیگێتن لێکۆڵینەوەی لەگەڵ بکات.

منیش وتم: هەقی دەکاتە چەند؟

وتی: شەش سەد تومەن.

کە پارەکەم دایە، نیوەی بۆ خۆی گێڕایەوە و نیوەکەی تریشی- دایە ئەو.

پێم وت: پێشتر گوێم لێ ببوو، دەیانوت لە ئێران هاوسەرگیری کاتی و زۆر شوێنی رابواردنی لێیە، بەڵام هەرگیز لەو باوەڕەدا نەبووم، ئەم دیاردەیە شارەکانی رۆژهەڵاتیشی گرتبێتەوە.

وتی: پێت وایە لای ئێوە شتی وا نییە؟

وتم: بڕوا ناکەم.

وتی: دەیان بەرپرس و کەسی دەوڵەمەندی لای ئێوە دەناسم، بۆ فڕەدانی کۆرپەی ئەو ژنانەی کە سکیان پڕ کردوون، یان بۆ تەسک کردنەوەی قوزی هاوڕێ ژنەکانیان و بۆ نەشتەرگەری گونیان تا منداڵیان نەبێت، دێنە لام و دەیانبەمە لای پزیشک. رووداوێکت بۆ دەگێڕمەوەن لەوانەیە بڕوا نەکەیت و بڵێی خۆت دروستت کردووە.

وتم: با گوێم لێ بێت ئەو کات قسەم دەبێ.

وتی: ژنێك لە شاری هەولێر دەناسم، وەزیفەیەکی گەورەشی لە حکوومەت هەیە، ناوە ناوە خۆی و دۆستەکەی دێنە ئێرە، خانوویان بۆ دەگرم، چەند شەوێك بەیەکەوە دەمێننەوە. ئە ژنە هاوسەرگیری کردووە و پیاوی خۆی هەیە. جارێك لەگەڵ پیاوەکەی هاتبوون. بە نهێنی بە پیاوەکەیم وت (ژنەکەت دۆستی هەیە، خیانەتت لێ دەکات) پیاوەکەی بێ ئەوەیخۆی تێکبدات، بە ئاسایی وتی (مەبەستت حەمەیە؟) منیش وتم (بەڵێ مەبەستم حەمە دۆمە، دیارە تۆش دەیناسیت؟) وتی (ئەوان هاوڕێی یەکن، ژنەکەم دڵی پێی خۆشە، خۆم رێگام پێ داوە).

منیش وتم: قسەیەك بکە بچێتە ئەقڵەوە.

ڕووم لە جادر کۆمبارس و محەمەد کۆسە کرد و وتم: بۆ من مەڵێن، بۆ خوا بڵێن، شتی وا دەبێت؟

محەمەد کۆسەش رووی لە ژنەکە کرد و پێی وت: نەمدیوە کەسێك ژنی خۆی بەگان بدات و بەلاشیەوە ئاسایی بێت.

ژنەکەش وتی: دەمـزانی بـڕوام پـێ نـاکەن، ئێسـتا تەلەفـۆنی بـۆ دەکەم و لە بەرچاوی ئێوە قسـەی لەگەڵ دەکەم و پێی دەڵێم باسی حەمە دۆمم بۆ بکات.

ئەمەی وت و بە واتسئاب پەیوەندی بە ژنێك کرد و کامێراکەشی کـردەوە. ژنـێکی بـاڵا بەرز و سـپی، مەمکەکـانی دەتـوت گندۆرەی تێر ئاون، هێندە گەورە بوون، مەکسیێکی سووری تەنکی لە بەر دابوو، لە تەنکییان دەرپێ کورتەکەی لە ناوی دیار بوو. لە ئەحـواڵی پـرسی و وتی: خـۆت و پیـاوە گەوادەکەت چـۆنن، بـۆچی ماوەیەکە لەگەڵ حەمە دۆمی دۆستت دیار نین؟.

ئەویش وتی: لە ترسی خۆپیشاندانی جەماوەری نەهاتین، ئەگەر بارو دۆخی ئەو ناوە هەندێك ئارام بێتەوە دێین.

ئەویـش وتی: دوو ئاغـام لەلایە، لە شـاری هەولـێرەوە هـاتوون، نایانناسیت؟

ئەمەی وت و رووی کـامێراکەی لە ئـێمە کـرد و وتی: ئەم دوو ئاغایەن.

ئەویش سڵاوی لێکردین و ناونیشانی شوێنی کارکردنی خۆی پێ وتین و وتی: هەر کارێکتان هەبێت لە خزمەتتان دام.

منیش پێم وت: نامانەوێ ئەزیەتت بدەین.

کە وام پـێی وت، ماکسـییەکەی خـۆی هەڵـدایەوە و بە تونـدی شـاپێکی لە قـوزی خـۆی دا و وتی: ئەزیەتی چی، بەم قـوزە بۆتـان دەکەم.

کەوای وت، رووم لە ژنە گەوادەکە کـرد و پـێم وت: ئـێمە لە گوێی گادا نووستووین، هەرچی بڵێی بڕوات پێ دەکەم.

مەزاری حەسەن زیرەك

نانی بەیانیمان خوارد و لەگەڵ محەمەد کۆسە بۆ سەر گۆڕی حەسەن زیرەك لە شاری بۆکان بەڕێکەوتین. هەرچەند دوو جاری تریش چووبوومە سەر گۆڕی حەسەن زیرەك، بەڵام پێم خۆش بوو جارێکی تریش سەردانی بکەم.

پێش نیوەڕۆ گەیشتینە سەر گۆڕەکەی، وەخت بوو نەیناسمەوە، گۆڕانکارییەکی زۆری بە سەر هاتبوو. جاری پێشوو کە هاتم کێوی ناڵەشکێن لە دەرەوەی شار بوو، چواردەوری چۆڵ بوو، بەڵام ئەم جارەیان کەوتبووە ناو جەرگەی گەڕەك و چواردەوریشی۔ ماڵ بوو. پێشتر تەنها گۆڕی حەسەن زیرەکی لێ بوو، بەڵام ئێستا گۆڕی قالە مەڕەی شمشاڵ ژەن و شاعیرێکی خەڵکی بۆکانیشی۔ لێ بوو. هەندێك دار و درەخت و گوڵی جوانی لێ چاندرابوو، بە چیمەنی سەوز دەورە درابوو، هەروەها هەندێك کورسی دانیشتنیش لە دەوری چیمەنەکە بۆ دانیشتنی گەشتیاران داندرابوو، وەکو پارکێکی خنجیلانەی لێ کرابوو.

جادر کۆمبارس کە چاوی بە گۆڕی حەسەن زیرەك کەوت، مۆبایلەکەی دایە دەست محەمەد کۆسە و پێی وت: وێنەیەکم لەگەڵ گۆڕی حەسەن زیرەك بۆ بگرە، وابکە نووسینی سەر کێلەکەشی بە تەواوەتی دیار بێت.

منیش چوومە سەر گۆڕی قالە مەڕە و وێنەیەکی سێلفیم لەگەڵ گرت، ویستم بگەڕێمەوە لای جادر و محەمەد کۆسە و وێنەیەکیش

لەگەڵ گـۆڕی حەسـەن زیـرەك بگـرم، کە ئـاوڕم دایەوە، عەبـدوڵا شـێخانیم لە ژێـر دارێك بینی، لە سـەر پارچە مەقابایەك خەوی لێ کەوتبوو. بانگی جادرم کرد و پێم وت: سەیری ئەم پیاوە بکە لە ژێر ئەم دارە خەوی لێ کەوتـووە، ئەوە عەبـدوڵا شـێخانییە، یـان مـن چاوم رەشکە و پێشکە دەکات!

تەماشـایەکی کـرد و بە سـەر سـوڕمانەوە وتی: خـۆ بە راسـتی ئەوە عەبدوڵا شێخانییە، ئەوە بۆ لێرە خەوتووە؟!

لـێی نزیـك بـووینەوە و بانگمـان کـرد، (عەبـدوڵا هەسـتەوە)، کە گـوێی لە دەنـگی ئێمە بـوو، لە خەو هەڵسایەوە، کە ئێمەی بینی، لە خۆشیان وەخت بوو باڵ بگرێت و بفڕێت. باوەشی پێدا کردین و لە پـرمەی گریـانی دا، بە چـاوی پـڕ لە فرمێسـکەوە وتی: کـاڵێ بۆکـانی مێردی پێ نەکـردم، براکانی زۆریان لێ دام و بە درەنگی شـەو فڕەیان دامە سەر شەقام.

منیش وتم: ئەدی ماهیر کرمانجت لەگەڵ نەبوو؟

وتی: ئەویش پشتی تێ کردم و بە جێی هێشتم.

جادریش وتی: بە وردی بۆمان باسکە چی روویداوە؟

وتی: خـۆت دەزانی چەنـد سـاڵێکە ئەو کاڵێ بۆکانییە بەنـدبێژەم خـۆش دەوێ، بەڵێـنی پـێ دابـووم کە هاوسـەرگیریم لەگەڵ بکـات. منـیش لەگەڵ مـاهیر کرمـانج هـاتین بـۆ خـوازبێنی. مـاهیر وتی (لە شـاری ورمێ هەنـدێك کـارم هەیە، تـۆ بـڕۆ لای منـیش دوایی دێـم. ئەوەبـوو دوێـنێ هـاتمە بۆکان و چـوومە ماڵیان و داوای دەسـتیم لە براکانی کرد. براکانی وتیان بەو مەرجە خوشکی خۆمانت پێ دەدەین، دەبێ لێرە خانوێکی بۆ بکڕیت و لە سەر ناوی دابنێیت.

عەبدوڵا شێخانی بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە بەردەوام بوو لە گێڕانەوەو وتی: پشت ئەستوور بووم بەو هاوڕێیەم، چونکە کەسێکی خوا پێداو و دەوڵەمەندە، بۆیە لەگەڵیان چوومە نووسینگەیەکی فرۆشتنی خانوو بەرە و خانوێکم بۆ کڕی. وتم بەیانی هاوڕێیەکەم دێتە ئێرە و پارەکەم لەجیاتی دەدات.

جادر کۆمبارسیش وتی: ئەم ماهیر کرمانجە تەقە بە فلسەوە دەنێت، چۆن پارەی خانووێکت لەجیاتی دەدات؟

ئەویش وتی: چاکەم بە سەرییەوە هەیە، بۆیە لێم رادەبینی. بیرتە جارێکیان یەك ملیۆن دینارم لە تۆ وەرگرت کتێبێکم لە سەر خەرجی خۆم بۆی چاپکرد؟

جادریش وتی: باشم لەبیرە، بە هەردووکتان کڵاوتان لە سەری من نا، نەتۆ پارەکەت دامەوە نە ئەویش.

کەوای پێ وت، سەری خۆی شۆڕ کرد و هیچ قسەیەکی نەکرد.

منیش وتم: پێت نەوتین دوایی چی روویدا؟

عەبدوڵا شێخانیش وتی: درەنگی شەو ماهیر کرمانج گەیشتە بۆکان و هاتە لامان، کاڵێ بۆکانی بەندیێژ پێی وت (عەبدوڵا شێخانی خانووێکی بۆ کڕیوم، هێشتان پارەکەی نەداوە، گوایە تۆ پارەکەی لەجیاتی دەدەیت). لەجیاتی قسەکەم پشتڕاست بکاتەوە و پشتگیریم لێ بکات، منی بە درۆ خستەوە و کۆمەڵێك قسەی ناشیرینیشی پێ وتم.

جادر کۆمبارسیش وتی: دەستی خۆشبێت، ئەگەر تۆ بە پارەی من کتێبت بۆی چاپ نەکردبا، ئێستا بێڕێزی پێ نەدەکردیت.

منـیش وتـم: کە پـارەکەی لە جیـاتی نەدایـت، کـاڵێ بۆکـانی هەڵوێستی چی بوو؟

وتی: کە کـاڵێ بۆکـانی ئەوەی گـوێ لێ بـوو، خـۆی و براکـانی چی خراپە پێیان کردم و بەو شەوە درەنگە لە ماڵی خۆیان دەریان کردم.

منیش وتم: کەوابێ لە دوێنێ شەوەوە لێرە خەوتوویت؟

وتی: هیچ شوێنێك نەبوو بۆی بچم و کەسیشم لێرە نەدەناسی، بۆیە ناچار بووم لە سەر مەزاری حەسەن زیرەك بخەوم.

منیش وتم: بۆکان شارێکی گەورەیە، ئەگەر هوتێلیشی لێ نەبێت، شوقەی بەکرێدانی لێیە، بۆچی شوقەیەکت بەکرێ نەگرت؟

وتی: پارەم کەم پێ بوو، بەشی گرتنی هوتێل و شەقەی نەدەکرد.

جادریش وتی: ئەگەر ئێمە نەهاتباینە سەر گۆڕی حەسەن زیرەك تۆ چیت دەکرد؟

وتی: ئێـوە فریـاد رەسـن، خـودا ئێـوەی بـۆ مـن نـاردووە، ئەگەر نەهاتبـان دەبـوو بە زەلـیلی لـێرە بـم و چـاوم لە رەحـمی خـودا بێـت، دەرگایەکم بۆ بکاتەوە.

منـیش وتـم: ئاوێـك بە دەموچـاوت دابـکە و خـۆت کـۆکەوە، لەگەڵ ئـێمە وەرە. ئۆتۆمبێلمـان گرتـووە، دەمانبـاتە شـاری بـانە، شــەوێك لەوێ دەمێنیــنەوە، دوایی دەچیــنە شــاری سەردەشــت و لەوێشەوە بۆ شاری خانێ و لە مەرزی حاجی ئۆمەران دەگەڕێینەوە شاری هەولێر.

کە وام پـێی وت، لە خۆشـیان ئـاو بە دەمی رانەدەوەسـتا، چـووە ئاودەست، خۆی بەتاڵ کرد و ئاوی بە دەموچاوی داکرد و هاتەوە

لامان. جادریش بە پێکەنینەوە پێی وت: ئەوەی پارەی من بە ناهەق بخوات، خودا تۆڵەی منی لێ دەکاتەوە و ئەوها گەڕی دەکات.

ئەویش وتی: ئێمە براین، پارەی تۆ هی کێیەو هی من هی کێیە؟

ئەویش وتی: ئەوە یەکەمجار نیە تۆ پارەی من دەخۆیت، چەندجاری تریش پارەت بە قەرز لێ وەرگرتووەو دوایش نەتداومەتەوە.

منیش وتم: ئێستا کاتی گلەیی و گازاندە نییە، عەبدوڵا بۆ خۆی پەرپوت بووە و وەکو رێوی لەڕی لێ هاتووە، ئەگەر ئێمە بە کەڵکی نەیەین ئەی کێ بە کەڵکی دێت.

جادریش رووی لە عەبدوڵا شێخانی کرد و بە پێکەنینەوە پێی وت: برۆ سواری ئۆتۆمبێل بە، بە خێری خۆمان نانێکت بۆ دەکڕین و لەگەڵ خۆمان دەتبەینەوە هەولێر.

پێش ئەوەی بگەینە ناو شاری بانە، لە چۆمێکدا ریستورانتێکی خۆشی لێ بوو، لاماندایە ئەوێ و دوو ماسی سەر رەژوومان داواکرد. تا ماسیەکان ئامادە بوون، لە ژێر دار گوێزە بڵندەکانی ئەو چۆمە دانیشتین و هەندێك وێنەمان گرت و عەبدوڵڵا شێخانیش حەیرانی بۆ گوتین تا ماسییەکان هات لە گوتن نەوەستا و خەمی دابڕانی لە کاڵێ بۆکانی پێ دەرەواندەوە و ناوە ناوەش محەمەد کۆسەش بە گۆرانییەکانی حەسەن زیرەك و مامڵێ لێی وەردەگرتەوە، تا ماسییەکان هاتن ئاگامان لەو دونیایە نەمابوو تەواو دابڕابووین.

دیار بوو جادر کۆمبارسیش بەرامبەر عەبدوڵا شێخانی زۆری لە دڵدا بوو، پێی وت: ئەوجە ئاقڵ بەو واز لە فرت و فێڵ و ساختەچیاتی بێنە. مادام پارەت نییە، بۆچی داخوازی کچی خەڵك دەکەیت.

منیش وتم: لە وە سەرم سوڕماوە عەبدوڵا شێخانی لە هەولێر و کاڵێ بۆکانی بەندبێژ لە بۆکان، چ شتێك ئێوەی بەیەك گەیاندووە وا بێیتە خوازبێنی؟

عەبدوڵاش وتی: خۆشم دەوێ، ساڵێك پێش ئێستا لە هەولێر دەعوەتم کرد و لە گەڕەکی عەرەبان خانووێکم بۆی گرت، ماوەی ساڵێك کرێکەم بۆی دا، کەچی بۆ پارە منی فرۆشت و میردی پێ نەکردم.

جادریش وتی: دەشتویست من مۆبایلێکی ئایفۆنت بۆ بکڕم تا بە دیاری بۆی بێنیت.

منیش وتم: بە راستیتە؟

وتی: ئەگەر بڕوام پێ ناکەیت، لە خۆی بپرسە.

بە عەبدوڵا شێخانیم وت: ئەوە راستە؟

کە وام پێی وت، سەری خۆی داخست و هیچ دەنگی نەکرد.

بە هەرحاڵ، نانی نیوەڕۆمان لەو ریستورانتە خوارد و بەرەو شاری بانە بەڕێ کەوتین. دوای نوێژی ئێوارە گەیشتینە شاری بانە و لەوێ شوقەیەکمان بە کرێ گرت و شەوێك لەوێ ماینەوە. نانی بەیانیمان لەوێ خوارد و دوایی بەرەو شاری سەردەشت بەڕێ کەوتین. لە سەر رووباری سیروان و بەنداوی سەردەشت هەندێك وێنەمان گرت و دوایی بەرەو شاری خانێ و مەرزی تەمرچین و حاجی ئۆمەران رۆیشتین.

کە گەیشتینە مەرزی تەمرچین، شوفێرەکانی مەرز بە محەمەد کۆسەیان وت: لە کوێ دێیتەوە؟

وتی: ئەم ئاغایـانەم بردبـووە شـاری بـانە، دوێـنێ شـەو لەوێ بووین، ئەمڕۆ بەیانیش چووینە شاری سەردەشت و بەڕێگای ئەوێ گەڕاینەوە.

یەکێـك لە شـوفێرەکان وتی: لە بـانە و سەردەشـت چ بـاس و خواسە؟

وتی: هیچ لە گۆڕێ نەبوو.

ئەویش وتی: دوێنێ شەو حکوومەت پاسدارێکی زۆری بۆ شاری خـانێ هێنـابوو، خۆپیشـاندەرانیان دایە بەر دەسـترێژی گـوللە و یانزە کەسیان شەهید کرد و نزیکەی چوار سەد کەسیشیان بریندار کرد.

کە ئەوەی گـوێ لێ بـوو، ڕەنگی تێکچـوو، پەیوەنـدی بە ژنەکەی کرد و پێی وت: ئێوە سەلامەتن؟

ژنەکەشی وتی: گولەیەك بەر ڕانی کچە بچووکەکەمان کەوتووە، بەڵام خۆش بەختانە، مەترسی لە سـەر ژیانی نییە و براکانت فریای کەوتـن و بردیـانە بیمارسـتانی نەغەدە و فیشـەکەکەیان لە نـاو ڕانی دەرهێنا، ئێستا تەندروستی باشە.

ئیتر هاتینەوە و ئاودیو بووین و عەبدوڵڵا شێخانیشمان ڕزگار کرد و گەیاندمانەوە ئەم دیوی خۆمان.

جـادر کۆمبارس ئۆتـۆمبێلەکەی لە گەراجێك لە حـاجی ئـۆمەران ڕاگرتبوو، کە لە مەرزی حاجی ئۆمەران پەڕینەوە، بە تاکسییێك چوینە گەراجەکەو جانتاکانمـان خسـتە نـاو ئۆتـۆمبێلەکەی و گەڕایـنەوە شاری هەولێر.

لە ڕێگاشــناوە نــاوە پشــوومان دەدا، عەبــدوڵلا شــێخانی ڕێگـا دوورەکەی نێوان حاجی ئۆمەران و هەولێری بە حەیران چڕین و ناوە نــاوەش چــیرۆکی خۆشەویســتی خــۆی دەگەڵ کــاڵێ بۆکــانی بــۆ دەگێڕاینەوە. ئەمەش بووە هەوێنی ڕۆمانێکی تر کە سەربردەی پڕ لە سەمەرە و زەبۆکی ژیانی ئەو پیاوە لە نێوان هەولێر و بەغدا و بۆکان و چۆنیەتی گرتنی و بەربوونی لە زیندانەکانی ئەمن لە سەردەمی ڕژێمی بەعس و سەردەمی دوای ڕاپەڕین و تا ڕۆژگاری ئەمڕۆی شکستی خۆشەویستییەکەی و ڕەتکردنەوەی هێنانی کاڵێ بۆکانی و دەیان چــیرۆکی بە ســەلیقەی تــر دەکەونە نــاو تیمــای ڕۆمــانەکە..... چاوەڕوان بن.

***

چیرۆک نووس و رۆمان نووس (کەمال سەعدی):

- ساڵی ١٩٥٦ لە شاری هەولێر لە دایکبووە.
- بڕوانامەی بەکالۆریۆس، ماستەر و دکتۆرای لە یاسا دا هەیە.
- دەیان کتێبی چاپکراوی لە بواری یاسا، ئەدەب و ڕۆشنبیری دا هەیە.
- دەیان بابەتی ئەدەبی و رۆشنبیری و یاسایی لە رۆژنامە و گۆڤارەکان بڵاو کردۆتەوە.
- ئەندامی [یەکێتی نووسەرانی کورد و سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان]ە.

============================

ئەو کتێبانەی نووسەر چاپی کردوون لە بواری چیرۆك و ئەدەب دا:

- **شەش کورتە چیرۆکی کوردی**/ هاوبەش، هەولێر چاپخانەی شارەوانی، ١٩٧٦.
- **ون بوون**/ کۆمەڵە چیرۆك، هەولێر چاپخانەی وەزراەتی ڕۆشنبیری،١٩٨٤.
- **دەرگا**/ کۆمەڵە چیرۆك، بەغداد چاپخانەی الزمان، ١٩٩٠.
- **سەعید زەبۆکی لای خۆمان**/ رۆمان، هەولێر چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، ١٩٩٧.
- **تڕحێو**/ کۆمەڵە چیرۆك، هەولێر چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠٠٠.
- **فەنتازیا**/کۆمەڵە چیرۆك ، هەولێر بزاڤی ڕۆشنبیرانی نوێخواز، ٢٠١٠.
- **مەملەکەتی رۆبۆتەکان**/ چاپخانەی منارە-هەولێر، ٢٠١٧
- **بیرەوەریی جەنگاوەرێك**/ رۆمان، چاپخانەی تاران، ٢٠١٨.
- **خانمباز**/ رۆمان، چاپخانەی منارە لە شاری هەولێر، ٢٠١٩.
- **حەج و عومرە**/ رۆمان، چاپخانەی تاران، ٢٠١٩.
- **رۆژگارە تاریك و دژوارەکان** - رۆمان، چاپخانەی تاران، ٢٠١٩.
- **تریفەی مانگەشەو**/ کۆبەرهەمی چیرۆك، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای موکریان بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی تاران، ٢٠٢٠.
- **شەوانی باکۆ**/ رۆمان، چاپخانەی تاران، ٢٠٢٠.
- **رۆمانی قرچۆك**/ دەزگای موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی هێڤی، ٢٠٢٣.